حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٣
ساڵی دووەم
فێبریوەری ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، روناکبیرییە بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری:
رێبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
ئاریان ئەبوبەکر
تیراژ:
٥٠٠

دەستەی نوسەران:
مارف ئاسراو
محەمەد عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن:
کارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
تایپیست:
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد



ناونیشان: سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
- بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤
Email,hanarkurd@gmail.com Email,hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| رەهەندی چەمکی ئاڤانتگاردو | هەندرێن | ٥ |
| رێنیسانس و مرۆڤگەرایی لەئەوروپا | کامەران محەمەد | ١١ |
| **دەق** | | |
| سکێچ و هێڵکاری چەند تابلۆیەك | لەتیف هەڵمەت | ٢٣ |
| بارانتر بدوێ هەوریلار | عەلی پێنجوێنی | ٣٢ |
| لەچاوەڕوانی هاتنی ئەودا | تەها سلێمان | ٤٢ |
| دەبینم بەتەنیایت..!! | کاروان ئیبراهیم | ٥٤ |
| پێشکەو شەبەنگی وردبوونەوە | ئەحمەد قادر سەعید | ٥٦ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ فەرهاد شاکەلی | عەلی ئارینی | ٦٣ |
| دیدار لەگەڵ ئیسماعیل حەمە ئەمین | ئارام سدیق | ٨٧ |
| **وەرگێران** | | |
| ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی کۆن | حەمە کەریم عارف | ٩٧ |
| جۆرەکانی ئەدەبیات | زەینەب یوسفی | ١٢٠ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند کەریمۆك | کەریمی مەلا | ١٣١ |
| گەلەری ئارام تابلۆیەك بە فیگەری دەنگەکانی.... | دالیا جەزا | ١٣٧ |
| ئەرسەلان دەروێش، ئەم تەجروبەیە قەرزاری شانۆی کوردییە | رێبواری ئازادی | ١٤١ |

**رەهەندی چەمکی ئاڤانتگاردو ئاستەنگی ئەدەبی کوردی**

هەندرێن

**رێنیسانس و مرۆڤگەرایی لەئەوروپا**

کامەران محەمەد



# لێکۆڵینەوە

# ڕەهەندی چەمکی ئاڤانتگاردو ئاستەنگی ئەدەبی کوردی

هەندرێن

هەڵبەتە هەموو دیاردە نوێگەرییەکانی ڕۆژئاوا، لەئەدەب، هونەر، شیعر، هزرەوە بگرە هەتا دەگاتە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیش خاوەن چەمکگەل یان کۆدگەلێکە، کە بێ فامکردن لەڕەهەندو سەرچاوەکانی ئەو چەمکگەلە ئاسان نییە لەو دیاردە نوێگەرییە تێبگەین. هەر بۆیە یەکێك لەئاستەنگە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی کوردی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی تۆکمەوە لەبوار و ئاستە جوداییەکانی ئەدەبی، ڕەخنەسازیی، هزری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ئەو دەستەواژانەی بەزمانی کوردی پێناسە و شرۆڤە نەکردووە، بەڵکو زمانی کوردی تەنیا لەپاڵ وەرگێڕان و نووسیندا بەشێوەیەکی لاوەکی و سەرپێی ئەو چەمکانەی بەکارهێناوە. هەر بۆیە ڕەنگە لەئاکامی ئەو جۆرە بەکارهێنانە نازانستییەدا، ڕەهەندەکانی خودی نوێگەریی لەزمانی کوردیدا لەهەموو ئاست و بوارەکاندا بەنیوەچڵی و کرچ و کاڵییەوە بەکار بهێنرێت. دواجاریش بەهۆی ئەو جۆرە گواستنەوە نالەبارەوە نوێگەریی نەیتوانیووە وەرچەرخێنەرانێکی بنەڕەتی لەپانتایی ڕۆشنبیریی کوردییدا دروست بکا و ئاسۆی جیهانێکی نوێ بەزمانی کوردی ببەخشێت.

ئاڤانتگارد"Avantgarde"

دەستەواژەیەکە لەناوکۆیی ئەدەبی نوێگەریدا ڕەهەندی خۆی هەیە ، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێبێت لەزمانی کوردیدا ئامادەییەکی ڕۆشنکەرەوە یان خەملیووی نییە. بەکورتی چەمکی "ئاڤانتگار" لەبنەڕەتدا وشەیەکی دووانەیە و دەچێتەوە سەر وشەی "ئاڤانت"ی فەرەنسی، کە واتای بەرانبەر یان پێشتر دەگەیەنێت، "گارد"یش مانای پاسەوان دەگەیەنێ و لەبنەڕەتدا وەك چەمکێکی سەربازی بەو لەشکرە تایبەتییانە

دەوترا کە لەبەرانبەر کەژاوەی لەشکرێکی گەورەتردا کاریان نمایشکردنی مارشی سەربازی بوو، واتا ئەو کۆمەڵە سەربازە بچووکەی کە ڕێگایان بۆ کەژاوەی لەشکرە گەورەکان خۆشدەکرد. بەڵام ئەو چەمکە لەبواری مێژووی هونەرییدا ئاماژەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو شێوە و چالاکییە هونەرییانەی کە لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی و پاشانیش بەناوی دادایزم، فتوریزم و سوریالیزم لەئارادا بوون.

بەمجۆرە "ئاڤانتگار" وەك چەمکێکی مێژووی بەواتای نوێکردنەوە بەکار دەهێنرێت کە پرۆسەی مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوا بەرهەمهێنەری بوو. ئەو چەمکە لەخودی خۆیدا وەك جیهانبینییەك خولیای دابڕانێك بوو لەروانگە باوەکانی ئەدەبدا. لەوەش زیاتر، ئەو چەمکە وەك وەرچەرخانێك لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە بوارەکانی ئەدەب، تەکنیك و زانست بتەنێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوەشێنێتەوە و ئاکارە باوە قەتیسماوەکان سەرە و ژێر بکاتەوە. هەر بۆیە ئەو چەمکە هەڵگری بیرۆکەی ئاییندەیەك بوو کە لەوێدا گەردوونێکی باشتر بۆ ژیان و مرۆڤ و داهێنان دەستەبەر بکات. بەواتایەکی دیکە ئەو دەستەواژەیە خەونی بەجیهانێکی نموونەییەوە دەبینی کە لەوێدا ڕووخسارێکی نوێ بەمرۆڤ و داهێنان ببەخشێت. لەبۆیە چەمکی "ئاڤانتگار" کاکڵەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتەی بەرجەستە دەکاتەوە.

وەلێ وێڕای ئەوەی کە ئەو چەمکە بەندە بەسەدەی بیستەوە، کەچی هەتا ئەمڕۆش لەبواری هونەر و ئەدەبدا خەمەکانی بیرۆکەی "ئاڤانتگار" لەبرەو دایە. بەمجۆرە بیرۆکەی "ئاڤانتگار" هەڵگری رەهەندێکی بێکۆتاییە، خەمی داهێنان هەمیشە رماندنی جیهانبینییە باوەکان و نوێکردنەوەی ڕۆحی ئەفراندنە. کەواتە بەهای ئەو چەمکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە هونەر و هونەرمەند، شیعر و شاعیر، ئەفراندن و ئەفرێنەر تاکوهەمیشە ژیانێکی نوێ بەئەفراندن ببەخشێت، ئەرکی ئەوەیە هەمیشە لەشۆڕشێکی بەردەوامدا بێت. لەبۆیە لەتەواوی سەدەی بیستەم و ئێستاشدا چەمکی "ئاڤانتگار" هەمیشە بەچەندان واتا و شێوە شرۆڤە کراوە. ئاشکرایە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا کە بە"پۆستمۆدێرنیزم" ناودێر دەکرێت، بۆ نموونە لەزمانێکی وەك سوێدیدا، وێڕای نووسین و وەرگێڕانی وتارگەل و کتێب لەمەڕ ئەو چەمکەوە، هەمیشە لەزۆربەی گۆڤارە هونەریی و ئەدەبییەکاندا ئامادەیی هەیە.

لەو ناوکۆییەوە ئێمە کاتێك سەبارەت بەچەمکی "ئاڤانتگار" دەدوێین، ناتوانین ئاماژە بەداهێنەرێکی وەك مارسل دۆشمان نەکەین، کە وەك ئاڤانتگاردێك بەهایەکی تەیبەتی خۆی هەیە. هاوکاتیش، بۆ نموونە، ئاڤانتگاردگەلێکی نوێگەریی دەستبژێری وەك (کلێمێنت گرینباری) ئەمریکیی و سیاسییەکی مارکیستی ئاڤانتگەری وەك (پیێتەر بورگەر)، کە لەپرۆسەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتێتدا رۆڵێکی گرنگیان هەبووە. هاوکاتیش ژان فرانسوا لیۆتار و بۆدلیارد بوون وەك دوو فەیلەسووفی پۆستمۆدێرنیست لەبواری فەلسەفە و هونەردا رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەجۆشدانی گفتوگۆکانی "ئاڤانتگارد".




هەڵبەتە ئەمڕۆش لەبواری گفتوگۆکانی "ئاڤانتگارد"دا، راڤەکردنەکەی والتەر بینیامین بۆ شاعیرێکی وەك بۆدلێر، کە بەدەستپێکی پرۆسەی مۆدێرنیزم دەژمێردرێت، وەك سەرچاوەیەکی بەهادار سەیر دەکرێت. هەروا بیرۆکەکانی بێنیامین بەراڤەکردنی فۆتۆگرافییەکانی بیستەکان و شەستەکانی کولتوری هۆمۆیەکان لەسەدەی بیستەوە بەمیتۆدە هەڵوەشاندنەوەگەراییەکەیەوە زێتر رەهەندی ئاڤانتگاردیانەی بەرجەستە کردەوە.

لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە تەواوی ئەو گفتوگۆ و بەرهەمە گرنگانەی ئەڤانتگاریستەکان تاوتوێ بکەین، بەڵکومەبەستمانە بەو دەروازە خێرایە ئەوەیە سەرنجی خوێنەر و نووسەری کورد بۆ بەهای ئەو چەمکە بنەڕەتەی پرۆسەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتەی رۆژئاوا کێش بکەین. لێرەوە بۆ ئەوەی بتوانین، بەجۆرێك لەجۆرەکان، پەیوەندییەك لەنێوان بزاڤە نوێخوازەکانی ئەدەبی کوردی و چەمکی "ئاڤانتگارد" ساز بکەین، دەکرێت ئاماژە بەو هەوڵگەلە شیعریی، رۆشنبیریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی

سـی و چـلەکانی سـەدەی بیـستەم بـدەین. هـەروەك دەزانـین شـیعری کـوردی لەچـل و پەنجایەکانی سەدەی بیستەمدا بەگشتی لەهەوڵە شـیعرییەکانی پیرەمێرد، شـێخ نـووری، گـۆران و دواجـاریش کامـەران موکرییـەوە نوێکردنەوەیـەکی وەرچـەرخێنەری بەخۆیـەوە بـینی. ئـەو وەرچـەرخانەش لەشـیعری کوردیـدا دەرهاوێـشتەی ئـەو بزاڤـە رۆشـنبیریی و سیاسیانەبوو کە خۆی لەچەند گۆڤار و چاپەمەنی بەرجەستە دەکردەوە. لێـرەدا دەکرێـت ئاماژە بەهەوڵە دڵسۆزانەکانی چـاپەمەنی حـوزنی موکریـانی و پیرەمێـردی نـەمر بکـەین. هاوکاتیش خولیا رۆشنبیریی و سیاسییەکانی دڵداری شاعیر، ئەمین زەکـی بـەگ، رەفیـق حیلمـی، ئەحمـەد بـەگی سـاحێبقران جـەمیل سـائیب و چـەند رۆشـنبیریی کـوردی ئـەو سەردەمە بکەین، کە وەك پاشخانێك بۆ ئەو ئاکامگیرییە شـیعریی و رۆشـنبیرییە، رۆڵێکـی گرنگیان هەبوو لەنوێکردنەوەی رۆشنبیریی کوردیدا.

بەمجۆرە لەحەفتایەکانی سـەدەی بیـستەمدا ئـەو رەوتـە نوێگەرییـە لـەزمانی کوردیـدا لە"روانگە" و ئەو گروپە بچووکانەی تـر رەنگیدایـەوە کـە خولیـای نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی بـوون. هاوکـاتیش ئـەو سـەردەمە لـەبوارێکی بەرتەسـکدا وەك هـەوڵێك بـۆ گواستنەوەی شیعری سوریالی و دادابیانـە لـەناو شـیعری کوردیـدا هاتـە ئـاراوە. هەڵبەتـە چەمکی "ئاڤانتگارد" لـەرۆژئاوادا لـەبواری هونـەردا ئامادەییـەکی بەرچـاوی هەیـە، وەلـێ لەجیهانی کوردیدا، وێڕای ئەوەی کـە هونـەر بەگـشتی و هونـەری شـێوەکاریش بەتایبـەتی سەری هەڵدا، کەچی لەبواری رەخنەی کوردیدا بابـەتی هونـەر گرنگـی پێنـەدرا. بـەمجۆرە جێگەی سـەرنجە، رەخنـەی کـوردی بەگـشتی، وەك هاوتـەرییێك لـەو هەوڵـە نوگەرییانـەی شیعر و هونەری کوردی، نەیتوانی ببێتە دیاردەیەك بۆ بەرجەستە کردنەوە و هاوێر کردنـی ئاستە جوداکانی ئەو خولیا نوێگەرانە لەزمانی کوردیدا.

بێگومان رەنگە شەرمنی پرۆسەی ئەو "ئاڤانتگارد"ییە لەزمانی کوردیدا، بۆ ئەو دوو رووییەی کە شاعیر و هونەرمەند و رۆشنبیریی کوردی هەڵگرینـە بگەڕێتـەوە: شـاعیر و هونەرمەندی کوردی،لە لایەکەوە، هەڵگری بانگەشەی نوێکردنەوەی شیعر و هونەری



کـــوردین یـــان خـــەون بـــەژیانێکی نـــوێ دەبیـــنن، لەلایـــەکی دیکەشـــەوە، بـــەهۆی خـــۆ بەســــتنەوەیان یـــان وابەســـتەیی شـــاعیر و داهێنـــەری کـــوردی بەنەریتـــە بـــاوە قەتیـــسماوەکان، ئـــەوکات و ئێـــستاش، نـــەیانتوانیووە دابڕانێکی وەرچەرخێنەرانە

لـــــەزمان و ئاســـــۆی بیرکردنـەوەی کوردیدا دروسـت بکەن. چـونکە وەك لەسـەرەتادا ئاماژەمان پێکـرد، لەسـەردەمی مـــــــــۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمیشدا، خولیای سەرەکی چەمکی "ئاڤانتگارد"،دابڕاندنی جیهـانبینی ئەفرانـدن و مـرۆڤ بـوو لەنەریتـە باو و قەتیـسماوەکاندا. هـەر بۆیـە بزاڤـی ئاڤانتگاردگـەرایی هـەر لەسـەرەتاکانی سـەدەی بیـستەوە هـەتا شەسـتەکان تـوانی کۆمـەڵێك پرنـسیپ و نـەریتی بـاو لـەبواری ئەفرانـدنی هونـەریی و ئـەدەبی بەتایبـەتی و ڕۆشـنبیریی بەگـشتی هەڵوەشـێنێتەوە و دواجـاریش ڕوانگەیـەکی نـوێ بـەجیهانبینی مرۆڤـی ڕۆژئـاوایی بەخـشی، کـە هەنووکـەش بـەگوڕ و جۆشەوە لەنوێکردنەوەدایە.

هەر چۆنێك بێت ئەو بزاڤە نوێگەراییە لەزمانی کوردیدا بەهـەمان ئاسـت لەهەشـتاکان، نـەوەدەکان و دوای نـەوەدەکانیش لەهـەوڵی نوێکردنـەوەی زمـان و جیهـانبینی مرۆڤـی کوردیـدا بـووە، لـێ ئـەو ڕەوتـە هەمیـشە بەئامادەیـەکی شـەرمن یـان پـەراوێزکراوی هەبووە/هەیە.

کەواتــە دەکرێـت لەروانگــەی چــەمکی "ئاڤانتگــارد"ییــەوە بێــژین، ئــەو هــۆکردە ســەرەکیانەی کــە وایــانکردووە ئــەو بزاڤــە نوێگەرایانــە لــەزمانی کوردیــدا ئــەو دابڕانــە وەرچەرخێنەرە لەژیانی کوردیدا دروست نەکەن ، نـەبوونی بزاڤێکـی خـەملێوو و تۆکمـەی وەرگێڕانی ئـەو سەرچـاوە گـرنگ و سـەرەکیانەی بزاڤـە شـیعریی ، هونـەریی و رەخنەییـە نوێگەرییــەکانی رۆژئاوایـە. بـەمجۆرە زمـانی کـوردی، بـەهۆی وابەسـتە بـوونی بـەزمانی عارەبی و فارسییەوە، لەئاستێکی پچڕاو یان نیوەچڵدا ئەو بزاڤـە نوێگەرایانـەی ناسـیووە. لێـرەوە یـەکێك لەئاسـتەنگە سـەرەکییەکانی بزاڤـی نوێگـەریی کـوردی، سەرچـاوەیە – هـەروەك گوتـاری نەتەوایـەتی کـوردیش دەرگـیری هـەمان گرفتـە–. هـەر بۆیـە گـرفتی رۆشنبیریی کوردی، بەتایبـەتیش لەحەفتاکانـەوە تـاکو ئـەمڕۆش، لاسـاییکردنەوەی رووی دەرەکـی و دەسـتی دووەمـە، نـەك قـووڵایی سەرچـاوەکانی، ئـەو بزاڤـە رۆشـنبیرییانەی دەرەوەی خۆیەتی. ئەم دیاردەیەش بۆتە چەشنە نـەریتێکی رەگئـاژۆی نووسـەری کـورد. لەو روانگەیـەوە، ئەگـەر خوێنـەری وریـا سـەرنج لـەدۆخی رۆشـنبیریی دوای نـەوەدەکان و ئێستای بدات گرفتی ئـەو لاسییکردنەوە و رووکەشـییە بـەدی دەکـات. هاوکـاتیش یـەکێك لەنیـشانەکانی لاوازی ئـەو خولیـا ئـەدەبی و رۆشـنبیرییانە، نـەبوونی رەوتێکـی پوختـەی رەخنەسازییە. کەواتـە ئەوکاتـە بزاڤـی "ئاڤانتگـارد"ی کـوردی دەتوانێـت وەرچـەرخان و دابڕانێکی ریشەیی لەگـەڵ نەریتـە باوەکـان دروسـت بکـات، کـە زمانـە کوردییەکـەی بـوو بەسەرچاوەیەك بۆ ئەو بزاڤە ماریفیی و خولیا نوێگەرییەکانی خـۆی و رۆژئـاوا. هاوکـاتیش بزاڤی رەخنەسازییەکی کارا و زانستی، وەك هاوتـەرییەك لەگەڵ بزاڤـی ئەفراندنـە ئـەدەبی و هونەرییەکانــدا، لەپرۆســەیەکی ئاراســتەکراوی سیــستەماتیکیدا ئــەو وەرچــەرخانە سەرتاسەرییە بەرجەستە بکاتەوە.

زستانی ٢٠٠٧

سوید

# ڕێنیسانس و مرۆڤگەرایی لەئەوروپا

کامەران محەمەد
مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی

فرانسو رابلیە RABELAIS (١٤٩٤-١٥٣٣)ز، بەرنامەیەکی وا نەخوێندنی بۆیەکێك لەکەسەنزیکەکانی خۆی دانا تالەسەری بڕوات: (حەزدەکەم و دەمەوێت کە زمانەکانی فێرببێت و زۆر بەوردی شارەزایی تێدا پەیدابکەیت، بەپلەی یەکەمیش زمانی یۆنانی و پاشان لاتینی، ئەمەش لەپێناو خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکاندا، هەروەها پێویستە کلدانی و عەرەبیش فێر ببیت، لەکاتێکیشدا کە دەنووسیت دەبێت شێوازێکی گونجاو بگریتەبەر، چاولێکەر (مقلد)ێکی ئەفلاتون بە لەیۆنانیداو، چاولێکەرێکی شیشرون بە لەلاتینیدا، ئەمەش لەبابەتەکانی ئەستملۆژیای گشتیدا.

دەربارەی سروشتیش، ئەوا هیچ دەریاو رووبارێك وازلێمەهێنە بەسەرتدا تێبپەڕێت تاناوی هەموو ماسییەکان نەزانیت، هەروەکو چۆن پێویستە کە باڵندەکانی ئاسمان و هەموو جۆرەکانی درەخت و رووەکی دارستانەکان و گژوگیاکانی زەوی و کانزاکانی و ...هتد، بناسیت).

## ڕێنیسانسی ڕۆشنبیری:

لەماوەی نێوان کۆتاییەکانی سەدەی چواردەهەم و ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەمی زایینییدا، ئەوروپا گۆڕانکارییەکی گرنگی بەخۆوەبینی، کە سەر بەهەڵپەکان (الطموحة) پەنایان دەبردە بەر زانین و قوڵبوونەوە لەلێکۆڵینەوەی زمانەکاندا. زاناکان گەیشتنە دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت و زانینی یاساکانی، هەروەکو چۆن گەیشتنە داهێنانی چەندان داهێنراوی گرنگ.

پاشاو فەرمانڕەواکان کە خاوەنی دەسەڵات بوون، داناکان (حکماء)یان لەخۆیان نزیك دەکردەوەو راوێژیان پێدەکردن و ڕۆڵەکانیان دەرنادە لای بڕیارەکان بۆ پەروەردەکردنیان و ئامۆژگاریی ژیرەکانیان لەگوێ دەگرت. فەرمانڕەواکان زۆریان

لـەبوونی کتێبخانـە دەکـردو دەسـتیان بـەکڕینی دەستنووسـە نـاوازەو تـابلۆ هونەرییـە بەناوبانگەکان دەکرد، ئەو پیاوانەی کە چوونە ناوەندەکانی ژیانی فیکرییـەوە لـەو کاتـەدا پاڵـەوانی راسـتەقینەی ئـەورووپا بـوون و بووژاندنەوەیـەکی رۆشـنبیریی راسـتەقینەیان بەرجەستەکرد.

ئەو ماوەیە خاڵی وەرچەرخان و گوزەرکردن (انتقـال) بـوو لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە بۆ سەردەمێکی نوێ کەئەویش سەردەمی رێنیسانس بوو، کە ئیتاڵیا پێش هـەموو وڵاتـانی ئەورووپی پێیدا تێپەڕیکرد، بێگومان دۆزینەوەی دەستنووسە گریکـی و رۆمانییـە کۆنـەکان رەگـەزی سـەرەکی بـوون کـە یارمـەتی دروسـتبوونی ئـەو بزوتنەوەیەیـداو لەهـەموو پاڵنەرەکان زیاتر رۆڵی گێڕا، دەربڕین لاتـینی هیومـانیزم Humanitas کـە ئامـاژەی بـۆ خواستە مرۆڤایەتییەکان دەکردو لەڕێگەی بیرکردنەوەو تێڕاوانینێکی نـوێ بـۆ ژیـان خـۆی دەنواند، هەموو ئەمانەش رێگای لەبەردەم ئەو بووژانەوە ئەورووپییە مەزنەدا خۆشکرد.

## گەڕانەوەی کۆنەکان:

بـا لـەگرنگترین شـتی سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە دەسـتپێبکەین، پەیوەنـدیی (مـرۆڤ)و (خـودا) ئـەو جەمـسەرە سـەرەکییە بـوو کـە رۆشـنبیریی گشتی بەدەوریـدا دەخولایـەوە، کێشەی (رزگاربوون) یاخود (تیاچوون)ی نەفس ئەو بـیرە بـوو کـە بیریـاران هـەموو کـاتی خۆیـان بـۆ تـەرخانکردبوو و بەخـەمی راسـتەقینەی خۆیانیـان دادەنـا، بـەڵام تێکـڕای جۆرەکانی مەعریفە بەشێکی کەمی بیرکردنەوە نەبێت هیچی تری بۆ تەرخان نەکرابوو.

چ سوودێك بەدی دەکرێت لەگەڕان و بـەردەوامی مـرۆڤ بـەدوای دەسـەڵات و ناوبـانگ و دەوڵەمەندی و مەعریفەی جۆراوجۆر لەکاتێکدا مرۆڤ لەدوا وێستگەی ژیانیـدا بەفرمێـسك و تیاچوونێکی ئەبەدی کۆتایی بەژیانی بێت.

پیـاوانی ئـایینی بـەردەوام ئـەم بیروبۆچـوونانەیان لـەناو تێکـڕای باوەڕدارانـدا بڵاودەکردەوە، ئـەو باوەڕدارانـەی کـە زۆر بەتاسـەوە وەریـان دەگـرت و زۆر بەئاگاییـەوە دەیانڕوانییە کارو کردەوەو هەڵوێستەکانیان، لێرەوە لەڕۆڵی دەرکەوتووی پیـاوانی ئـایینی لەکۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا تێدەگەین و پەی بـەو دەسـەڵاتە باڵایـەیان دەبـەین کە بەسەر شارەکاندا هەیانبوو.

## رۆشنبیری

### خاوەن ئاراستەیەکی دیاریکراو:

رۆشنبیری سەدەکانی ناوەڕاست خاوەن ئاراستەیەکی دیاریکراوبوو،پەیوەندیی (مـرۆڤ) بە (خودا)وە، بەڵام تێکرای کایە رۆشنبیرییەکانی تر کـە پـەیوەنـدیی بەهونـەرو فەلـسەفەو ئـەدەب و زانـستەکانەوە هـەبوو هـیچ گرنگییـەکی ئـەوتۆیان پێنـەدرابوو، تـەنها ئەوەنـدە نـەبێت کـە خزمـەتی مەبەسـتە ئایینییـەکان بکـەن، ئەمـەش یارمـەتیی مرۆڤـی دەدا بـۆ نزیکبوونەوە لـەخودا، وەك بـەکارهێنانی مۆسیقا بـۆ کڵێسەکان و سـرودە ئایینییـەکان و وێنەکێـشانی قەشـەکان لەسـەر شوشـەی پەنجـەرەکان، بـەڵام ئـەوانیتر کـە پـشکیان لەچاککردنی ژیانی ئایینداا نـەبوو قەدەغـەکراو بـوون، هـیچ کەسـێك نەیدەوێرا پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی کڵێسە بجووڵێتەوە، ئەو کەسانەش کە دەیانوێرا بەپێچەوانەی ئـەو هێڵـە وێنە بۆ کێشراوەوە هەنگاو بنێت، ئەوا رووبەڕووی جۆرەها ئەشکەنجەو سـزادانی ترسـناك دەبوونـەوە، بەتایبـەت مـەحرومکردن، ئەگـەر مرۆڤێـك مـەحروم بکرایـە ئـەوا نەیدەهێشت بـەهیچ شـێوەیەك مرۆڤەکـە تێکـەڵ بـەژیانی رۆحـی خـەڵکی ببێـت و بەکەسـێکی بێـزارو (منبوذ) دادەنرا لەلایـەن ئـەو خەڵکـەی کـە ئـەم (مرۆڤـە مەحرومکراوەکـە) پـەیوەنـدارێتی (انتماء)ی بۆیان هەبوو.

### گەنجینەی شاراوە:

وەکـو وتمـان ئـەو مەعریفەیـەی کـە لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا گرنگییـەکی جیامەنـد (الممیز)ی هەبوو، ئەو مەعریفەیە بوو کە تایبەت بوو بەخوداوە، ئـەویش بەزانـستی لاهـوت ناسرابوو، بێگومان کڵێسەو پیاوەکانی پێشەنگ بوون لەم بوارەدا.

بەڵام ئەمەش کە پەیوەندیی بەزانستە کۆنەکانی یۆنان و لاتینـەوە هـەبوو تـەنها کـاری دێرەکـان و کتێبخانـەی زانکۆکـان بـوو، هـەروەها ئـەو زانـستانەش کـە پەیوەسـت بـوو بەشارستانییەتە جۆراوجۆرەکانی ترەوەو سنوورەکانی کیـشوەری ئـەوروپایان بەزانـدبوو، بەتایبەتیش شارستانێتی ئیسلام و هەموو ئەوەش کە پەیوەندیی بـەبیری یۆنـانی کۆنـەوە هەبوو لەلایەن دێرو زانکۆکانەوە گرنگیان پێدەدرا.

پـێش سـەردەمی نـوێ بـە (٧٠٠) سـاڵ، راهیبـەکان دەسـتیان کـرد بـەکۆپیکردنی (استنـساخ) هـەموو دەستنووسـە کۆنـەکان، ئـەم راهیبانـە لـەکاتی خوێندنـەوەی ئـەم

دەستنووسانەدا دركیان بەوەكرد كە گەنجینەیەكی گرانبەهایان لەبەردەمدایە، هەر لەداڕشتنی هونەریی ناسك و تیۆری زانستیی گرنگ و چەندەها دۆزی مرۆڤایەتی ورد.

كۆمەككردنی كۆنەكان بۆ لاهوت ناسەكان:

لەو سەردەمەدا ژمارەیەكی زۆری پیاوانی ئاینیی تەرخانكران بۆ خوێندن و فێربوون لەو خوێندگایانەدا كە كڵێسە دایمەزراندبوون و لەهەموو ئەو زانكۆو پەیمانگانەشدا كەلەهەموو ئەورووپادا بڵاوبیبوونەوە، بۆیە بواریان بۆ رەخسا كە بتوانن لەكاری هاوسەردەمەكانیان و ئەوانەی پێش خۆیان شارەزا ببن، هەروەها ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەو نووسراوە كۆنانەدا پەیداكرد كە لەدێرەكاندا پارێزراوبوون، لەئەنجامی خوێندنەوە جۆراوجۆرەكانیاندا بیریان لەوە كردەوە كە پێشینەكان زۆر شتی جوانیان لەپاش خۆیان بەجێهێشتووەو كڵێسە دەتوانێت لەپێناو خزمەتكردنی (ئیمان)دا سوودی لێوەربگرێت و بەكاری بهێنێت، بۆ نموونە فەیلەسوفەكانی یۆنانی كۆن چەندەها سەلماندنی لۆجیكی و قایلبوون (مقنع)ی دەربارەی بوونی دەروون (نفس) خستبووەڕوو. (دەروون)ی نەمر چاوەڕوانی هەلێك دەكات بۆئەوەی بۆلای ئەو خودایە بگەڕێتەوە كە بەدیهێناوە، ئەمە ئەو بیرە بوو كە ئەفلاتون (٣٥٠ پێش زایین مردووە) بانگەشەی بۆ كردبوو، ئەم بیرەش بەشێك بوو لەباوەڕی مەسیحێتی، هەروەها ئەرستۆش بەشێكی كۆششە فیكرییەكانی خۆی بۆ سەلماندنی بوونی خوا تەرخان كردبوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو توێژەرانە گەیشتنە ئەو راستییەی كە خودا بەهرەیەكی مەزنی وای بەو عەقڵیەتە بتپەرستانە (الوثنی) بەخشی بوو كە بتوانن رێنمونی خەڵكی بكەن بۆ (حەقیقەت).

یاخود رێیان پیشان بدەن و یارمەتییان بدەن بۆئەوەی بەشێوەیەكی لۆجیكی و دروست بیربكەنەوە، لەبەرئەوە زانا ئاینییەكان دەیانتوانی ئەو تەعالیمانە بەسەركێشەكانی ئاینی مەسیحی و تەعالیمەكانیدا جێبەجێبكەن.

بەم شێوەیە لاهوتناسەکان پشتیان بەو بەڵگەو سەلماندن و راڤانە دەبەست کە پێشینەکان (القدماء) بەجێیان هێشتبوو، بۆنموونە بیریاری بەناوبانگ (توما ئەکوینی ١٢٢٧–١٢٧٤ز) کە گەورەترین پایەی هەبوو لەناو لاهوتناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەزانکۆی سۆربۆن دەیخوێندو لەپێناو دانانی کتێبە ناسراوەکەی (پوختەی لاهوتێتی) پشتی بەو بەڵگانە بەستبوو کە ئەرستۆی (بت پەرست)و لێکدەرەوەکەی ئیبن روشد خستبوویانەڕوو، لەپاشانداو لەسەدەی پانزەهەمدا، بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتون لەنێو خوێندکارانی زانیندا باوی سەند.

## تەقینەوەی بەنداوەکە:

بیری پێشینەکان وەك ئاوی ناو پووش لەهەموو ناوچەکانی ئەوروپادا بڵاوبوویەوە، ئەو (بیر)انە خزایە ناو هەموو کایە جواروجۆرەکانی مەعریفەوە، ئەمەش سەرجەم تەعالیمەکانی یۆنان و رۆمان و لاهوت و فەلسەفەو زانستەکان و هونەرو ئەدەبی گرتەوەو، ناوی مرۆڤگەرایی لێنرا، ئەوە ئەو دەربڕینەبوو کە ئەدیبی لاتینی (ئۆلوجیلی) لەسەدەی یەکەمی پێش زاییندا بەکاری هێنابوو، ئەم رووکردنە (کۆن)ە لەوکاتەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند کە چەندەها دەستەی زاناو پیاوانی ئایینی بێزەنتی روویانکردە ئەوروپای رۆژئاوا لەپاش کەوتنی کوستەنتنیە بەدەستی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٤٥٣ز دا.

## ئیتاڵیا خاڵی دەر چوون:

ئەوروپا لەسەدەی پانزەهەمدا ترۆپکی پەرەسەندنی ئابووریدابوو، شارە ئیتاڵییەکان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیانەوە پێشەنگی جموجوڵی ئابوورییان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو، وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاواش تاکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەم دۆخە نوێیە ئاشنا نەبوون, بۆ نموونە بازرگانی دەرەکی و کارە پیشەییەکان لەساڵی ١٤٥٥دا داهاتێکی (٨٠٠٠٠٠) دۆقیەی بۆ شاری ڤینیسیا مسۆگەرکردبوو، ئەمەش تەنها یەکسان بوو بەداهاتی وڵاتی فەرەنساو ئیسپانیاو زۆر لەسەرو داهاتی ئینگلتەرەوە بوو، هەروەها

داهاتی شاری میلانۆ (٥٠٠٠٠٠) دۆقیەو فلۆرەنسا (٢٠٠٠٠٠) دۆقیەبوو، شاری (ئۆربیتۆ)ی بچووکیش کە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویی لەناوەڕاستی ئیتاڵیا، لەمەڵبەندە زیندووەکانی بووژاندنەوە بوو لەهەردوو سەدەکانی پانزەهەم و شانزەهەمدا.

هەروەها دۆخەکانی (مونتیفلترو) گەورەکانی ئۆربیتۆ تێکڕای داهاتی ساڵانەیان بە (١٥٠,٥٠) ملیۆن فرەنکی ئەمڕۆ دەخەملێنرێت. ئەمەش لەبەرامبەر هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی سەرجەم فەرمانڕەواکانی ئیتاڵیایان دەکرد، جگە لەوەش کە بەروبوومی زەوییەکانیان بە دە ئەوەندەی ئەو بڕە دەخەملێندرێت.

لەبەرئەوە ئەو پێشکەوتنە ئابووری و گەشەکردنی داراییە لەئیتاڵیا بەبناغەی ماددی ڕێنیسانسی هونەری دادەنرێت کە ئیتاڵیا لەسەردەمی ڕێنیسانسدا بەخۆیەوە بینی.

**شۆڕشی ئابووری:**

لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەی پانزەهەم ئیتاڵیا ئەو پێشەنگییەی لەکایە ئابوورییەکەیدا هەیبوو لەدەستیدا، بواری بۆ ناوچەکانی تری ئەورووپا خۆشکرد کە پێشبکەون و گەشەبکەن، وەك فلاندەرو هۆڵەندەو فەرەنساو ئەڵمانیانی ناوەندو باشوورو شارەکانی ئەڵمانیای باکوورو وڵاتەکانی بەلتیك کە یەکێتییەکەیان هێزێکی ئابووری و سیاسیی گەورەی پێبەخشیبوون، پاشان دۆزینەوەی جیهانی نوێ هات و ئیمپراتۆرییەتە کۆلۆنیالیزمەکان دامەزران، تاسەرەتایەکی گەشەسەندوی نوێ و هێزێکی نوێ تۆماربکەن.

ئەگەر ئیسپانیا یەکەم وڵات بێت سوودی لەو دۆزینەوانە (استکشافات) وەرگرتبێت ئەوا تێکڕای دەوڵەتە ئەوروپییەکانی تریش زانیان کە چۆن سوودی لێوەربگرن، ئەوەی پێویستە بووترێت ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییانەی لەکایە زانستی و تەکنیکی و ئاسۆکانی کاری نوێدا دەرکەوتن، مژدەیەکی نزیك بوو بۆ لەدایکبوونی ڕێکخستنێکی ئابووری نوێ.

**سەرکردایەتی پارەوپوول:**

لەسەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا خانەدانە فیوداڵەکان خاوەن دەسەڵات و سەرکردەبوون لەئەورووپا، واتە دەسەڵات بۆ خاوەن زەوییەکان بوو، بەڵام لەسەدەی

پانزەهەمدا چەند گۆڕانکارییەکی ریشەیی دەرکەوت، خاوەن پارەوپوولەکان، نەك خاوەن زەوییەکان، بوونە قسەڕۆیشتووی ئەوکات.

زەوی بەردەوام بەروبوومی خۆی دەداو لەزیادکردنی ساماندا رۆڵی دەگێرا، بەڵام ئەم بەخشینە لەچەند کاتێکی دیاریکراودا بوو کە وەرزە کشتوکاڵییەکان دەستنیشانیان دەکرد، بەڵام پارەو پوول رێزو دەسەڵاتی خۆی بەردەوام هەبوو، بەو شێوەیە بازرگان و خاوەن بانکەکان بوونە گەورەی نوێ (اسیاد الجدد)و وەکو دەرەبەگەکانی پێشوو توانیان ببنە خاوەنی زەوی و کێڵگەو کۆشکی ناوازەیان بنیاتنا، هێزی بنەڕەتیشیان لەسەر ئە وسەرمایە زۆرەی کە هەیانبوو راوەستابوو.

ئەم دەسەڵاتە نوێیە لەشێوەی پارەی کاش یاخود شمەك و شتوومەکی بەنرخ و... هتد، لەرێی سەرمایەوە ماددە سەرەکییەکان بەدەست دەهێنران و بۆ دروستکردنی ماددەی نوێ بەکاردەهات و بەو شێوەیە بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوە ئامادە دەکرا. بانکەکان رۆڵێکی بنەڕەتیان لەم بوارەدا بینی، قەرزدان بەسوو (الربا) لەو سەردەمەدا بووە رێسایەکی باو، هەروەها خاوەن بانکە گەورەکان بەپارەوپوولەکانیان چەندەها ئیمپراتۆریای ئابووری راستەقینەیان لەهەرێمەکانی ئەوروپادا دامەزراند باناوبانگترینیشیان بنەماڵەی (بازی) و (میدیسیس) لەئیتاڵیاو، بنەماڵەی (فوجر) بوون لەئەڵمانیا.

### کۆمپانیا گەورەکان:

پشت بەستن بەیەك کەشتی کارێکی دوورودرێژی دەویست بۆ گەیشتن و بەتاڵکردنەوەو بارکردنی، ئەمەش لەلایەنی ئابوورییەوە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، پاشان لەپێناو بەدەستهێنانی کاڵا بۆ فرۆشتن پێویستی بەوە دەکرد کە خورییەکە بەسەر چەند خێزانێکدا دابەشبکرێت و ئەوانیش دەیانڕست و پاشان دەیانچنی و دواتریش رەنگیان دەکرد، ئەمەش کاتێکی دورودرێژیی دەویست، لەبەرئەوە بازرگانەکان بیریان لەشێوازێکی بازرگانیی نوێ و لەسەر چوارچێوەیەکی بەرفراوان کردەوە، کە پێویستی بەدابینکردنی

سەرمایەیەکی گەرە هەبوو، دەستکەوتنی باری چەند کەشتییەکی گەورە بۆ نموونە چەندەها باری خوری لەباتی پێنج یاخود شەش بار، پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەبوو کە بازرگانێك بەتەنها پێی هەڵنەدەسووڕا، لێرەوە پێویستبوونی هاوبەشیکردنی کۆمەڵە بازرگانێك لەیەك کاردا هاتەئاراوە، بەم شێوەیە کۆمپانیا گەورەکان دامەزران و هەریەك لەبەشداربووان بەشی خۆیان لەپارە دادەناو بەشدارییان تێدادەکرد، لەپاش کۆتایی هاتنی کرداری فرۆشتنیش قازانجەکان لەنێوان بەشداربوواندا و بەپێی سەرمایە بەکارهاتووەکەیان دابەشدەکردا.

لەپاش ئەمە بازرگانە تاکەکان بوونێکی (دیار)یان نەما، چونکە لەتوانایاندا نەبوو کە ڕکەبەرایەتی کۆمپانیا گەورەکان بکەن.

**ئەو بیریارانەی مەشخەڵی مرۆڤگەراییان هەڵگرتبوو.**

***تۆماس مۆر T. More (١٤٧٧-١٥٣٥)**




یەکێك بوو لەکەسێتییە دیارەکانی سەردەمی خۆی، هەرچەندە حەزی بەژیانی تێڕامان و وردبوونەوە هەبوو، بەڵام پۆستێکی گرنگیشی لەبواری سیاسیدا پێ سپێردرابوو، ئەویش دەستنیشانکردنی بوو وەك ڕاوێژکاری هێنری هەشتەمی پاشای ئینگلتەرە، بەڵام دژ بەگەورەکەی وەستا کاتێك کەخۆی بەسەرۆکی باڵای کڵێسەی ئینگلیزی دانا و دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە، بۆیە لەقەڵای لەندەن-دا زیندانی کرا. لەگەڵ سووربوونی لەسەرداننان بەدەسەڵاتی پاپادا تۆمەتی دژایەتیکردنی تەختی بەریتانی درایە پاڵ و لەسێدارە درا.

ئەمرۆ ناوی تۆماس مۆر بەکتێبەکەیەوە (یۆتۆپیا- UTOPIE /١٥١٦) بەستراوەتەوە کە بەزمانی لاتینی دایناوە، کە تیایدا ئاماژە بەوێنەی شارێك دەکات کە

خێر باڵی بەسەرداکێشاوە، بەو شێوەیەی کە نووسەر بەخەیاڵیدا دێت بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتونی هێناوەو باس لەکۆمەڵگایەکی نموونەیی دەکات کە تێیدا سیستمێك بەڕێوەی دەبات دادپەروەری و ئاشتی و لێبووردەیی لەنێوان مرۆڤەکان و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان باڵی بەسەردا کێشاوە.

***ئیراسموس:**




بیریارێکی هۆڵەندی خەڵکی ڕۆتردام (ROTTERDAM)ە لەنێوان ساڵەکانی (١٤٦٩-١٥٣٦) ژیاوە، بەیەکێك لەڕووە دیارەکانی سەردەمی هیومانیزم دادەنرێت، هەستا بەئەنجامدانی چەند گەشتێك بۆ وڵاتەکانی ئینگلتەرەو فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو سویسرا، لەمیانەی ئەم گەشتەیدا چاوی بەکسێتییە بیریارە گرنگەکانی سەردەمی خۆی کەوت و شیرازەی ڕەوتە ڕۆشنبیرییە جیاوازو باوەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بوو، هاوڕێیەتییەکی بەتینی لەگەڵ بیریاری ئینگلیزی (تۆماس مۆر)دا هەبووە.

ئیراسموس لەپاش خۆی چەند بەرهەمێکی فیکری بەجێهێشت وەك (پیا هەڵدانی شێتێتی-ELOGE DE LAFOLIE) کە تێیدا ڕەخنەی لەخراپەو کەمتەرخەمییەکانی پیاوانی کڵێسە گرتبوو، ئەمەش لەگەڵ بیروباوەڕەکانی (چاکسازیی ئایینی)دا یەکیدەگرتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو (حزر)و (لێبووردەیی)یەوە کە بڕوای پێبوو، لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا نەڕۆیشت.

لەکاتێکیشدا کە (لۆسەر) بانگی کرد بۆ پەیوەندییکردن بەئایینی نوێوە، ئیراسموس ئەم داوایەی ڕەتکردەوە، لەسەر کاریگەری ئەوەش کتێبی (نامەیەك لەبیرکردنەوەی

ئـازاد)ی دانـا، کـە تێیـدا بـەرگری لـەئازادی مـرۆڤ دەکـات و دژی بۆچـوونەکانی لۆسـەر دەربارەی (چارەنووسی مرۆڤ) دەوەستێت.

***بیکو دیلا میر ندولا:**

چوفانی بیکو دیـلا مـیر نـدولا (١٤٦٣–١٤٩٤) خـاوەن یادەوەرییـەکی سەرسـوڕهێنەرو زیرەکییـەکی بێوێنـەبوو، یـەکێکیش بـوو لەنوێنـەرانی بزووتنـەوەی هیومـانیزم لـەئیتاڵیا، لەلێکۆڵینـەوەی عیـبری و ئـارامی (الارامیـة)و عەرەبیـدا تـەواو ڕۆچـووبوو، لەنووسـراوە بەناوبانگەکانی کتێبی (نزا بۆ ڕێزی مرۆڤ)، کە تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبـووەوە خـوا مرۆڤی لەدڵی ئەم گەردوونەدا داناوە، لەسـەری پێویـست کـردووە لـەخودی نـاوەکی (ذات الداخلی) بکۆڵێنەوە تادرك بەپێویستییەکانی نـەفس بکـات، بـاوەڕیش وایـە بـەهۆی ژەهـر دەرمانخوارد کرابێت لەلایەن یارمەتیدەرەکەیەوە لەساڵی ١٤٩٤ز دا.


سەرچاوەکان:

١–منهج البحث الاجتماعي بين الوضعية و المعيارية، محمد محمد افزيان الطبعـة الثانيـة، ١٩٩٢.

٢–تأريخ اوروبا في عصر النهضة و حتى الثورة الفرنسية، محمد محمد صالح.

٣–الموسوعة: عربية عالمية مصورة بالالوان، المجلد الثاني عشر، الناشر

Eastern publishers E distributors co-Ltd- cy prus-.




**سکێچ و هێڵکاری چەند تابلۆیەک**
لەتیف هەڵمەت

**بارانتر بدوێ هەوریلار**
عەلی پێنجوێنی

**لە چاوەڕوانی هاتنی ئەودا**
تەها سلێمان

**لە چاوەڕوانی هاتنی ئەودا**
تەها سلێمان

**دەبینم بەتەنیایت**
کاروان ئیبراهیم

**بێشکەو شەبەنگی وردبوونەوە**
ئەحمەد قادر سەعید




# دەق

**شیعر**

# سکێچ و هێڵکاری چەند تابلۆیەک

لەتیف هەڵمەت



هەمیشەو هەمیشە
تەنها هەر هێڵی راست بکێشە
دەتوانی هێڵی راست
بکەی بەرێگایەک
هەر برۆی
هەر برۆی
نەگەی بەهیچ شوێن و جێگایەک
هەمیشەو هەمیشە
تەنها هەر هێڵی راست بکێشە
دەتوانی هێڵی راست
وەک شمشێر هەڵگری
رێی خوارو خێچی پێ ببڕی

***

خۆم بووم بەتاراوگە بۆ خۆم
هەر لەخۆمدا دەخولێمەوەو
نازانم بۆکوێ بڕۆم
خۆم بووم بەتاراوگە بۆخۆم

***

سەرانسەری



هەموو زەوی

بەخوێنی سەرپێچی سوورە

ئەی خوایە گیان

لەگوناحی کەس مەبوورە

***

⌘ من دوانم دوان

یەکێکیان خۆمم و

ئەوی دییان

راوچییەکە مانگ راودەکا

لەگوێی سیروان

***

من دوانم دوان

یەکێکیان

شاعیرێکی سەرکێشەو

دووەمیان

منداڵێکە

یاری دەکا بەوشەکان

***

من دوانم دوان

یەکێکیان

نوێژ بۆ خوا دەکات و

دوومیان

قوتابییە لەلای شەیتان

***

⌘ تۆ ئاشقی من دەزانم.. تۆ ئاشقی

من ئاشقان دەناسم لەدوور دوورەوە

من دەزانم ئاشقەکان هیچیان ناوێ

کلیلی دەرگایەک نەبێ

کە نازانن بۆ کوێ دەچێ

***

⌘ ڕێبوار بێ ڕێگا تەنیایە

نیشتمان بێ شەهید

خۆم بێ من

***

-زۆر دەنگ لەدەرگاکەم دەدەن

زۆر دەنگ...

دەرگا

تەنها

لەبێدەنگی دەکەمەوە

***

⌘ کە دوو ئاشق بەیەک دەگەن

دەریای سووری ناوەڕاست

بەپشکۆی ماچ دروست دەکەن

***

⌘ کەماڵ هەبوو

چۆلەکەو پشیلەو ڕەشەبا

تیادا پێدەکەنن





هەروەها

رابووردو..و... داهاتوو

***

⧓ -با- هەمیشە لێم دەپرسێ:

هەتاو بۆچی

لەپەنجەرە دەترسێ

خۆریش گشت دەمێ پێم دەڵێ

ئەوە -با-

کە رادەکا

بۆکوێ هەڵێی

***

⧓ جەنگ زۆر یادگار

لەماڵاندا بەجێدێڵێ

لەهەموویان گومناوتر

تەناییە

***

-هەموو رۆژێ چوونیەک تاریک نییە خۆر

هەموو ساڵێک چوونیەک زڕ نییە بەهار

هەموو دەمێک چوونیەک دکتاتۆر نییە نیشتمان

هەموو ساتێک چوونیەک شاعیر نییە من

***

⧓ شەپۆل زۆر زۆر بێ ئەمەکە

لەئامێزی ئاسوودەیی

کەناردا لەدایک دەبێ

کە کۆچ دەکات و دەڕوات

ئیتر هەرگیز

سەر لەدایکە میهرەبانەکەی خۆی نادات

***

⌘ راستترین رێگا

لوولەی دەمانچەیە

***

⌘ چەند تەنیایە بەبێ میوان ماڵ

چەند تاریکە بەبێ ئەشق دڵ

چەند بێ نازە بەبێ مەمک ستیان

چەند سامناکە بەبێ پاساری درەخت

چەند چۆڵە بەبێ من نیشتمان

***

⌘ بۆی مەگەڕێن

ئەمەتا خوا

هەموو دەمێ

لەناو دڵما دێت و دەڕوا

***

⌘ لەباخچەی ئاژەڵاندا

ئاژەڵەکان

جوون جوون سەیری ئێمە دەکەن

هەموو بەوە پێدەکەنن

که ئێمه هێشتا نازانین

ئەوان جوون جوون

سەرنجی ئێمه دەدەن

***

⌘ هەرچەند تۆ دێی

لانه لەدڵمدا دەکەی

دایکم دێت و لێم دەپرسێ

ئەوه کێیه

کێیه.. کێ... کێ

دەڵێم کێیه..

چرایەکه بەوزەی ماچ

دادەگیرسێ

***

⌘ یەکەم تفەنگ دروستکرا

کێی پێ کوژرا

***

⌘ من هەمیشه لەخەومدا

فیلێکم و کچۆڵەی پاشایەک

دێت و حەزم لێ دەکا

***

⌘ دوو سەدەیه

کاتژمێری ناو ئەو ژووره

بێ ورتەیه

دوو سەد ساڵە

ئەو ژنە بەگۆچان

کاتی خۆی دەپێوێ

تەنیایی راودەنێ

بۆ کوڵان

دوو سەدەیە

دوو سەد ساڵە

لەو ژوورەدا

تەپوتۆز بووە بەکفنی

ئەو تابلۆیە

***

کاتم نییە شەوێ بچم

نەختێ کات لەخۆم بدزم

بڕۆم لەلای قاچاخچییەک

کاتێکی یەدەک بکڕم

***

رووبار نادوێ

بەڵام ئەگەر بێتە زمان

ئەوەندە قسەی خۆش دەکات

سەوزە گیا دێ

گوێی لێ دەگرێ

***

نازانم چۆن



ببم بەقاچاخچییەک و

نیشتمانم وەک کۆمەڵێ

مس و فافۆن

ئاودیو بکەم

نازانم چۆن

***

⌘ هەمووومان گشت رۆژی چەندین جار

لەسەر پشتی پردەکەوە

دەڕۆین بۆ ئەمبەرو ئەوبەری شار

پردەکە چەند میهرەبان و سەلارە

رۆژێ ناڕوات

سەرێ بدات

لەهیچ بەرێکی ئەم شارە

ئەرێ گەر رۆژێ پردەکە

ویستی سەرێک لەبەرێکی شار بدات

ئیتر دڵمان چۆن ئەمبەرو ئەوبەر بکات

***

⌘ من و خۆم

لەشەڕێکی بێ وچان دان

وەکو دەنکە شقارتەو مۆم

خۆم و من

هەمیشە لێک توورە دەبن

کەچی خۆم بۆکوێ بڕوات

منیش بۆ ئەویٚ رادەکات

نازانم خۆم و من

دۆستن یادوژمن

***

⌘ بۆ هەموو شویٚنیٚکم بەرە

ئەی هەنگاوی میهرەبان

تەنها بۆ ئەو شویٚنە نەبیٚ

کە ناویان ناوە نیشتمان

***

⌘ سیاسەت بەهار دەهیٚنیٚ

پەرەسیٚلکە

ئاشووبی براکوژی

***



# بارانتر بدویٚ هەوریلار

عەلی پێنجوێنی

خ ی

ی

ی ؟!

، ؟!

ی ی

ی ی

ی

ی ی

ی ی

ی ؟

ی ی

ی؟

ی

ی ؟!

ی لا

حم ی ی ی

ی گ

ی غ

!

ی ی لا

ی

ی ی

ی

ی ی

ی

ی

ی ی

ی ی

ی ی ی ی ی

ی ، ی ی ی

ی ی ی

ی لا

ی



ی

ی ی لا ی ی

ی ی

ی ی

ی ی لا

ی

نم

ی ی

ی ی

نم

لا

ی ی

ی ی

پ ی

ی ی

،

پ

ی

ی ی

(ی ی ی)*

ی ، ی

پ ی غی

ی

ی ی

ف لا

ی

ی ی

ی

ی ی

ی

ی لا

ی ی ی

ی ی ی

ی

ی ی

لا

ی

ی

ی

ی

ی



ی لا

پ ی

ی

ی ی

ی

ی

ی

لا

؟

ی ی

؟!

ی

ی

ی ی، ی

ی

ی

ی گ

ی لاً

ج ی خ

ی

ج

ی

ی ی ی

ی ی ی پ

ی ی

ی ی

ی ی ف ی

ی

ی

نخ ی

ی ی

ی ی ی؟!

ی ی ی

ج

ی

ی ی مم

ی

، ی

ی ی ی ی لا

ی ی ی

ی ی

ی

ج ی

ی ی

ی لا

ی ی

ی ی

ی ی

، ی ۂ ی؟

ی ی

ی) ( ی

ی

ی ؟!

ی ی لا

ی

ﺤ ی

ی

لاَ ی ی، ی ی گـ

لاَ

لاً ی

ی

ی

نمی ، ی بخ ی

ی ی لا ؟

غ

ی

ی ی

ی نم

ی ی ی

ی ی ی

ی

ی

ی ی

نم

ی

ی

ی ح ی

ی ی ی

ی ی

بەیتێك شیعری نالییە

سلێمانی

بەهاری /٢٠٠٦

# لەچاوەڕوانی هاتنی ئەودا

تەها سلێمان

ی

( ) نم سم

خم

،

نم

،

،

ع

،

ﭙ

،

،

ـه



بم

بى

،

ﭘ

،

نم

ل ل

؟

؟

؟

يج

،

فى

ع تم غ ؟

( )

حم ؟

؟

؟

؟

؟

لاَ؟

ـه ؟

،

؟

غ

،

ڽ بم

،

مج نم

/

لەنامەکەدا نووسیبووی (ئەوەی کە بەدوویدا وێڵ بووی، وەك خۆی شەرمن دۆزینەوەو لەحزوری منیشدا پەنجەی شەهادەتی بۆ راکێشاوی و دانی بەنهێنی نێوان نامەکانی هەردووکتان داناو وتی: ئەو شەرمنانە پێی وتووی: خۆشمدەوێی)، ئێژم بۆچی تۆ وەك خۆت شەرمن قسە دەکەی و رەنگت لەوێنەکانی هەوەڵێن ساتی درکاندنی ئەم خۆشەویستییەدا، نووری ئەڤینێکی سەرمەدی دەبارێنن؟ خوا رۆیی و ئەو وەك هەوەڵێن هەناسەی لەگەڵ من مایەوەو باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە هێشتا فەریکە شۆخێك بوو، چیرۆکی عەشقییان پەراش کردو ناویان لێنا:

ف

،

خم يح

،

،

،

،

،

،

،

لا ،

لاً

،

،

،

،

،

لا

،

( )

،

،

،

؟

،

لا يم

غ

،



بم

# دەبینم بەتەنیایت..!!

کاروان ئیبراهیم

، ی ی ی

ی

ی ی ی

ی

/ ی

ی

ی

، ی ی ی سم

لی

ی

، ی

، ی

ل

ى ى

ى ى

ى ‘‘ ى

ى ى ى ى

سم

ى ى ى

ى ى ى خ

ى ى خ

ى

٢٠٠٦

کورتە چیرۆک

# بێشکەو شەبەنگی وردبوونەوە

ئەحمەد قادر سەعید

—دە سەر هەڵبڕە، هەتاکەی سەرت بەم تەرزە نەوی دەکەی، ئەرێ ئەوە لەچی راماوی و وابەتاسووقەوە لێی ورد دەبیتەوەو بەناو ناخیدا شۆڕبوویتەوە؟

—من کەسانی وەك ئەوم کەمدیووە، بەمشێوەیە سەرمەرستی تێڕامان و وردبوونەوەبێت و بەمجۆرە شەیدای بێدەنگی بێت، ئەوە ماوەیەکە وای لێهاتووە، وا دەزانێ لەخۆی زیاتر کە سێکی تر نییە هەگبەی برینە سارێژنەبووەکانی بەکۆڵدابداو، هەرخۆی بەتاکە برینپێچ و چارەسەرساز دەزانێ (تۆ بەم جۆرە راڤە لەژیانی کەسێك دەکەی، کەڕەنگە پەی بەبچووکترین ئاماژەکانی وردبوونەوەکانی نەبەی.. رەنگە نەزانی بۆچی ئەو هێندە بەنیگای ئەو پەپوولانە سەرمەست دەبێت کە دەست لەملی گوڵەکان دەکەن و بەگوێی یەکتریدا وشەی خۆشەویستی دەچرپێنن. ئەمە نهێنییەکە دەشێت هەر خۆی بیزانێت و نەشیەوێ بەکەسی تری بڵێ و شتێکی لێ بدرکێنێ..)

—دەی باشە بۆ تەنها جارێك سەر هەڵبڕە بزانم ئەو رۆژەت لەیادماوە کە چۆن بەخێرایی بەرەو وێستگەی پاسەکانی گەڕانەوە دەهاتی و ئەو هەموو دیارییەت لەجانتاکەتدا کۆکردبۆوە؟

دەتزانی ئەم دیارییانە بۆ کێ دەبەی.. دەهەستەو بڕوانە چیتر لەناو داوە ئاڵۆزەکانی بیری پەرتبووی ساڵانی رابردوودا پەنگ مەخۆرەوە. ئەرێ دیارییەکانت گەیاندە دەستی ئەو منداڵانەی ساڵانێکی زۆر چاوەڕێ بووی تا بەتامی دڵی خۆت بگەی و یەك بەیەك دەستە خنجیلانەکانیان بگری و پێیان بڵێی..

—ئەم بازنە جوانە بۆ تۆ هێشوو گیان.

—ئەم پێنووسە رەنگاوڕەنگە بۆ سۆما.

—ئەم قردێلە ناسکە ئەدەم بەبێریڤان.

–ئەم جانتا رەنگ ئاسمانییەم بۆ بینایی هێناوە.. بینایی گیان بەهیوام هەر لەشساغ بیت.

رەنگە ئەم وردە بەردانەی بەدەمت سۆماو بێریڤان و بینایی و هێشوو ئەوانی ترین، تۆ هەموو جارێ بەچاوی بەزەییەوە لەسیمای منداڵانی بەردەمت وردەبوویتەوەو لەبەرئەوەشە جارجارە پێکەنینی دایکانەت دەکەیتە تابلۆیەکی نەخشین و بەتەوێڵی بەردەوردەکانی بەدەمتدا هەڵیدەواسی و تێر تێر لێ ورد دەبیتەوەو ئینجا بەدەم گریانێکی بێدەنگەوە فرمێسکەکانت دادەبارێنیتە بەردەمت و بەبێ ئەوەی رێگرییەکیان لێ بکەی لەگەڵیاندا دەکەویتە دوان..

–کوڕەکانم، کچە ژیکەڵەکانم دەزانن ئێوە کێن؟

–ئێوە کوڕی زەمەنی حەشاردانی پێکەنینن، ئێوە کچانی ناو ژیلەمۆی قەدەرێکی ونن، ئێوە رۆڵەی گەلێکن لەوەتای مێژوو هەیە وێڵە بەدوای دڵۆپێك شەرابی سەربەستی و دەستی ناکەوێت، ئێوە کوڕو کچانی مێژوویێکن سەراب بەدەریا دەبینێ و دەریای لێبۆتە بیابانێکی کاکی بەکاکی..)

–دە خانمە جوانەکەم لێم بڕوانە تا دەیمەنە قەشەنگەکانی سەردەمی لاوێتیت بۆ بکەمەوە تابلۆو بەدەستی خۆت بەسەر سنگی رۆژگاری تەماویدا هەڵیواسی:

(ئەها چ خانمێکی شۆخی و چەند ئازایانە لەبەردەم قوتابییەکانتدا راوەستاوی و دەتەوێ وانەی هاتنەوەی بەهارو نەورۆزیان بۆ بکەی بەشانەی هەنگوین و هۆشیان پێ گۆش بکەی و مەلی دزراوی دەروونیان بگەڕێنیتەوە ناو هێلانەی داڕماو، چین بەچین تەلاری تەمەنیان لەجوانترین شێوەدا بۆ دروست بکەیتەوە، ئینجا لەئارامیدا چاویان بکەیتە خەو و لەناو پانتایی رۆحیاندا تۆوی پاکی داچێنی.)

–تۆ ئەو دەمە دایکێکی میهرەبان بووی، هەر لە خۆشەویستی منداڵانی ئەم سەردەمە بوو، بڕیارتدا لەگەڵ رێبواری باوکی ئاسۆدا خۆت بۆ دایکایەتی ئامادە بکەی و بۆ هەتا هەتایی وەك دارگوێزێکی پتەو رەگ و ریشەی مانەوەت لەناویاندا داکوتی و جارێکی تر ئەم دەڤەرە بەجێ نەهێڵی..

منداڵان بەر لەگفت و وتە بەجێیەکانت، شەیدای رووی گەش و خەندەی سەر لێوو باڵای بەرزو میهرەبانی دایکایەتیت بوون.. ئەوان ئەو کاتە هەستیان بەبوونی خۆیان

دەكرد كە لـەئامێزی دایكایـەتیت بەوانـەی خۆشەویستی مەڵاشوویان هەڵدەدرایـەوە. تـۆ منـداڵانی دوور لەشـارەكەت كردبـووە ئامـانجی پێگەیانـدنی ورە، هـەر عەشـقی ئـەو ئەویندارییە بوو سەری خۆزگەی پێهەڵگرتی و دەتویست هەستی دەروونـی سـەدان دایكـی دڵنەرمی وەك خۆت ئاوێتەی خەندە نەخشێنراوەكانی سـەر دوو لێویـان بكـەی و چـەردێك لەژیانی راستەقینە بچنیتەوەو لە ئێخەی رۆژگاری بـدەی. تـۆ هـەموو ژیانـت بـەدوو لایەنـە سەیر دەكردو لەلایەنی یەكەمدا پێناسەی ناسینەوەی ئـەویترت دەكـردە ئامـانج و لـەكاری ئەفراندندا گیانی خۆت بۆ دەكردە قوربانی..

—دەی خانمەكەم سـەر هـەڵبڕەو كـەمێك لەدیمـەنی منداڵـە راسـتەقینەكان رامێنـە، تـۆ پێتوایە ئێستاش هـەر ئـەو منداڵانـەن كـە دەسـتت بەسـەریاندا دەهێنـاو ئـەوانیش خۆیـان بەشـان و ملتـدا هەڵدەواسـی و داوای وانـەی تـازەو وتـەی ناسـك و قـسەی خۆشـیان لێدەكردی..

تۆ ئەو كاتە پێشوازیت لەهەناسەی منداڵانـەیان و هەسـتی بێگـەردیان دەكـردو هێنـدە چیرۆكی كچی بەفرت بۆ گێڕابوونەوە، هەموو پێیان وابوو لەگەڵ هاتنی بەهاردا وردە وردە دەتوێنەوەو دەبنەوە بەهەڵم و ئینجا بەرەو دنیای نادیارو ونبوون دەگەڕێنەوە..

—(بەڕاستی زۆرم پێخۆشە رووت گەشـایەوە دەپـێم بڵـێ، بـزانم، ئـەو خەنـدە ناسـكەت بەرەو رووی كام لەقوتابییە بەردەكانت بەخشكردووە، رەنگە بۆ بینایی بێ.. بینـایی هـەتا بڵێی ئاسۆی كۆرپەتی خۆشدەویست و رۆژانە بەدیار ژێركردنـەوەی كـاتی بەسـەر دەبـرد، هـەموو دەمـان بێـشكەكەی رادەژانـدو دەیخـستەوە خـەوو بەدیارییـەوە دادەنیـشت و چاودێری دەكرد رەنگە ئێـستا بینـایی ببـینی و هـەر نەشیناسـیتەوە، رەنگـە وابزانـی ئـەو لەگەڵتـدا بێبـەزەییـە بۆیـە دیارنییـەو سـەردانت ناكـات دەشـێ نـەزانی كـە هـەر لـەزووەوە بینایی لەسۆمای بینیندا ونبـووەو كـەس نـازانێ لـەناو دیدەی چ خاكێكدا چـاو بـۆ دوارۆژ دەگێـڕێ یـان بەتـەمای ئەوەیـە جـارێكی دی بگەڕێتـەوە بـەردەم بێـشكەكەو دەسـت بەڕاژاندنی بكاتەوە..)

—دەی خانمەكەم هەستەو دەسـتی منداڵـەكان بگـرە، گـوڕم بـدە بـەر هـەنگاوەكانت و چیدی لەدیمەنیان رامەمێنە، ئەها ئەوەنـدەی ژیـان مـەودای بـۆ رەخـساندنەوە پـڕ بـەدەم

هـاوارت لێدەکـەن و دەیانـەوێ ئـەم جـارەش بگەڕێیتـەوە نـاو ژوورەکـانی پـۆل و وانـەی نەفرەت لەشەڕیان بۆ شیبکەیتەوە..

—مامۆستا هات، فریاکەوە فریا..

—چی هات، رۆڵە چی...

—نازانم، بەس بەخێرایی بێشکەی ئاسۆ..

—ئاسۆی چی.. کوا ئاسۆ؟

ئەو پرسیارە، بوو بەپرسـیارێك و وەڵامەکـەی لەگـەرووی خنکـاوانی رۆژانـی نـاو قـوڕو لیتەو ئاگربارانی سـەردەمی بـەرددا بـەجێماوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو مرۆڤـەکانی ئـەم دنیایە بەشوێنیدا وێڵن کە چـی سـۆراغیان ناکرێـت، ئـەوەتا تـۆش وەك هـەر کەسـێکی تـر بەپەشـۆکاوییەوە بەدوایـدا هـەی پێـت لەهـەنگاوەنت دەکـردو.. کەچـی هـەر پێـی نەدەگەیشتی و نەتدەزانی ئەم وەڵامە نەگریسە لەکوێ خۆی حەشارداوە.

تـۆ ئەوکاتـە لـەپاڵ پـەروەردەی منداڵانـدا دەتویـست بێـشکەی پاشـەڕۆژێکی روونـاك راژەنی، ژیان بەکۆرپەکەی ناوی بناسێنی.. کەچـی ئێـستا ئـەوەتا خـۆت وێکهێناوەتـەوەو هـەردوو دەسـتت لـەناگوێت توونـد کـردووەو قـووڵتر لـەڕادەی مەزەنـدەکردن بـەناو رامانەکانتدا رۆچوویت.. ناهەقت نییە، تۆ ئەو کاتە هەر لەمنـداڵ دەچـوویت، بۆیـە لەگـەڵ منداڵاندا هێندە رووگەش و رووخۆش دیاربووی..

—بینایی ئەوە لەکوێی.. وەرە خێراکە ئـەم بێـشکەیەم بکـەرە کـۆڵ، بـەو پەتـە توونـد لەسنگمی توونکە، جێگاکەی ئاسۆ باشە، بـازوو بگەینـە ئـەم قـەراغ رووبـارە، ئـەم نزیـك ئاوە دەی بینایی توونت کرد؟

—بەڵێ، بەڵێ راکە.. خێرا با دوانەکەوی..

—بۆ کوێ راکەم؟

—نازانم بەس خێراکە بادوانەکەوی..

زۆر بەخێرایی راتکرد دەتویست بەسەر چیاکەدا سـەرکەوی، تـۆ ئەوکاتـە تـەنیایت لـێ ببوو بەدەردێکی کوشەندەو لێت جیانـەدەبۆوە، سـەرەتا واتـدەزانی تـۆ رادەکـەی منداڵـە قوتابییەکانیـشت بەدواتـەوەن، پێتوابـوو لـەو مەحـشەری مەرگەسـاتەدا دەتـوانی ئـامێزی دایکایەتی بکەیتە دەوارو زۆرتـرین منـداڵانی تێدا داڵدەبدەی و هـەرکات هێـور بوویتـەوە، گرێی شەتەکدراوی بێشکەی سەرپشتت بترازێنی و چاوەڕوانی پێشهاتەکانی تر بکەیت.

–دەی خانمەکـــەم وەرەوە ســـەرخۆت و ئێـــستا کـــاتی ئـــەوە هـــاتووە لەســـیمای پەژمووردەتدا سیناریۆی ئاوڕدانەوەکەت نمایش بکەی..

تۆ دەتوانی ئەو زەمەنە زەمەنی گریانی شارێك بوو، تۆو هەزارانی دیش بەشێك بوون لەشارێکی گریاو، گریان بۆ بێدەسەلاتی خۆت و مرۆڤە بێدەسەلاتەکانی دی لەدەروونتدا بەرجەستە ببوون و رەنگیان دابۆوە. دەی چیدی فرمێسکان دامەبارێنە سەر سینگی ئەندێشە تاساوەکانی تەمەن دەی هەستەو کۆڵە پشتەکەت دانێ و دەسرازەی شەتەکدراوی بێشکەکە بترازێنەو ئاسۆ بخەرەوە ناو باوەشت و تۆزێك ئارامی بکەوە با چیدی نەنوزێتەوە.

(تۆ هەستای، لەهەستانا بەدەم داکەوتی، دەسرازەو بێشکە لێکترازان، دەستت درێژکرد تا ئاسۆ بهێنییە دەرێ، هەردو مەچەکت رەق بوون، بوون بەبەرد، هیچت نەدی، بێشکەیەکی بەتاڵ و هیچی دی لەبەردەمتدا فرمێسکیان دەباراند..

–ئاسۆ، ئەی هاوار کوانێ ئاسۆ..

بەهەمان رێدا هاتیتەوە، گەڕایتەوە بەردەم ماڵەکەی خۆتان، تۆ ئەو کاتە داوای یارمەتیت دەکرد، بەڵام کەس بەهاوارتەوە نەهات دەتویست ببی بەدڵۆپێك ئاوو بەزەویدا رۆچیت و لەچاوان ون بی..

ئەو دەم بڕیارتدا هاتوچۆی ئەو رێ و بانە بکەیتە مەزارگەی رۆژانەت، تاتین و تاوت تێدا بوو واتدەکرد، بەڵام ئێستا خۆت وابەستەی ئەو تێڕامانە ئەبەدییە کردووەو لەسۆنگەیەوە نەفرەت لەو دەروونانە دەکەیت کە سەدان هەزارانی وەك تۆیان کردە کۆیلەی بیرە نەفرەتلێکراوەکانیان.. تۆ ئێستا لەتێڕامان و وردبوونەوە لەوردە بەردەکانی بەردەمت شتێکی تر ناکەی.

گوڵانی ٢٠٠٦

سلێمانی



**دیدار لەگەڵ فەرهاد شاکەلی**

ئا: عەلی ئارینی

**دیدار لەگەڵ ئیسماعیل حەمە ئەمین**

سازدانی: ئارام سدیق

# دیدار



# دیدار لەگەڵ فەرهاد شاکەلی



ئا: عەلی نارینی

**♦روانگە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و هۆشیاری و فەرهەنگی نەبوو، کۆبوونەوەیەکی زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە.**

**♦زۆر هێزی سیاسی لەکوردستاندا هەیە وا بیردەکاتەوە کەئەگەر تۆ لەگەڵم نەبی کەواتە لەگەڵ دوژمنەکەمی**

**♦شتێکی دیکە لەسەر گرووپی روانگە هەیە و پێم باشە لێرەدا بگوترێ و بزانرێت، ئەو برایانە بەڕاستی لەڕووی فەرهەنگییەوە دواکەوتوو بوون. هەرگیز رووناکبیرێکی راستەقینەیان تێدا نەبووە. هەمیشە نیوەڕووناکبیر و نیوەسیاسی بوون.**

**♦تۆ بچۆ دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)ی من، یا (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی هەڵمەت بخوێنەوە، دەبینی هیچ شاعیرێکی کورد پێش ئێمە ئەو زمانەو ئەو میتافۆرەی بەکارنەهێناوە.**

**♦ئەو قوتابخانەیە کەپێی دەوترێ قوتابخانەی کفری یا گەرمیان، لەڕاستیدا قوتابخانەی تازەکردنەوەی شیعری کوردییە، سەرتاسەری شیعری کوردی**

لەنێوەندەکانی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردیدا هەندێك پرسیار هەن بەردەوام دووبارە دەبنەوە. ئەگەرچی وەڵامی جۆراوجۆریش هەیە بۆ ئەو پرسیارانە، بەڵام تا ئێستاش یەکلانەبوونەتەوە. لەوانە: دوای گۆرانی شاعیر کێ یەکەم هەنگاوی تازەبوونەوەی لەئەدەبی کوردیدا نا؟ ئایا ئەو هەنگاوانەی لەسەرەتای هەفتاکانی ئەدەبی کوردیدا نران، هەنگاوی پتەو و جێگیربوون و توانییان ئێستاش بخەنە ژێر رکێف و کاریگەریی خۆیانەوە، یاخود تەنها کەفوکوڵی کاتی بوون و هەر زوو لەبازنەکەی خۆیاندا پووکانەوە؟ ئایا گرووپی گەرمیان (کفری) پێشەنگی ئەو کاروانە بوو یان روانگەییەکان؟

دەمێك بوو ئەو پرسیارانە لەمێشکمدا دەخولانەوەو وەڵامیان لێ دەویستم و منیش هەمیشە زیاتر دەگەڕام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خودی خۆم. لەچەند مانگی رابوردوودا فەرهاد شاکەلی گەورە شاعیرو زمانەوان، بەسەردانێك لەوڵاتی سوێدەوە گەڕایەوە گەرمیانی کاکی بەکاکی لەباشووری کوردستان و ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٦/٨/١٨ لەشارۆچکەی رزگاری کۆڕێکی بۆ رێکخرابوو لەژێر ناونیشانی(لەگەرمیانەوە تا کەنارەکانی شارستانیەتی). منیش بەخۆشحاڵییەوە ئامادەی کۆڕەکە بووم. هەر لەو ساتەوەختەدا بیرم کەوتەوە کە ئەم پیاوە ئەو کەسەیە کە هەر کاتێك باس لەقۆناغی هەفتاکانی ئەدەبی کوردی و تازەبوونەوە لەئەدەبدا کرا، ناوی روانگەییەکان لەلایەك و ناوی ئەم و لەتیف هەڵمەتیش لەلایەکی ترەوە دێنە ناوەوە. بۆیە بەهەلم زانی کەبیدوێنم و داوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی لێبکەم. دوای تەواوبوونی کۆڕەکە پێموت: ئەکرێ لەو بارەوە گفتوگۆیەك بکەین؟ وتی: بەڵێ سبەینێ و کات و جێگایشی بۆ دیاریکردم.

بۆ سبەینێ رۆژی ٢٠٠٦/٨/١٩ لەگوندی شاکەلی نزیك شاری کەلار و لەماڵی باوکی بەڕێزیدا ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵدا ئەنجامدا.

فەرهاد شاکەلی لەدایکبووی ساڵی(١٩٥١)ی گوندی شاکەلی ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستانە. یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی(پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) لەساڵی ١٩٧٣ دا چاپکرد و بەدوایدا شەش دیوان و کۆمەڵێك کورتەچیرۆك و چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و وەرگێڕانی بڵاوکردوونەوە. لەساڵی(١٩٧٨)ەوە نیشتەجێی وڵاتی سوێدە و مامۆستایە لەزانکۆی(ئوپسالا Uppsala). ساڵی١٩٧٩ ژنی هێناوە و سێ منداڵی هەیە(زەریا، زریان، یار). هەڵبژاردەی شیعرەکانی، کورتە چیرۆکەکانی و

لێکۆڵینــەوەکانی لــەبواری مێــژووی ئەدەبــدا تەرجەمــەی زمانــانی ئینگلیــزی، عــەرەبی، فارسی، تورکی، ئیتالیایی، دانی، نۆروێژی، ئیسلاندی، فرانسی و سوێدی کراون.

شاکەلی بەیەکێك لەقەڵەمە هەرە دیارەکـانی شـیعری کـوردی دەژمێـردرێ، بـەڵام وەك خۆیشی وتی لەرۆژنامەو راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردسـتانەوە کـەمتر بـواری دەرکـەوتنی بۆ رەخساوە، ئەمەش وای کردووە بەلێکدانـەوە لەگـەڵ هاوقۆناغـەکانی خۆیـدا کـەمتر لای نــەوەی نــوێ ئاشــنا بێــت. خۆشــبەختانە لــەم گفتوگۆیــەدا نهێنــی ئــەو حاڵەتەشــی بــۆ باسکردین.

ماوەتەوە بڵێین فەرهاد شـاکەلی کەسـێکی زۆر هەسـتیارە و سـەد حیـساب دەکـات بـۆ هەر وشەیەك پێش بڵاوبوونەوەی و هەر هەڵەیەکی زمانەوانی بەتاوانێك دەزانێ! !

**هەسـت دەکـەیت چـی مـاوە لـەبارەی نـەوەی (بزووتنـەوەی روانگـە)وە نەوتراوەو تۆ حەز دەکەیت لەدەستپێکدا باسی لێوە بکەیت؟**

شاکەلی: لەبارەی نوێخوازانی سـاڵانی حەفتاکانـەوە، ئەگـەر بمانـەوێ وای نـاو بنـێین، واتە ئەو نەوەیەی دوای گۆران هاتووە و شیعری کوردیی تازە کردۆتەوە، من پێم وایە ئـەو وێنەیـەی تـا ئێـستاکە پێـشکەش کـراوە و لەئارادایـە، وێنەیـەکی یەکلایەنەیـە، وێنەیەکـە بەشێکی راستییەکانی داپۆشیوە و تەنیا بەشـێکی بـاس کـردووە و وێنـەی کێـشاوە، ئـەو بەشەیش کە باس کراوە و لەبەردەستدایە مەرج نییە راسـت بێـت. رەنگـە زۆر شـتی تێـدا بێت کە لەرووی مێژووییـەوە، لـەرووی ئێـستێتیکییەوە راسـتیی نـەپێکابێت. کـە دەشـڵێم نیوەی راستیی وتووە مەبەستم ئەوەیە بەشێك لـەنوێخوازەکانی ئـەو سـەردەمەی ئـەدەبی کوردی بوارێکی باشیان بۆ هەڵکەوتووە لەرێگـەی دەزگاکـانی راگەیاندنـەوە کـە بۆچـوونی خۆیــان لەهــەموو بوارێکــدا، لــەبارەی شــیعرەوە، لــەبارەی تازەکردنــەوەوە، لــەبارەی بەمێژووکردنی ئـەو بزووتنەوەیـەوە، دیـد و بۆچـوونی خۆیـان بـاس بکـەن. سـەرنجراکێش ئەوەیـە ئـەو کەسـانە، ئـەو نووسـەرانە، لەهـەموو سـەردەمێکدا ئـەو دەرفەتـەیان دەسـت کـەوتووە: لەسـەردەمی پارتیـدا، لەسـەردەمی بەعـسدا، لەسـەردەمی یەکێتیـدا، لـەئێران، لەسووریا، لەکاتی شەڕی براکوژیدا و لەزەمانی ئاشتبوونەوەدا: هەرگیز لەسـەر میکرۆفـۆن و لەسەر سەکۆی خۆپێشاندان پـەکیان نەکـەوتووە، دۆسـتی هـەموو دەسـتەڵات و هـەموو دەستەڵاتدارێك بوون، هەستی نزم و دزێو و پیسی ناوچەپەرستییان کردووەتە سـوپەرێکی

رزیو و ژەنگگرتوو بۆ شاردنەوەی باڵای کورتی خۆیان و قەوارەی ناقۆڵای خۆیان. بەڵام زۆر کەسی تر هەیە ئەو دەرفەتەی دەست نەکەوتووە. ئێمە ئەگەر باسێکی ئەو شاعیرانە بکەین کە بەڕاستی سەرەتای دەستپێکردنی تازەکردنەوەن لەئەدەبی کوردیدا، مەبەستم شاعیرانی کەرکووك، کفری، یان گەرمیان یا هەرچی ناوێکی لێ دەنێی، من پێم وایە ئێمە ئەو بوارەمان بۆ هەڵنەکەوتووە و ئەو دەرفەتەمان پێ نەدراوە کە بتوانین هەموو ڕاستییەکان باس بکەین. هەمیشە دەستەڵاتێك هەبووە کە نەیهێشتووە دەنگی ئێمە بگاتە خوێنەری کورد و نەیهێشتووە وزەی داهێنەرانەی ئێمە و بەهرەی ڕاستەقینەی ئێمە و پەیامی ئێمە دەربکەوێت و ببیسترێت. ئەو دەستەڵاتە سەردەمێك دەستەڵاتی داگیرکاران بووە، دەستەڵاتی بەعس بووە، بەڵام دواتر دەستەڵاتی کوردیش هەر وای کردووە. ڕەنگە لەشێوەی هەندێ وتار و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتندا هەندێ شتمان باس کردبێ، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو سەردەمە دەبێ بەشێوەیەکی زانستییانەتر و بەشێوەیەکی بابەتییانەتر باس بکرێ و ڕا و بۆچوون و هەڵوێست و لایەنە جیاوازەکانی هەموو بخرێنە ڕوو و خوێنەری کورد بتوانێ هەمووی بخوێنێتەوە. ڕەنگە پێت سەیر بێت ئەگەر بڵێم تەنانەت لەئاستی ئەکادیمیدا، بۆ خوێندنی باڵای زانستگە، ڕێگە لەوە گیراوە کە تێز و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەزموونی ئێمە، لەسەر شیعری فەرهاد شاکەلی یا هەڵمەت بنووسرێت.

**جگە لەوەی کە ئەکرا ڕەخنەگرانی خۆمان یان ئەوانەی بەکاری توێژینەوە هەڵئەسن، ئەوان ئاوڕیان بدایەتەوە لەو قۆناغ و بزووتنەوەیە و ڕاستییەکانیان بخستایەتە ڕوو، بەڵام نەیانکردووە یان کەمتەرخەم بوونە، ئەی تاکەکانی ناو بزووتنەوەکە(گرووپی کفری) خۆیان بۆ نەیانتوانی ئەو دەرفەتە بڕەخسێنن، هیچ نەبێ وەک هاوارێ، دەنگی خۆیان بگەیەننە دەرەوەی خۆیان یان هیچ نەبێ باسی بکەن؟**

شاکەلی: مەبەستت لەتاکەکانی ناو گرۆی کفری شاعیرەکان خۆیانە، پێم وایە هەر یەك لای خۆیەوە هەوڵی داوە ئەوە بکا، بەڵام وەك وتم دەستت نەگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەتوانی لەڕێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانەوە دەنگی خۆت بگەیەنیتە خوێنەرێك، ئەودەم خوێنەری کورد ناتوانێ تێبگات کە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ئایا

راستییەکی تر هەیە کە جیاوازە لەو راستییەی تا ئێستا پێی وتراوە و براوەتە مێشکیەوە. ئەوە هۆیەکی ئاشکرایە، بەڵام دیسانیش لەڕێگەی کۆمەڵێك چاوپێکەوتنەوە، چ دۆستی خۆشەویستم لەتیف هەڵمەت و چ خۆم و چ کەسانی تریش لەو بوارەدا قسەمان کردووە. هەروەها بەشێوەی وتاریش، من ئەوەی لەبیرم بێ دوو وتارم نووسیوە لەبارەی ئەزموونی شیعرییەوە: یەکێکیان (بە جامی ئەوینێك گیان مەستە و تەن وێران) و ئەوی دیکەیشیان (پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەك) ـە، باسی ئەو ئەزموونەم بەدوورودرێژی کردووە. کاك لەتیف هەڵمەتیش چەند جارێك لەسەمینارەکانیدا و لەبیرەوەرییەکانیدا هەوڵی داوە راستییە مێژوویی و ئەدەبییەکە بخاتە بەردەستی خوێنەری کورد. بۆ ئەویش هێندە ئاسان نەبووە بەرانبەر کۆمەڵە کەسێك راوەستێت کە لەپێناوی دەروونی خۆپەرستانەی خۆیاندا ئامادە بوونە و ئامادەن راستی و جوانی پێشێل بکەن. لایەنێکی دیکەی ئەم باسە راستەوخۆ مەسەلەی رەوشتە. ئێمە، نە من و نە هەڵمەت، ئامادە نەبووینە و ئامادەیش نین، لەگەڵ هیچ دەستەڵاتێکدا سازش بکەین، ئەگەر هێندەی سەرەدەرزییەك، هێندەی گەردێك ببێتە هۆی رووشاندنی ناو و ناوبانگمان یا زیان بەنەتەوە و نیشتمان بگەیێنێت، بەڵام هەموو کەسێك ئاوا، وەك ئێمە بیر ناکاتەوە.

**لە بارەی روانگەوە**

**لەدەرەوەی (ڕوانگە) رەخنەیەکی زۆر گیراوە لەکار و بەرهەمی ئەو گرووپە، لەکەسەکانی ناو گرووپەکە، لەبەیاننامەکەی گرووپەکە، لەو تازەکردنەوەی کە ویستوویانە بیکەن، بەڵام ئەو رەخنانە نەیانتوانیوە وەک پێویست گۆڕانکاری لەماهییەتی پرۆژەکەدا بەرجەستە بکات. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەسەکانی ناو ئەو گرووپە دەنگەکانی دەرەوەی خۆیان پشتگوێ خستبێت، ئەگەرنا خۆ دەبێت رەخنە هەموو کات گۆڕانکاری بکات، بەپۆزەتیڤ یان نەگەتیڤ؟**

شاکەلی: بەڕاستی بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی جەنابتان پەیوەندی بەپێکهاتەی گرۆی روانگە خۆیانەوە هەیە. ئەگەر پرسیارەکەتان تایبەت بێت بەڕوانگەوە پێویست ناکات من وەڵامی بدەمەوە با خۆیان وەڵامی بدەنەوە، بەڵام هێندەی پێوەندیی بەو پاشخانەوە هەبێت کە هەموومان لێیەوە هاتووین، دەکرێ قسەیەکی لەبارەوە بکەم.

بەگشتی من دەتوانم بڵێم گرۆی روانگە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و هۆشیاری و فەرهەنگی نەبوو، کۆبوونەوەیەکی زیاتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە. لەبەر ئەوە ئەگەر لەبارەشیانەوە نووسرابێ هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لەسەریان وەك گرووپ، رەنگە وەکوو تاکەکەس ئەو کاریگەرییەی هەبووبێت. چونکە وەك وتم هیچ شتێك ئەمانەی کۆ نەکردۆتەوە، ئەوە نەبێ کە کۆمەڵە کەسێکن ویستوویانە هەندێ دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبێ، ویستوویانە هەندێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بکەن، یا رەنگە ئەوە راستتر بێت بڵێم ویستوویانە لەیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا بەشدارییەك بکەن و جێپێیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. کۆبوونەوەکەی ئەوان لەسەر ئەو بناغەیە بووە، نەك لەسەر بناغەی ئێستێتیکی و زمانەوانی وشیعری. بێگومان دەبوو رەخنە، لێرەدا مەبەست رەخنەی ئەدەبییە، رۆڵێکی هەبووایە، ئەگەر لەگۆڕینی گرۆیەکەیشدا نەبێت، لەگۆڕینی کەسەکاندا و لەگۆڕینی تێکست لای ئەوان. من ناتوانم بڵێم هەر هیچ گۆڕانێك لای ئەو برایانە رووی نەداوە. ئەگەر بەوردی تەماشای بەرهەمی یەك دوویەکیان بکەین، لەماوەی بیست سی ساڵی رابوردوودا گۆڕان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام پێم وا نییە گۆڕانەکە هێندە قووڵ بێت کە بووبێتە نیشانەی قۆناغی بەتەواوی جیاواز لەژیانی ئەدەبی و هونەریی ئەواندا.

لێرەدا روونکردنەوەیەك بەپێویست دەزانم. بەڕاستی دەمێکە گرووپی روانگە نەماوە و شتێك نییە ناوی روانگە بێت. ئەو شەش حەوت کەسەی لەسەرەتاوە بەیانی روانگەیان دەرکرد و دواتر وەك رێکخستنێکی نیوە فەرهەنگی و نیوە سیاسی کاریان دەکرد، لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە شتێکی ئەوتۆیان پێکەوە نەماوە. هەندێکیان بوونە بەشێك لەحیزبە سیاسییەکان، بەحیزبی بەعسیشەوە، هەندێکیشیان لەرووی ئەدەبییەوە هیچیان پێ نەما. بەڵام یەك دوو لەئەندامە دیارەکانی روانگە بەشێوەی دیکە خەڵك لەخۆیان کۆ دەکەنەوە و لەسەر هەڵسوکەوتە نائەدەبی و نافەرهەنگییەکانی جارانیان هەر بەردەوامن. لەبەر ئەوە دەبینی لەم قسانەمدا من بەناچاری ئەو دوو شێوە جیاوازەی روانگە تێکەڵاو دەکەم.

لایەنێکی گرنگ لای ئەندامانی روانگە هەیە کە زۆر سەرنجڕاکێشە و پێم وا نییە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، ئەویش شێوەی کارکردنی

ئەوانـە، شـێوەی خـۆ پێـشکەشکردن و خۆبردنەپێـشەوەیانە. لـەماوەی سـیوپێنج سـاڵی رابـوردوودا سـەرانی روانگـە هەمیـشە وەك گرۆیـەکی داخـراو کاریـان کـردووە، هەمیـشە هەڵوێستیان بەرانبـەر کەسـانی دیکـە لـەدڵ و دەروونێکـی پـڕ لـەڕق و قـین و فێلبازییـەوە بووە، هەمیشە هەوڵیان داوە هـەموو هـەلێك بقۆزنـەوە و بـەکاری بهێـنن بـۆ بەرژەوەنـدیی خۆیـان، کـە زۆر جـار ئـەم بەرژەوەندییـە ئـەدەبی و فەرهـەنگی نـەبووە و هـیچ چـاکە و خێرێکی فەرهەنگ و زمانی کوردیی تێدا نەبووە.

لێرەیـشدا دیـسان مەسـەلەی رەوشـت دێتـە پێـشەوە. روانگـەبازەکان هـەرگیز لـەوە نەترساون خۆیان لەدەستەڵاتی سیاسـی نزیـك بخەنـەوە و خۆیـانی پێـدا هەڵواسـن... مـن تەنیا دوو هەڵوێستت بـۆ دەگێڕمـەوە کـە ئێـستا ئـیتر بەشـێکن لـەڕابوردوو، بـەڵام گرنگـە تۆمار بکرێت، بەتایبەت کە ئێمە باسـی بەشـێکی گرنگـی مێـژووی ئـەدەبیمان دەکـەین...

(١): من ئەوە نزیکەی سی ساڵە لەدەرەوەی کوردستان دەژیم. لەم ماوەیـەدا دەیـان جـار بـۆم هەڵکـەوتووە ئـەدەبی کـوردی بەخوێنـەری ئـەوروپایی پێـشکەش بکـەم، بـەزمانانی سوێدی و ئینگلیزی. هەرگیز نەهاتووم تەنیا باسی خۆم، یا باسی خۆم و هاوڕێ نزیکەکانم بکەم. ساڵی ١٩٩١ ئەنتۆلۆگیایەکی شیعری کوردیم بەسـوێدی بـڵاو کـردەوە، لـەو کتێبـەدا شـیعری بێکـەس و هەڵمـەت و پەشـێو و هـەردی و ئـەنوەر قـادر و کامـەران مـوکری و عەبدەولڕەحمان مـزووری و فـەرهاد شـاکەلیم تەرجەمـە کـردووە و پێـشکەشی خوێنـەری سوێدی کردووە. پێشتریش هەڵبژاردەیەکی دیوانی (گۆران)م بەسوێدی بڵاو کردووەتـەوە. سـێ سـاڵ لەمەوبـەر گۆڤـاری ( International Journal of Kurdish studies)ی ئەمـەریکایی داوایـان لـێ کـردم بەرهـەمی هەنـدێ شـاعیری کـورد بکەمـە ئینگلیزی. لەو ژمارەیەدا شیعری هەژدە شـاعیری کـوردم تەرجەمـەی ئینگلیـزی کـردووە. ساڵی پار گۆڤـاری (rattapallax)ی ئەمـەریکایی داوای شـیعری کوردییـان لـێ کـردم، خـۆم هـەواڵم بـۆ کـاك شـێرکۆ و کـاك لـەتیف نـارد شـیعرم بـۆ بنێـرن و منـیش نـاردم بـۆ گۆڤارەکـە و بڵاویـشیان کـردەوە. مـن لەڕۆژگارێکـدا شـیعری شـێرکۆ بێکـەس و چـیرۆکی حسێن عارفم تەرجەمەی سوێدی و ئینگلیزی دەکرد کە تاکە خوێنەرێکی ئـەوروپایی نـاوی شـێرکۆ بێکـەس و حوسـەین عارفیـان بـەر گـوێ نەکـەوتبوو. لەکۆنفرانـسی ئـەدەبی و فەرهـەنگیی کۆپنهـاگن (دانمـارك)، ڤێنیـسیا (ئیتالیـا)، لەنـدەن (ئینگلـستان) و تۆرێنتـۆ

(کەنەدا) و گەلێ شوێنی دیکەدا کە باسی مێژووی ئەدەبی کوردیم کردووە بەئەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە ئەدەبی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردیم پێشکەش کردووە. بەڵام ئەوە پانزدە ساڵە کاك شێرکۆ بێکەس و حیزبەکەی کاك شێرکۆ دەستەڵاتی تەواویان لەکوردستاندا هەیە، نەك ملیۆنان، بگرە بەملیارد دۆلاریان لەبەردەستدایە، دەیان دەستگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و پەخشخانە و چاپخانە دەبەن بەڕێوە، لەماوەی ئەم پانزدە ساڵەدا، کەسێکی وەك من، وەك شاعیرێك، وەك ئەکادێمییەك، ئایا یەك دەقیقە، تەنیا یەك دەقیقە لەتەلەڤیزیۆنێکی حکومەتەکەی کاك شێرکۆوە بوارم هەبووە قسە بکەم یا دەربکەوم؟ ئایا یەك دانە کتێب، یەك دانە دیوانیان بۆ کەسێك چاپ کردووە کە لەگەڵ ئەوان نەبێت یا بەپێچەوانەی ئەوانەوە بیر بکاتەوە؟ساڵانە دەیان فێستیڤاڵ ڕێك دەخەن و ملیۆنان دۆلار تەخش و پەخش دەکەن وسەدان کۆلکە خوێندەوار لەهەموو دنیاوە بانگهێشتن دەکەن، بەڵام جارێ لەجاران، بەدرۆیش بێت، منیان بانگ نەکردووە، ئەگەرچی چاکیش دەزانن بەشداریکردنی من بەشدارییەکی چۆنایەتییە و وەك بەشداریی ئەو گەلۆر و نەخوێندەوارانە نابێت کە ئەوان کۆیان دەکەنەوە. ئایا لەو دەیان بەرهەم و کارە فەرهەنگی و ئەدەبییانەی لەئەورووپا کردوومن چەندیان لەدەستگاکانی ڕاگەیاندنی ئەوانەوە باس کراوە و پێشان دراوە؟ جاری وا هەبووە دیوانێکی شیعرم بڵاو بووەتەوە، چەند دانەیەکم بەدیاری بۆ تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانیان ناردووە، بەرپرسی ئەو لاپەڕەیەی دەبوو هەواڵی بڵاوبوونەوەی دیوانەکەم باس بکات، هەر وا ڕێکوڕەوان وتوویەتی بەداخەوە ناتوانم، چونکە پێیان وتووم ناکرێ ناوی فەرهاد شاکەلی بڵاو بکەینەوە. (٢) لەکاتی شەڕی کوردکوژیدا جەنەراڵەکانی ڕوانگە و عەسکەرە لاتولووتەکانیان بەئاشکرا بەشێك بوون لەخوێناویترین شەڕ و خوێڕیترین هەڵوێست. شیعریان بۆ پیاوکوژەکان دەنووسی و هانی کوردیان دەدا کورد بکوژن و تاڵان بکەن، بڕووخێنن و بسووتێنن. لەو کاتەدا چ من و چ کاك لەتیف هەڵمەت و چ هەر شاعیرێکی دیکە دەمانتوانی خۆمان بکەینە بەشێك لەشەڕەکە و سەکۆیەکی دیکەی بەرانبەر بدۆزینەوە و بەکاری بهێنین. بەڵام من هەست و هۆشی نیشتمانپەروەرانەم ڕێگەی پێ نەدام خۆم لەسەر لایەنێك ساغ بکەمەوە. کە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار، دوای بیستوپێنج ساڵی دوورەوڵاتی، گەڕامەوە بۆ کوردستان و لەهەولێرەوە

گەڕامەوە (ئەوسا هەر ئەو ڕێگەیە هەبوو)، زۆر بەئاسانی دەمتوانی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەکار بهێنم بۆ خۆدەرخستن و خۆهەڵکێشان، بەڵام بەبرایانی پارتی و بەشەخسی کاك نێچیروانیشم وت، کە من دەمەوێ سەری ناوچەکانی یەکێتیی نیشتمانیش بدەم و لەشارەکانی ئەو ناوچەیەیش سەمینار و شەوی شیعرم بۆ ڕێك بخەن. دەبێ بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کە سەرکردایەتیی پارتی و کاك نێچیروان زۆر ڕەوشتبەرزانە بیرەکەمیان وەرگرت و، زۆریشیان یارمەتی دام بۆ هاتوچۆ لەنێوان ناوچەکانی هەردوو حکوومەتەکەدا. تەنانەت وا ڕێك کەوت کە پێشتر لەسلێمانی چاوم بەجەنابی مام جەلال کەوت و نزیکەی حەفتەیەك دوای ئەوسا چاوم بەجەنابی کاك مەسعوود بارزانی کەوت، بێ ئەوەی ئەم شتانە لەڕێز و خۆشەویستیی ئەوان بەرانبەر من کەم بکاتەوە. من، نە ئەوسایش و نە دواتریش، نە لەسلێمانی دژی پارتی قسەم کرد و نە لەهەولێر و دهۆك قسەم بەیەکێتی وت. نە لەسلێمانی مەدح و سەنای یەکێتیم کرد و نە لەهەولێر مەدح و سەنای پارتی. چەند ساڵ دواتر هەر ئەو جەنەراڵە ئەدەبییانەی شەڕی کوردکوژیمان بینی چۆن زەلیلانە چوونە بەردەستی سەرکردایەتیی ئەو لایەنەی بەدوژمن و کۆنەپەرست و خائینیان دادەنا.

شتێکی دیکە لەسەر گرووپی ڕوانگە هەیە و پێم باشە لێرەدا بگوترێ و بزانرێت. ئەو برایانە بەڕاستی لەڕووی فەرهەنگییەوە دواکەوتوو بوون. هەرگیز ڕووناکبیرێکی ڕاستەقینەیان تێدا نەبووە. هەمیشە نیوەڕووناکبیر و نیوەسیاسی بوون. هیچ کەسێکی سەر بەڕوانگە نەبووە و نییە لەکوردی و عەرەبی بەولاوە زمانێکی تری زانیبێت و بزانێت. هەمیشە کتێبی تەرجەمەکراوی دەستی دووەم و دەستی سێیەم و چوارەمیان خوێندووەتەوە.

**ئەوە ڕەخنەگرتنە لەو برادەرانە یاخود تاوانبارکردنیانە؟**

شاکەلی: نە ڕەخنەگرتنە و نە تاوانبارکردنیانە، بەڵکە ڕاستییەکی مێژووییە.

**بەڕای ئێوە بڕیاری تازەکردنەوە لەتووڕەبوونی ئەو دەستەوە سەر چاوەی گرت یاخود تازەکردنەوە پێویستییەکی ئەو قۆناغە بوو؟**

شاکەلی: با جارێ سەرەتا ئەوە بڵێم کە دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نە بەبەیانی ئەدەبی دەکرێت و نە بەکۆبوونەوەی نوسەران، ئەمە شتێك نییە بەبڕیار بکرێ.

من پـێم وایـه وەك مەسـەلەیەكی مێـژوویی وا روو دەدات کـە رووناكبیرێك یـان شـاعیرێكی بـەهرەدار یـان کەسـێكی زمانـەوان یـان هونەرمەنـدێك هەسـت بەبۆشـاییەكی فیكـری و ئێستێتیكی دەكات لەبواری فەرهەنگی میللەتەكەی خۆیدا. دوای مردنـی مامۆسـتا گـۆران وەكـوو شـاعیرێكی گـەورە و نوێخـواز و رێبـەر، كـورد و خوێنـەری كـورد بەتایبـەتی شاعیرەكان هەستیان ئـەكرد كە بۆشاییەك هەیە، دەبـێ شـتێك بگـوترێ كـە گـۆرانیش نەیگوتووە. راسـتە گـۆران شـیعری كـوردیی تـازە كـردەوە، بـەلام دەبـوو دوای گـۆرانیش هـەنگاوی تـر بنـرێ. ئـەو هـەنگاوەیش ئـەوە بـوو ئێمـە هاوێـشتمان، ئێمـەی شـاعیرانی گەرمیان، كە سـەرەتای تازەكردنـەوەی شـیعری كـوردی بـوو، بـەلام ئـەم شـتانە وەك وتم بەبڕیار ناكرێ، دەركردنی بەیانێك ناتوانێ ببێتە سەرەتای بزووتنەوەیەك.

لـە رووی فۆرمێلـەوە، لـەڕووی شـكڵەوە رەنگـە خـەڵك پێـی وا بـێ سـەرەتای بـەیانێك گرنگە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باسـی بـەیانی روانگـە بكـەین، ئـەو بەیانـەی ئـەوان بڵاویـان كردەوە لەپێش هەموو شتێكدا بەیانی سیاسی و ریفۆرمی كۆمەڵایەتی بوو، نـەك بـەیانێكی ئەدەبی و فەرهەنگی، ناوەڕۆكەكەی یەك زەرە باسـی ئـەوە ناكـات ئـەدەبی چـاك چییە و ئەدەبی خراپ چییە، دەبـێ ئـەدەبێكی چـۆنین بنووسـرێت؟ ئێـستێتیك چـییە، هەڵوێـست بەرانبەر زمان دەبێ چۆن بێت، پێویستی قۆنـاغ چییە و گـەلێ پرسـیاری گرنگـی دیكـەی لەم چەشنە. باسی ئەوانە هیچ ناكات. كـردەوە و رەوتـاری نووسـەرانی روانگـە خۆیـشیان دەلیلـی ئەوەیـە، هێمایـەكی ئاشـكرایە كـە ئـەوان ریفـۆرمی كۆمەڵایـەتی و سیاسـییان ویـستووە نـەك گـۆڕین و تازەكردنـەوەی ئـەدەبی. بـۆ نموونـە ئـەوان یـەكێ لـەكارە گرنگەكانیان كە شـانازیی پێـوە دەكـەن ئـەو تێكستەیە كـە پێـی دەڵـێن بـەیانی قەڵەمـە نەترسەكان. ئەمە هێرشێك بوو بـۆ سـەر مـەلای كـورد. مـەلای كـورد تـاوانی چییە ئەگـەر بەعس وڵاتەكەی رووخاندووە؟. بۆ دەبـێ رووناكبیر و داهێنـەری كـورد دژی مـەلای كـورد راپەڕێت؟ باسێكی تریان ئەوە بوو دەبێ ژنی كورد پەچە و عەباكەی بسووتێنێ. پێم وایـە هەنـدێ پەچـە وعەباشـیان كۆكردبـۆوە و سـووتاندبوونیان. ئەمـە دەكرێـت كەسـێكی ریفۆرمیست بیكات، بەلام كاری شاعیرێك یان نووسەرێك ئەوە نییە شـتی وەهـا بكـات. تـۆ دەبـێ لـەبواری وشـە و لـەبواری ئێـستێتیكدا، لـەبواری جوانكـاری ودەربڕینـی ئەدەبیـدا راپەڕین بكەیت نەك لەبواری ئەوەی كۆمەڵ چـاك بكـەیت. رەنگـە تـۆ وەك داهێنـەر و وەك

رووناکبیر بتوانیت بیروباوەڕی تازە و تۆوی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵدا بڵاو بکەیتەوە، ئەمە شتێکی دیکەیە و جیاوازە لەپەچە و عەبا سووتاندن و جنێودان بەمەلا و زانای کورد.

هەبوونی ئەو پێویستییە ئێستێتیکییە زمانەوانییە شیعرییەی باسم کرد، وای کرد کە بزووتنەوەیەکی تازەگەری لەکوردستاندا دەست پێ بکات، بزووتنەوەکە دەبوو هەر دەست پێ بکات لەگەرمیانەوە بێت یا لەهەولێر و سلێمانییەوە، گرنگ ئەوە بوو دەبوو دەست پێ بکات، بەڵام ئەو راستییەیش نابێ بشێوێنرێت کە شاعیرانی کفری، شاعیرانی گەرمیان سەرەتای ئەو تازەبوونەوە بوون و هیچ کەسێك ناکەوێتە پێش ئەوان.

**هێندەی من بۆی ئەچم دەبووایە ئەو نوێبوونەوەیە یاخود ئەو تازەبوونەوەیە وەک جەنابت دەڵێی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی گرتبایەتەوە، بەڵام تۆ ئەگەر تەماشا بکەی بەزەقی ئەوە دەبینی کە تەنیا شیعر بەڕادەیەکی بەرچاو توانیی سوود لەو گۆڕانە ببینێ و ژانرەکانی تر بەڕادەیەکی زۆر کەم. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چی، بۆ ئەوەی کە شاعیرەکانی نێو ئەو بزاوتە زۆرتر بوون یاخود تەنیا شاعیرەکان بڕوایان بەپێویستیی ئەو گۆڕانە هەبوو؟**

شاکەلی: لەفەرهەنگی میللەتاندا، رەنگە ئەگەر بکرێ بڵێم میللەتانی دواکەوتوودا، شیعر شێوازی زاڵی ئەدەبییە. ژانرێکی زاڵ لەئەدەبدا هەمیشە شیعرە. ئەوەیش کۆمەڵێك هۆی مێژوویی هەیە، کە بۆچی شیعر شێوەی زاڵە، شێوەی سەردەستی دەربڕینی ئەدەبییە لەلای میللەتانی دواکەوتوو. ئەمە پێوەندییەکی زۆری بەپێشکەوتنی زانستەوە هەیە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستە فیزیکییەکان، زانستەکانی تری وەك کیمیا و دەرمانسازی و گەلێکی دیکەیش، بەڵام رەنگە لەوانیش گرنگتر دەستگای دەوڵەت. ئەگەر زانستە کۆمەڵایەتی ومرۆڤایەتیەکان پێش بکەوتنایە، بێگومان ئەو کات زمانی کوردی بەشێوەیەکی تر بەکار دەهێنرا و تەنیا زمانی شیعر نەدەبوو. هەر بۆیەیش بزووتنەوەی تازەکردنەوە بێگومان راستەوخۆ رووی لەشیعر دەکرد و دەیویست بیگۆڕێت. بەڵام هەر لەو ساڵانەدا لەبواری چیرۆکیشدا بزووتنەوەیەکی نوێخوازی هەبوو. رەنگە رێك لەگەڵ تازەکردنەوەی شیعردا هاوکات نەبووبێت، بەڵام زۆریش لێی دوا نەکەوت. ئەو سەردەمە ئێمە چیرۆکنووسی وەك لەتیف حامید بەرزنجی و ئەحمەد شاکەلیمان هەیە کە جێدەستی

ئەدەبییان دیارە. حوسەین عارفیش، ئەگەرچی سەر بەنەوەیەکی پێشتر بوو، بەڵام زۆر بەجیددی دەیویست بەرهەمی تازە و تێکستی تازە پێشکەش بکات.

بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی هەشتاکاندا ئێستا ئەدەبی کوردی تەکانێکی باشی داوە، پەخشانی کوردی هەنگاوی باشی ناوە، کۆمەڵێ تێکستی پەخشانی باش نووسراون، چیرۆکی باش نووسراون، رۆمان دەنووسریت، پێم وایە ئەو وێنەیە وێنەیەکی برێك بەسەرچووە ئەگەر بڵێین تەنها شیعر ژانری زاڵە لەئەدەبی کوردیدا. بەڵام ئەویش راستە وەك سەرەتا شاعیرەکان پێش هەمووان هەستیان بەو پێویستییە کرد و بوونە پێشەنگی گۆڕین و نوێخوازی. باوەڕ ناکەم مەسەلەی ژمارە، ژمارەی شاعیر یا چیرۆکنووس لەم رووەوە کارکردێکی هەبووبێت. لێرەدا چۆنایەتی گرنگە نەك چەندایەتی.

**زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن بزوتنەوەی روانگە گۆڕانکاریی ریشەییی لەئەدەبی کوردیدا کردووە، بەڕای ئێوە ئەو گۆڕانگارییانە چین کە دەیبینن؟**

شاکەلی: ئەوەی گۆڕانکاری ریشەیی بێت وبزووتنەوەی روانگە کردبێتی بەڕاستی من شتێکی گەورە و بەرچاو نابینم! ئەوەی گۆڕانکاریی کردووە لەئەدەبی کوردیدا تەنیا روانگە نییە، روانگە یەکێکە لەو جۆگەلانەی رژاونەتە ناو زەریای ئەدەب و زمانی کوردییەوە، بەڵام لەپاڵ روانگەدا چەند جۆگەلە و رووباری دیکەیش هەبوون و هەن. ئەوجا ئەمە مێژووی سیاسی نییە بڵێین پارتییەك یا هێزێکی سیاسی ئەو گۆڕانکارییەی بەدی هێنا. لێرەدا مەسەلە نووسەرە و مەسەلە تێکستە. من سەیری تێکست دەکەم، نووسەری وا هەیە لەژیانی خۆیدا تێکستی گەورە و باشی نووسیوە، بەڵام سەدانی خراپیشی نووسیوە، نووسەریش هەیە بەپێچەوانەوە دە تێکستی نووسیوە نۆی چاکە و یەکێکی خراپە. لەبەر ئەوە ناکرێ بڵێین روانگە وای کرد یان گرووپی کفری وای کرد یان فلان وای کرد، بەڕاستی ئەدەب بەو شێوەیە تەماشا ناکرێ. ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ئەدەبی کوردیدا هاتووە، ئەو نوێکارییەی دوای مامۆستا گۆران لەئەدەبی کوردیدا پەیدا بووە، بەرهەمی کار و بەرهەمی تازەکردنەوەی هەموومانە و بەهەموومانەوە توانیومانە ئەو تازەکردنەوەیە بەدی بهێنین. لەبەر ئەوە ناکرێت بدرێتە پاڵ تاکە کەسێ، یا تاکە

گرۆپەك. من ناتوانم شتێكی وا لەبارەی گرۆی كفریشەوە بڵێم، ناتوانم بڵێم هەر تەنیا ئێمەین نوێكردنەوەمان هێناوەتە ئەدەب و شیعری كوردییەوە، چونكە قسەیەكی وەها راست نییە. رەنگە هەندێكمان لەهەندێكی دیكە زیاتر كارمان كردبێتە سەر شیعری كوردی، رەنگە نووسەرێك لەنووسەرێكی دیكە زیاتر زمانی دەوڵەمەند كردبێت، بەڵام ئەو ئەنجامە هونەری و زمانەوانییەی ئەمڕۆ بەرهەمی هەموومانە.

ئێمە كە باسی كاركرد و گۆڕانكاری دەكەین، دەبێ بزانین باسی كام لایەنانە دەكەین، گۆڕین لەچیدا، لەكامە بواردا؟ بوارەكانی گۆڕین و گۆڕان لەئەدەبدا زۆر و فرەڕەنگ و جۆراوجۆرن: زمان، وێنە، بیر، شێواز، فۆرم، مۆسیقا و زۆری تریش. ئەگەر ئەم راستییە بكەینە بنەمای وردبوونەوە و لێكۆڵینەوە لەنەخشی گرۆ ئەدەبییەكانی كوردستان، دەتوانم بڵێم نووسەرانی روانگە هیچ گۆڕانكارییەكی ریشەیی و بنەڕەتییان لەئەدەبی كوردیدا بەدی نەهێناوە.

### لە بارەی گرووپی كفرییەوە

**لەگەڵ رێزێكی زۆرمان بۆ مامۆستا لەتیف هەڵمەت كە داهێنەرێكی راستەقینە و شاعیرێكی دیار و گەورەیە، لەگەڵ ئەوەی كە بەڕاستی لەرووی بابەتەوە شیعرێكی دەوڵەمەندی نووسیوە، بەڵام رەخنەیەكی زۆر هەیە لەو زمانەی كە بەكاری هێناوە، مەبەستم تازەكردنەوەی ئەو لەرووی بابەتەوە بووە نەك زمان، كە بێگومان هەمیشە لەگەڵ نوێبوونەوەدا ئەبێ زمانیش نوێ ببێتەوە؟**

شاكەلی: لەتیف وەك هاوڕێ و دۆستێك ساڵانێكی دووروودرێژە یەكتر دەناسین، هاوكاتیش دەبێ وەك شاعیرێك و داهێنەرێك خۆی و بەرهەمەكانی هەڵبسەنگێنم. ئەمە بۆ من ئاسان نییە. بێگومان كاك لەتیف كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لەسەر زمانی كوردی، بەتایبەتی دیوانەكانی (خوا و شارە بچكۆلەكەمان و ئامادەبوون بۆ لەدایكبوونێكی تر و گەردەلوولی سپی)، كاریگەرییەكی یەكجار گەورەی هەبووە، توانیویەتی زۆر شتی تازە پێشكەش بكات. ئەو رەخنەیەی ئەمڕۆ سەبارەت بەزمان لێی دەگیرێ، پێم وایە تا رادەیەك راستە، من بەخۆیشیم وتووە. ئێستا لەتیف بەزمانێك دەنووسێت ناكرێ بگوترێ

زمـانێکی خراپـە، بـەڵام دەکـرا بـەهێزتر و هونەرمەندانـەتر بێـت. ئـەوەی پێـی دەڵـێین مشتومالّکردن و رێکخستنەوە و سـەرلەنوێ دارشـتنەوە و دەسـت پێـوەگرتن، بەداخـەوە لەتیف ئێستا ئەوە ناکات. نازانم بەهۆی تەمەنەوەیە یان کاتی نییە و گرنگی بـەوە نـادات. ئەو لەو رووەوە رەخنەی لـێ دەگیرێ وحەقیـشە رەخنـەی لـێ بگیرێـت. مـن دڵنیـام لـەو دیوانـەی لەتیفـدا کـە نـاوی نـاوە (کۆمارەکـەی لـەتیف هەڵمـەت) کۆمـەڵێ وێنـەی جـوانی هێناوە، بەڵام دەکرا زمانێکی جوانتر و پتەوتر بـەکار بهێنێـت، دیـارە خـۆی پێـوە مانـدوو نەکردووە.

دەبێ لەم پێوەندەدا دوو قۆناغی جیاواز لەمێژووی داهێنانی لەتیف هەڵمەتـدا ببیـنین، زمانی ئەو بۆ حەفتاکان و هەشتاکانیش زۆر تـازە و بـەهێز بـوو. رەنگـە ئـەمڕۆ نووسـەری کورد کە کوردییەکی جوان و هونەرمەندانە دەنووسێت لەجاران زیاتر بـن، لەبـەر ئـەوەیش خوێنەری کورد مـافی خۆیـەتی داوای زمـانێکی بـەهێز لەهەڵمـەت و لەشـاعیر و نووسـەرانی دیکەیش بکات.

لەتیف هەڵمەت سرووشتی لافاوی هەیە، نەك رووبار. زمانی لەتیف زمانی رووبار نییـە، زمانی لافاوە. رووبار رێکوپێك بەناو دۆڵێکدا دەڕوات و رێگای خۆی دەناسێت، بەڵام لافـاو دۆڵ و مـۆڵ ناناسـێت، دەشـت و کـەنار دەگرێتـە بـەر و هەنـدێ جـار هەموویـشی هەڵدەتەکێنێ. لەتیف، کە خاوەنی بەهرەیەکی یـەکجار دەگمـەن و بێوێنەیـە، دەبـوو لـەم تەمەنەدا زیاتر و قووڵتر بیر لەزمان و بیر لەمێتافۆرەکانی بکاتەوە.

**ئەوەی جێگای تێبینـی بـێ زۆربـەی رەخنـە و لێکۆڵینـەوە و راڤـەکاری و ئاماژەکـان لـەنێو برادەرانـی گرووپـی کفریـدا بـۆ بەرهەمـەکانی مامۆسـتا لــەتیف هەڵمــەت تــەرخانکراون زیــاتر لەهــەر برادەرێکــی تــری نێــو گرووپەکە، هۆیەکەی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

شاکەلی: سەبارەت بەوەی کە زۆربەی رەخنـە و لێکۆڵینـەوەکان بـۆ هەڵمـەت تـەرخان کراون، لەبەر ئەوەیە کە ئەو لێـرە ژیـاوە، بـەڵام مـن لێـرە نـەژیاوم، بـەلای کەمـەوە ئـەوە نزیکەی ٣٠ ساڵە من کوردستانم بەجێ هێشتووە. ئەوە لایەنێکە، لایـەنێکی تـر سانـسۆری دەستەڵاتی سیاسییە. هەتا بەعس لەسەر حوکم بوو، ناوی من لەسەداسـەد قەدەغـە بـوو. دیوانی یەکەمم (پرۆژەی...) بەفەرمانی وەزیری راگەیاندنی عیراقی بەعس لەگـەڵ کۆمـەڵێ

کتێبی کوردیدا قەدەغە کرابوو. دواتریش سانسۆری کورد، سانسۆری هەندێ چاپەمەنی و دەستگای ڕاگەیاندنی سەر بەهەندێ هێزی سیاسیی کوردستان لەسانسۆرەکەی بەعس پاکتر و ئاسانتر نەبوو. لەدەرەوە، لەئەوروپا و لەئەمەریکا، زۆر شت لەسەر بەرهەمەکانم نووسراوە. دیارە لەبەر ئەوەی بەزمانانی سوێدی و ئینگلیزی و ئیتالیایی و تورکی نووسراوە، نەکەوتۆتە بەرچاوی خوێنەری کورد. من خۆیشم لەوانە نیم دانیشم ئەو شتانە بکەمە کوردی و ڕێکلام بۆ خۆم بکەم. پێرار کە هەڵبژاردەیەکی شیعرەکانم بەعەرەبی لەدیمەشق دەرچوو کۆمەڵێ وتاری چاکی لەسەر نووسرا و هەندێکیان لەڕۆژنامە گەورە عەرەبییەکاندا بڵاو کرایەوە. هەڵبژاردەیەکیش بەفارسی چاپ کرا و وەك بیستم لەڕۆژنامەکانی ئێراندا لەسەری نووسراوە، ئەگەرچی خۆیشم هیچم لێ نەبینیوە. من هیچ بەوە دڵگران نیم کە لەسەر کاك لەتیف زیاتر نووسرابێت، بەڵکە پێم خۆشە و ئەو پیاوە شایانی ئەوەیە دوو هێندەی دیکەیشی لەسەر بنووسرێت.

**تەلەڤیزیۆن... ڕاگەیاندن**

**هۆکاری ئەو سانسۆرە ناحەزانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

شاکەلی: هۆکارێکی سیاسەتبازانەیە، نەخوێندەواری و نەزانییە، دڵپیسی و تێنەگەیشتنە، دڕندەیی و ملهوڕییە. زۆر هێزی سیاسی لەکوردستاندا هەیە وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر تۆ لەگەڵم نەبی کەواتە لەگەل دوژمنەکەمی، کە لەگەڵ دوژمنەکەیشم بوویت کەواتە دوژمنی منی! هاوکێشەیەکی زۆر ناحەزانە و زۆر بێڕەوشتانەیە بەڕاستی، بەتایبەت کاتێ ئەمە دژی ڕووناکبیر یا شاعیرێك بەکار دەبرێت.

**دیارترین بەرهەمەکانی گرووپی کفری کە تۆ بەبەرهەمێکی نوێ لەقەڵەمی دەدەی بەتایبەت بەرهەمی ئەو قۆناغە کامانەن، مەبەستم لەشێوەی کتێب چاپکرابێت؟**

شاکەلی: پرسیارەکە زۆر سنووردارە، وەرامەکەیش دیارە دەبێ سنووردار بێت. لەسەرەتای حەفتاکاندا کاك لەتیف دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) ی بڵاو کردەوە و منیش دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)م بڵاو کردەوە، هەردوویشیان لەلایەن خوێنەری کوردەوە و لەلایەن ڕەخنەگرانەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی کران. ئەو دوو دیوانە ئێستایش لەنیشانە دیارەکانی شیعری کوردین.

**با بێینەوە لای گرووپی کفری، تۆ هێشتا سەر بەو گرووپەی؟**

شاکەلی: نەخێر... نەخێر، نەوەڵا، نە سەر بەو گرۆیەم و نە سەر بەهیچ گرۆیەکی دیکەیشم. خۆ ئەو گرووپە ئەدەبییانە حزبێکی ستالینیستی پۆلایین نەبوون و نین، ئەوەی رۆژێ لەڕۆژان ببێتە ئەندامیان ئیتر هەتا مردن دەبێ هەر ئەندام بێت. ئێمە کۆمەڵە گەنجێك بووین لەڕووی جۆگراف و تەمەن و پاشخانی کۆمەڵایەتییەوە لەیەکەوە نزیك بووین. بەحوکمی ئەو نزیکییەش کۆمەڵێ نزیکیی تر دروست بووە: ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری و فکری. لەهەندێ رووەوە بیر و بۆچوونمان زۆر لەیەکەوە نزیك بوو، لەهەندێ شتی تریشدا سەد لەسەد بیرمان جیاواز بوو. بەڕاستی هەموو مێژووی نزیکایەتیی ئێمەی قوتابخانەی کەرکووك یا گرۆی گەرمیان لەچوار پێنج ساڵێك زیاتر نییە. مامۆستا لەتیف حامید لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا کۆچی کرد و ساڵێ پێش ئەوەیش هەر نەخۆش بوو، لەبەهاری ٧٤ هوە تا بەهاری ٧٥ من و لەتیف پێشمەرگە بووین و هاوینی ١٩٧٥یش من وڵاتم بەجێ هێشت و دوای بیستوپێنج ساڵ بۆ یەکەم جار سەری کوردستانم داوەتەوە. من ئێستا تەنیا دەتوانم بڵێم من وا بیر دەکەمەوە، یامن وا بیر ناکەمەوە. لەماوەی سی ساڵی رابوردوودا چ من و چ هەڵمەت و چ کەسانی دیکە، هەر یەکێکمان بەشێوەیەکی تایبەت لەڕووی هونەری و فکری و زمانەوانی و فەرهەنگی و هەموو شتێکەوە گەشەمان کردووە و خۆمان دروست کردووە. لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە ئێستایش هەر ئەو پێوەرە فکری و هونەرییانەی جارانمان بەستاندارد دابنێین. ئێمە کە جاروبار ناچار دەبین باسی گرۆی کفری دەکەین، دەمانەوێ تەنیا وەك راستییەکی مێژوویی ئەو پاشخانە روون بکەینەوە و بەرپەرچی درۆ و فێڵ و ساختەکارییەکانی ئەو کەسانە بدەینەوە کە نەك هەر ئەمڕۆ، بەڵکە مێژوویش دەشێوێنن و رەش دەکەنەوە. ئەمەی ئێمە دەیڵێین نەك تەنیا بەرگریکردنە لەخۆمان و لەهونەر، بەڵکە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئێستێتیکیشە و دەبوو هەر کەسێکی جوانیخواز و راستیخوازی تریش خۆی بەخاوەنی بزانییایە.

**تا ئەم دواییانەش کاریگەریی شیعری قوتابخانەی کفری هەبوو بەسەر شیعری نەوەی دوای خۆیانەوە، بەڕای تۆ ئێستایش ئەو کاریگەرییە هەر ماوە؟**

شاکەلی: مـن کاریگـەری بـەو شـێوەیە نـابینم وەك بلێـی کـابرای شـاعیر کـە نوێنـەری نەوەیەکی ئەدەبییە، شەش حەوت تووڕەکەی ڕەنگی بەدەستەوەیە و وەکوو(خـومکێش) هەموو گلۆلە بەنەکان بەیەکەوە ڕەنگ دەکات، واتە هەر کەسێك ئـەو ڕەنگـەی پێـوە بـوو ئیتر سەر بەو قوتابخانەیەیە. من وای نـابینم. کاریگـەریی نەوەیـەکی ئـەدەبی زەمـەنێکی زۆری دەوێ تا دەربکـەوێت و ڕەنـگ بداتـەوە لای شـاعیرەکانی تـر کـە دوای ئـەوان دێـن. کاریگـەریی نـەوەی حـەفتاکان چ ڕوانگـە بـێ، چ گـرۆی کفـری، چ هـەولێر و بادینـان بـێ، بەگشتی لەئـەدەبی نـەوەی دواتـردا دیـارە. بـەڵام ئـەم کاریگەرییـە تـا هەتایـە دەمـێنێ؟ نەخێر. بۆچی ئێمە لەخۆمانەوە ئیمپراتۆر بۆ شیعر دروست بکەین وپێمان وا بـێ هـەر کـێ دوای ئێمە دێت شازادەیەکی بنەماڵەکەی ئێمەیە و هەنـدێکیان شـازادەی تـاجوەرگر (ولـی عهد)ی ئێمەن؟ هەزاران گەنج دروست دەبن و سەدان خەڵکی بەهرەدار پەیدا دەبن.

زۆر جار هەر وایە کە لاوێك دەست بەنووسین دەکات دەکەوێتە ژێر کـارکردی شـاعیر و نووسەرانی پێش خۆیەوە. بەڵام کەسێکی بەهرەدار دوای ماوەیەك کەسـایەتیی ئـەدەبی و فەرهەنگیی خۆی دروست دەکات و ئەو کارکردەی بەو شێوەیە لەسەر نامێنێـت. بێگومـان لەسـەردەمێکدا کاریگـەریی ئێمـە بەسـەر شـاعیرانی دواتـرەوە هـەبووە. مـن شـاعیری وا دەناسم کە یەکێك لەدیوانەکانی، کـە چـاپیش کـراوە، نـەك هـەر کـارکردی دیـوانی (ژێ)ی منی بەسەرەوەیە، بەڵکە دەیان دێڕ و دەیان وێنەی هەر بەئاشـکرا لـێ وەرگرتـووە. بـەڵام شاعیری بەهرەدار و داهێنەر وا ناکات.

**کەواتا باوەڕت بەوە هەیە گۆڕانکاری لەشیعری کوردیدا دروستبووە و دەنگی تازەش هەیە؟**

شاکەلی: بێگومان.... بێگومان.

**ئـەو خەسـڵەتە شـیعرییانە چـین کـە شـیعری قوتابخانـەی کفـری جیـا دەکاتەوە لەهەولێر و سلێمانی، مەبەستم شیعری نەوەی هەفتاکانە؟**

شاکەلی: پێم وایە گرنگترین تایبەخۆی شیعری ئێمە کە بەتـەواوی لەشـاعیرانی دیکـەی جیـا دەکردینـەوە زمـان بـوو. ئێمـە بەشـێوەیەکی زۆر بوێرانـە زمانمـان دەخـستە گـەڕ لەتێکستەکانماندا، بەڵام شاعیرانی تر تا ساڵانێکی زۆریـش دوای ئێمـە هێـشتا لـەکارکردی زمانی گۆران ڕزگار نەبووبوون. لـەڕووی پێکهێنـانی وێنـە شیعرییەکانیـشەوە ئێمـە جیـاواز

بـووین. تـۆ بـچۆ دیـوانی (پـرۆژەی کوودەتایـەکی نهـێنی)ی مـن، یـا (خـوا و شـارە بچکۆلەکەمان)ی هەڵمەت بخوێنەوە، دەبینی هیچ شاعیرێکی کورد پێش ئێمە ئـەو زمانـە و ئەو میتافۆرەی بەکار نەهێناوە.

بە راستی من خۆیشم لەسەرەتاوە کەوتبوومـە ژێـر کـارکردی شیعرەکانی گۆرانـەوە و چەند شـیعرێکم هـەبوون کـە کاریگـەریی گۆرانیـان بەئاشـکرا تێدا دیـار بـوو. رەخنـەگر و روونـاکبیری گـەورەی شـەهید مامۆسـتا مەجیـد کـەریم ئەحمـەد دوو جـار شـیعری مـنی تەرجەمــەی عــەرەبی کردبــوو، پێشەکیــشی بــۆ نووســیبوون، لــەو پێــشکەشکردنانەدا پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە شاکەلی دەبێتە جێگرەوە (خەلیفە)ی گۆران. بەڵام مـن هـەر زوو لەوە گەیشتم کە ئەوە زمانی من نییە و دەبێ من بەزمانی خـۆم بنووسـم. هـەر وایـشم کرد.

لەتیف هەڵمـەتیش ماوەیـەك رێـك وەك گـۆران دەینووسـی. لـەدیوانی یەکەمیـدا چـەند شیعرێکی هێشتوونەوە کە هەر وێنەیەکن لەشیعری گۆران:

ورد برۆ سڵ مەکە، زەردەپەڕ خامۆشە

ئەم رێیە بەتەنها من و تۆی لەکۆشە.

بەڵام لەتیفیش هـەر زوو وازی لـەزمان و میتافۆرەکـانی گـۆران هێنـا و زمـانی تایبـەتی خۆی دەست پێ کرد.

**ئەوانە هەنگاوگەلێک بوون بۆ دروستکردنی جۆرێـک لەنوێگـەری یـان تازەبوونــەوە. بــەڵام مــن داوای خەسـڵەتی تایبــەتی دەکــەم بــۆ نموونــە بیرکردنەوەیــەکی شــیعری کــە لــەدایکبووی ئــەم خاکــە بــێ نــەک ئــەوەی لەهەولێر و سلێمانی لەدایک دەبێ؟**

شاکەلی: باشتر وایە کەسـێك لـەرووی لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی و رەخنەگرانـەوە بتـوانێ بگاتە ئـەو دەرەنجامـە، مـن نـاتوانم لێکۆڵینـەوە لـەبارەی ئـەو ئەدەبـەوە بکـەم کـە خـۆم دەینوسم یان دۆستەکەم دەینوسێ، رەنگـە ئـەوە زەحمـەت بـێ. هـەر لـەو سـەردەمەدا و دواتریش خەسڵەتی وا هەن کە بەتەواوی شـاعیرێك لەیـەکێکی دیکـە جیـا بکاتـەوە، بـەڵام ئێرە بەو جێگا گونجاوە نازانم بۆ باسکردنی ئەو وردەکارییانە.

ئەگەر باسی قۆناخەکانی دواتر بکەین دیارە ئەو شاعیرانەی کە بەردەوامن و داهێنەرانە دەنووسن هەر یەکە کەسایەتیی جیاوازی خۆی هەیە. تۆ ئەگەر ئەو چوار دیوانەی کە من لەبیست ساڵی رابوردوودا بڵاوم کردوونەوە بخوێنیتەوە، دەبینی کە شێواز و زمان و مێتافۆری شیعرەکانی من لەتێکستی هیچ شاعیرێکی کورد ناچێت و هیچ شاعیرێکی کوردیش وەك من نانووسێت. ئەم قسەیە نابێ وا لێك بدرێتەوە یەکێك لەیەکێکی دی چاکترە یا خراپترە، بەڵکە لەیەکتر جیاوازن.

باسکردنی بیرکردنەوەی شیعریی جیاواز بەپێی ناوچەکانی کوردستان، بیرێکی زۆر سەیرە. شتی وا لەلێکۆڵینەوەیەکی جیددیدا جێی نابێتەوە و هەر بەپێویستیشی نازانم وەرامی بدەمەوە.

**دەتوانی پێم بڵێی شیعری ئەو گرووپە (گرووپی کفری) دەنگی گەرمیان بوو؟**

شاکەلی: ئێمە نە حیزبی پێشرەومان دامەزراندووە و نە خۆمان بۆ پارلەمان هەڵبژاردووە تا دەنگ و نوێنەری گەرمیان بین. ناکرێ بڵێین دەنگی گەرمیان بووین. نە شێرکۆ بێکەس دەنگی سلێمانییە و نە پەشێویش دەنگی هەولێرە. بەڵام لەوانەیە هەندێ سروشتی گەرمیانیانە لەبەرهەمەکانی ئێمەدا بەدی بکرێت. تەنانەت بەدووری نازانم شێوەی دارشتنی میتافۆرەکانیشمان کارکردی گەرمیانی پیوە دیار بێت، ئەوە باسێکی دیکەیە.

ئەو قوتابخانەیە کە پێی دەوترێ قوتابخانەی کفری یا گەرمیان لەڕاستیدا قوتابخانەی تازەکردنەوەی شیعری کوردییە، سەرتاسەری شیعری کوردی، دوای مامۆستا گۆران و ناکرێ سنوورێکی ناوچەیی و ناوچەگەرانەی بۆ دابنرێت.

**خۆت ئاماژەت پێ دا ومامۆستا لەتیف هەڵمەتیش چەندین جار ئاماژەی بەوە داوە، کە تەسەوف بەشێکی سەرەکی وزیندووی نێوەڕۆکی شیعرەکانی ئێوەن، پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ تەسەوف لەنێو ئەم گرووپەوە سەری هەڵدا؟**

شاکەلی: ئێمە لەسەرەتاوە، نە من ونە کاك لەتیفیش، هێندەی پێوەندیی بەدەربڕینی ئەدەبی و ئێستەتیکی و ناوەڕۆکەوە هەبێت، هیچ پەیوەندییەکمان بەتەسەوفەوە نەبووە.

بەڵام ڕاستییەك هەیە و پێم وایە زۆر کەسیش ئەوە دەزانێت، ئێمە هەردووکمان لەڕووی پاشخانی فکری و کۆمەڵایەتییەوە، بەشێك بووین لەتەسەوف و تەریقەت. منیش و لەتیفیش سەر بەدوو بنەماڵەی شێخین: بنەماڵەی کاك لەتیف سەر بەتەریقەتی قادرین و بنەماڵەی ئێمەش سەر بەتەریقەتی نەقشبەندیین. ئەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەدروستبوونی جیهانبینیی ئێمەدا لەپاشەڕۆژدا. ئەو پاشخانە تۆوێك بوو کە لەناو کرۆمۆسۆمە شیعرییەکانماندا هەڵمانگرتووە. تۆ تەماشای پێشکەشکردنەکەی یەکەم دیوانی من بکە (چاپەکەی ساڵی ١٩٧٣) کە ئاوام نووسیوە: پێشکەشە بەوەی نازانم کێیە؟ لەکوێیە؟ چۆنە؟ بەڵام هەر بەدوایا وێڵم... خۆ پێویست ناکا من هیچ بڵێم، خۆت دەبینی ئەمە بەئاشکرا دەربڕینی ئەو پێویستییەیە کە دواتر هەندێ لەوەرامەکانیم بەهۆی تەسەوفەوە دۆزییەوە.

من بەش بەحاڵی خۆم بەهۆی خوێندنەوەوە، بەهۆی کاری ئەکادیمییەوە، لەئەوروپا و لەڕێگەی سەرچاوەی فارسی و ئینگلیزییەوە، تەسەوفم ناسیوە و بەرەو تەسەوف ڕۆیشتووم. کە دەڵێم تەسەوف مەبەستم تەنیا تەسەوفی کوردی نییە، بەڵکە سەرجەم میراتی تەسەوف، بەتایبەت بەشێوەی دەربڕینی ئەدەبی و هونەری. ئەوە کارێکی زۆری لەمن کردووە. بەشێکی زۆری دیوانەکانی پانزدە بیست ساڵی دوایم تەرخان کراوە بۆ بابەتەکانی تەسەوف، کە ئیزافەیەکی زۆر گەورەیە و دەوڵەمەندییەکی کەموێنەیە بۆ ئەدەبی کوردی. پێش ئێمەیش، دیارە، شاعیری سۆفی لەکوردستاندا هەبوون. لەئەدەبی کلاسیکدا شاعیری موتەسەویفی کورد زۆرن، هەندێکیان زۆریش گەورەن: مەلای جەزیری و مەولەوی و مەحوی، بەڵام شێوەی دەربڕینی ئێستای ئێمە لەگەڵ شێوەی دەربڕینی ئەوان زۆر زۆر جیاوازە.

تۆ دەزانی ڕەمز (نیشانە، سیمبۆڵ) و زمانی ڕەمزدار بنەڕەتێکی گەورە و بەرینی ئەدەبی تەسەوفە. فەرهەنگی وشە و دەربڕین و نیشانەکانی بەرهەمی شاعیرانی سۆفی یەکجار فراوان و دەوڵەمەندە. بەڵام من کە ئەمڕۆ شیعرێکی سۆفییانە دەنووسم ناچم ئەو فەرهەنگە بگوێزمەوە ناو شیعرەکانی خۆم، نایەم پێکهاتەی وێنەکانم لەسەر مۆدێلی کارەکانی ئەوان هەڵچنم، بەڵکە هەوڵ دەدەم ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندتر و جوانتر و فراوانتر بکەم. ئەمە مەعنای دابڕان لەو فەرهەنگە نییە، چونکە دەیان و سەدان نیشانە و

رەمز هەن کە پێش مەلای جەزیریش هەبوون و ئەمڕۆ منیش سوودیان لێ وەردەگرم، بەڵام هاوکاتیش دەیان و سەدان وێنە و رەمزی تازەم هێناوەتە ناو فەرهەنگی شیعری عیرفانییەوە بەزمانی کوردی.

بۆچی تەسەوف لەناو گرووپی ئێمەدا سەری هەڵدا؟ باوەڕ بکە لەم کاتەدا منیش وەرامێکی وەهام پێ نییە کە قەناعەت بەخۆم بکەم. نازانم، منیش نازانم بۆچی. رەنگە ئەمەیان خەسڵەتێکی تایبەتی گەرمیان بێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئاوەزکارانەیشم نییە.

**من داوای خەسڵەتێکم لێکردی کە شیعری ئەم قوتابخانەیە لەقوتابخانەکانی هەولێر و سلێمانی جیا بکاتەوە. پێتوا نییە بوونی ئەم تەسەوفە لەشیعری ئێوەدا یەکێکە لەو خەسڵەتانە؟**

شاکەلی: مەبەستەکەی منیش هەر ئەوە بوو ، ویستم وا بڵێم، ویستم ئەوەت بۆ باس بکەم کە لەکاتی خۆیدا زمان و میتافۆر دوو خەسڵەتی گەورە بوون. ئەمڕۆ ئەو لایەنە فکرییەیشی چووەتە سەر، واتە تەسەوف، کە ناوەڕۆک دەگرێتەوە.

**سەبارەت بەشیعری دوای راپەڕین**

**تا چەند ئاگاداری شیعری دەڤەری گەرمیانی، ئەو شیعرەی لەدوای راپەڕینەوە دەنووسرێ؟**

شاکەلی: راستیەکەی لەبەر ئەوەی ٣٠ ساڵە لەکوردستان ناژیم، بۆم نەکراوە بەو شێوەیەی کە ویستبێتم وحەزم کردبێ بکەومە پەیجۆری ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لەم وڵاتەدا بڵاو دەکرانەوە و دەکرێنەوە. تێکستم بەرچاو کەوتووە، رۆژنامە و گۆڤارم بینیوە و جاروبار کتێبیشم پێ گەیشتووە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی من بینیومە بەشێکی کەمی ئەو ئەدەبەیە کە لەکوردستان بەگشتی و لەگەرمیان بەتایبەت نووسراوە. هیوادارم دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ و بتوانم بەشێوەیەکی زانستی، بەشێوەیەکی ئەکادیمی، لەبارەی ئەدەبی نەوەی تازەوە، لەبارەی ئەدەبی تازەی گەرمیانەوە، لەبارەی ئەدەبی تازەی بادینانەوە، لەبارەی گشت ئەدەبی تازەی کوردییەوە بنووسم.

خۆشبەختانە ئەمڕۆ چەند نووسەر و شاعیری گەرمیان هەن کە لەئاستی کوردستاندا ناسراون و بەرهەمەکانیان بەشێکی گرنگ و جوانی ئەدەبی کوردین.

**ئەوەندەی ئاگاداری بەگشتی ئەو شیعرەی دوای راپەڕین دەنووسرێ دڵخۆشکەرانەیە، هیچ سیمایەکی نوێگەریی پێوە دیارە؟**

شاکەلی: پرسیارەکەت لەبەردەم دووریانێکی سەختدا رامدەگرێت، لەلایەکەوە من بێگومان دڵخۆشم هەر گەنجێکی کورد شتێکی تازە بێنێ و هەوڵ بدا شتێکی تازە پێشکەش بکات. بەڵام کە من دەستم نەگەیشتبێت و نەگاتە بەشی زۆر و گرنگی ئەو بەرهەمانە، رێگە بەخۆم نادەم لەو بارەیەوە شتێك بڵێم بۆنی داوەریکردنی لێ بێت.

**دوا وێستگە**

**بەگشتی بۆچوونێک هەیە ئەویش دەڵێ بەهۆی هێژەموونی تەکنەلۆژیاوە شیعر بەرەو نەمان دەچێ. تۆ لەو بارەوە چی دەڵێی؟**

شاکەلی: شیعر بەرەو فەوتان دەچێ، قسەیەکی رەهایە، ئەگەر تۆ وردی بکەیتەوە ئەوا دەتوانی بەشێوەیەکی تر دەریبڕی، شیعر وەك ژانرێکی ئەدەبی، وەك دەربڕینی ئەدەبی بەرەو فەوتان ناچێ، من قەت لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم. تا مرۆڤ لەم سەرزەوییە هەبێ، تا دڵداری وخۆشەویستی بمێنێت، تا کۆمەڵێ هەستی جیاوازی ئینسانی بمێنێ، شیعریش هەر دەمێنێت. رەنگە ئەمرۆ دیوانی کەمتر چاپ بکرێ، رەنگە بەو بەربڵاوییەی جاران دیوانە شیعر بڵاونەبێتەوە و نەفرۆشرێ، ئەوەیان راستە و رێی تێ دەچێ، بەڵام شیعری جوان هەر دەمێنێ و خەڵك پێی خۆشە. ئێستایش لەئەوروپا و ئەمەریکا کە لووتکەی پێشکەوتنی شارستانێتی وتەکنیك وزانستن، شیعر هەر رۆڵی خۆی هەیە و خوێنەری خۆی هەیە. لەوەیە ئەمرۆ شاعیرێکی ئەمەریکایی، ئینگلیز یا ئەڵمانی، شتێکی جوان پێشکەش بکات کۆمەڵێ خەڵکی کەمتر لەدەوری کۆ ببنەوە، بەڵام دڵنیام نرخاندنی بەرهەمەکەی لەجاران قووڵتر دەبێت. من باسی کوردستان ناکەم، لەکوردستان نە رەخنەی جیددی و زانستی هەیە و نە نرخاندنی هونەرمەندانە.

من خۆم لەوڵاتێکی یەکجار پێشکەوتووی ئەم دنیایەدا دەژیم و پێوەندییەکی فەرهەنگیی باشیشم لەگەڵ کەسانێك لەئەمەریکا و فرانسا و ئینگلستانیش هەیە، بەڵام وا هەست ناکەم شیعر بەرەو فەوتان چووبێت. رەنگە راستتر وا بێت بڵێین چەندایەتی گۆڕاوە بۆ چۆنایەتی.

**تۆش هەر بەردەوام دەبی لەنووسین وبڵاوکردنەوە؟**

شاکەلی: تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم... ئەگەرچی شیعر بەپێ نانووسرێت... پێم وایە پرسیارێکی زیاتر فیزیکییە. تا ئەو رۆژەی تەندروستیم رێگەم بدات و هۆشم کار بکات و بەهرەم وشکی نەکردبێت، هیوادارم بتوانم بنووسم. بەڵێ.

**هەر بەهەمان ئەو جۆش وخرۆشەی کە دەستت پێکردووە؟**

شاکەلی: بێگومان نا، ئەگەر وا بڵێم رنگە راستم نەوتبێت. ئەو سۆزە، ئەو جۆش وخرۆش وگەرموگورییە گۆڕانی بەسەردا هاتووە: راستییەکەی هەندێ بابەت لەجاران گەرموگوڕتر دەنووسم، بەڵام هەندێ بابەتی تر، ساردتر دەنووسم، یا هەر وازم لێ هێناوە. گەرموگوڕی پەیوەندی بەتەمەنی مرۆڤەوە هەیە، پەیوەندی بەقەناعەتی فیکرییەوە هەیە، پێوەندی بەئەزموونی هونەرییەوە هەیە. لەوەیە ئێستا شیعری دڵداری وەك جاران نەنووسم، شیعری سیاسی و شۆڕشگێڕی کە هەر نانووسم. بەڵام ئەو شێوە شیعرەی کە ئێستا دەینوسم، بەڵێ لەجاران گەرموگوڕتر بۆم دێت.

**پرسیارێک گەر ئێمە نەمانکردبێ و تۆ حەزت بەوە کردبێ بیکەین؟**

شاکەلی: وەڵڵا سەدان پرسیار هەن لێت نەپرسیوم؟

**وەک؟**

شاکەلی: با بمێنێ بۆ کاتێکی تر.

تێبینی: ئەم گفتوگۆیە لەبەرواری ٢٠٠٦/٨/١٩ لەدێی شاکەل ئەنجامدراوە.

# دیدار لەگەڵ ئیسماعیل حەمە ئەمین



*رەهەند توانی هەموو ئەم وێنانە قلپ بکاتەوەو وێنەیەکی دیکە و ئەخلاقیاتێکی دیکەو پرەنسیبی نوێ بدات بەمامەڵەی رۆشنبیریی و رۆشنبیر

*گۆڤاری رەهەند یەکەم گۆڤار بوو کە لەسەر گیرفانی حیزب دەرنەدەچوو

سازدانی: ئارام سدیق

یەکێك لەو پرۆژانەی کەپاش راپەڕین دەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو پرۆژەی رەهەندو رەهەندییەکانە، کەکۆمەڵێك رۆشنبیری جیدی لەدەوری خۆی کۆکردبوەوەو تا رادەیەکی بەرچاویش کاریگەرییان لەسەر نەوەیەکی خوێنەرو رۆشنبیر هەبووەو تا رادەیەکیش کاریگەریان لەسەر ئەو نەوەیە بەجێهێشت. پاش تێپەڕبوونی زیاتر لەپانزە ساڵ لەکارکردنی رەهەندییەکان و دەرکردنی نزیکەی (٢٠) ژمارەی گۆڤاری رەهەند پێوستە قسە لەئەزموونی رەهەندییەکان بکەین، ئەو ئەزموونە بەهەموو جوانی و

ناشـیرینیەکانییەوە قـسەی لێبکرێـت. ئـەم دیـدارەی بـەڕێز "ئیـسماعیل حەمـە ئـەمین" دەسپێکی ئـەو پرۆژەیەیـەو خوێنـەران لـەوە دڵنیادەکەمـەوە کـە دیـداری دیکـەی بـەدوادا دێت.

***دەکرێت بەئەزموونی رەهەنـدو رەهەندییـەکان بوترێـت پـڕۆژە؟ بـەو مانایـەی کەکۆمـەڵێک یـەکانگیرو کـاری کـەلتوری و فەرهـەنگی و تیـۆری هەماهەنگـە لـەنێوان کۆمـەڵێک نوسـەردا لـەپێناو گۆڕانـداو بـەکارکردن لەکایەی مەعریفی جیاوازدا؟**

ئیسماعیل حەمەئەمین: هەموو کارکردنێك لەکەلتووردا پرۆژەیەکە بۆخـۆی ، مادامـەکی لەپشتییەوە ئیرادەیـەك هەیـە بـۆ تێگەیـشتن و لێکدانـەوەی جیهـان، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بەڵکو بۆ گۆڕینی جیهانیش. نوسەرەکان ئاوەها بەپێی ناوبانگی رەسمیان پـۆلێن نـاکرێن، بەقــەد ئەوەنــدەی شــێوزای بیرکردنــەوەو داهێنانیــان ئــەو دەرکەوتنــە رۆشــنبیریەیان پێدەبەخشێت کەهێڵی جیاکردنەوەی ئەمـە لەئـەوی دیکـە، رەهەنـدیش هـەر ئاوەهـا بـوو، سەرەتا خـەونێکی رۆشـنبیریی بـوو، لێـرەو لـەوێ لـەم نوسـەر بـۆ ئـەوی دیکـە بـەجۆرێك نەخشەی بۆ دەکێشرا، فانتازیایەك بوو هەر یەکەو لەزەمەنی داگیرکردنی بەعس و جەنگدا جۆرێك گۆڤـاری لـە زیهـنی خۆیدا وێنـەکێش دەکـرد، هـەموو یـەکێك لـە ئێمـەی نوسـەران کەئەوسـا لەلایـەن نوسـەرە سـەلەفییەکانەوە بەنوســەری لاو نـاو دەبـراین، گۆڤـارێکی لەخەیاڵی خۆیدا کێشابوو، بەڵام بەجیاوازی نەوەی پێـشوومان، ئێمـە هەرچـی ئیمکانیـەت هەبوو لەبەردەستماندا نەبوو بۆ ئەوەی بتـوانین رۆژنامەیـەکی دوولاپـەرەیی مانگانـەشمان هەبێت . ئەدەب لای نەوەی ئێمـە، کـەمن بـە (نـەوەی جـەنگ) ناویـان دەبـەم، پانتایـەکی گەورەی لەرۆشنبیریمان داگیر کردبوو، هەموو یەکێك لەئێمە لـەژێر بـارودۆخی هەلاتـەیی و دەربـەدەری سـنورەکانی ئێـران و فـیراری، خـەونێکمان هـەبوو بەداهاتوویـەك بـۆ کـاری کـەلتوریمان، ئـەوەی ئێمـە کردمـان جیـاواز بـوو لەهـەموو نوسـەرەکانی پـێش خۆمـان و تائێستاش زۆربەمان هەر بەو رۆحەوە کاردەکەین، ئـەویش ئـەوە بـوو، ئێمـە تـەنها پـشت بەخۆمان دەبەستین، تـەنها خۆمـان و کەسـی دیکـە، مەبەسـتم لەوەیـە ئێمـە نەلەزەمـەنی بەعــسدا خۆمــان بــەدەزگا بــەنێو رۆشــنبیریەکانیەوە هەڵواسـیوەو نەلەزەمــەنی دوای راپـەرینیش لـەو رۆشـنبیرییە حیزبییـە نزیـك کەوتوینەتـەوە، کەئـەمرۆ بەسـەدەها کۆلکـە

نوسەرو رۆژنامەنوسی بۆ خۆی پێکهێناوە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دەسەلات پەیوەندیەکی هێنـان و بـردن بـووە، راکـێش راکێـشییەك هەیـە لەنێوانمانـدا ، لێـرەوە بـەهۆی ئـەو تاکرەوخوازیەمان و ئەو دوور کەوتنەوەیەمان لەدەسـەلاتی رەسمـی، پـرۆژەی گۆڤـارێکی ئەدەبی و فیکری بالآ، وەك خـەونێك مایـەوە ..ئەمـە لەلایـەك و لەلایـەکی دیکـەوە ئێمـەی نەوەی جەنگ جیدی بووین لەخەونمان، زانیومانە سیاسەت و ئـەدەب کـەی لـێکگیردەبن و کەیش لێکدی جودادەبنەوە، یەك شیعرم پێبڵێ لەم نوسەرانەی نەوەی جەنگ بۆ پـارتێکی سیاسی یان بۆ سەرۆکێکی بەرێز نوسرابێت ! ، هەموو یەکێك لەئێمە بەجیاوازی بیربۆچـوون و بیروڕایـەوە، سـەرەڕای هـەموو ئـەم بارودۆخـە سـەختە، سـەرقاڵ بـووین بەنوسـین وەك پـرۆژەی تەمـەن، بـۆ ئەمـەش هـەر یـەك لەئێمـە جۆرێـك خوێندنـەوەی تایبـەت بـەخۆی و جۆرێك لەکاری خۆپەروەردەکردنی لەسەروو هەموو مەرجەکانی ژیانـەوە دانـابوو، هەنـدێك لەو هاوڕیانەمان زۆر زوو هیلاکبـوون، چ بـەوەی تـا ئێـستا خۆیـان دووبـارە دەکەنـەوە، چ بەوەی بـوون بەئـەدیبی رەسمـی و وەکـو فەرمانبـەرێکی کـەلتوری تـا ئێـستا بـەردەوامن، بەمانای بەردەوامی لە(گومان و داهێنان )، سـیفەتێکی باشـی نوسـەرانی نـەوەی جەنگـە، ئەمە جگەلەو ئیندیڤیدواله سەختەی هەموو یەکێك لـەپرۆژەی رۆشـنبیری خۆیدا پـەیرەوی دەکـات، ئەمـەش وایکـردوو تێکـستی هەمـەڕەنگ و هەمـەدەنگ و جـۆر بەرهـەمبهێنرێت.

لێرەوە، ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێك نوسـەردابن کامـڵ بـوون بـۆ پـرۆژەی رۆشـنبیریی، بـەلآم ئیمکانیاتی ماتریالیان لەبەردەستدا نەبوو، بۆنمونە، بەختیارو مەریوان و بـەرزان فـەرەج و گـۆران و برادەرانـی دیکـە، گۆڤـاری ئازادییـان لەزەمەنێکـدا دەرکـرد، کەهـەموو کـورد سەرمەستی شەڕو حەماسی شۆڕشگێڕانەبوو، ئازادیی نەیتوانی بەردەوام بێت، نـەك لەبـەر ئەوەی توانای رۆشنبیری پێویستی نەبوو، بـەڵکو ئیمکانیـاتی مـادی و شـەڕی بـەردەوامی ئەم پارت لەگەڵ ئەو و شەڕی براکوژی و گەمارۆ، نـەك تـەنها رێگربـوو لـەپرۆژەی گۆڤـاری ئاوەها، بەڵکو رێگر بوو لەبەرامبەر ژیان خۆشی. کاتێك ژیان لەدەڤەرێکدا هـیلاك دەبێـت، ئەوا سەرجەم بوارەکانی دیکەش جۆرێك لەوەسـتان و وچـان بەخۆیـەوە دەبینێـت ، ئیـدی خەون بە گۆڤارێکەوە، نوێنەرێکی رۆشنبیریی ئێمە بێـت لەگۆرەپانەکـەدا نـەبوو، ئەوانـەی کەهـەبوو سانـسۆری حیـزب خنکانـدبووی ..ئیـدی هـەر وەك ئـەوەی زەمـەن نـەگۆڕابێت، ئێمەی نوسەرانی جەنگ جارێکی دیکە لەبەردەم کونجـەکانی دیـسپۆتدا خۆمـان بینیـەوە،

بەڵام هەموو ئەمانە وای لەكەس نەكردبوو پشتی ساردبێتەوە، زۆربەمان بەهۆی شەڕی براكوژییەوە وڵاتمان جێهێشت و لەمەنفاكاندا گیرساینەوە، هەندێكیشمان لەوڵات مانەوە، لەم نێوەندەدا ماوەیەكی كورتی نقومبوونی هەمووان هەیە بەخۆگونجاندن لەگەڵ كۆمەڵگەی تازەی خۆرئاوا، كەئەو زەمەنە بۆ ئێمە نوێ بوو، دەبووایە زمان فێربین نەك تەنها بۆ ئەوەی ژیانی پێ بەسەر بەرین، نەخێر، بەڵكو بۆ ئەوەی بتوانین لەو سەرچاوەو كتێبە نایابانەی دنیا نێزیكبین كەكتێبخانەی عەرەبی و فارسی لەچاویدا هەژارن، ئەمە گرنگ بوو، هەندێك لەبرادەران هەل و بارودۆخی خوێندنیان بۆ رەخساو هەندێكیش بەردەوامبوون لەخۆپەروەردەكردن، ئیدی دوای چەند ساڵێك لێرەو لەوێ پەیوەندی رۆشنبیریی دەستپێكردەوەو دوور لەئیشكالیاتی زمانی عەرەبی وەرگێرانە بەعەربیزەدەكراوەكانینان، هەر یەكەو لەئێمە لەنێو كەلتورێكی دیكەو ژیانێكی دیكەوە دەمانڕوانیە دنیای كوردی، بێئەوەی بكەوینە نێو چاڵی حەماس و نۆستالژیای بێمانای موهاتەرات و شەڕە جنێوی بێبناغە بەم سەركردەو بەو حیزب و بەو تاقم و دەستەیە.
ئێمە بەجیاوازی نەوەیەك نوسەر كەلەهەشتاكانەوە لەئەورویاو سكاندەنافیا نیشتەجێ بوون، نەكەوتینە ساتیرە نوسین و شەڕەپلار، هەمووان بەهەستێكی رۆشنبیرانەوە لەكاری یەكترمان دەروانی، ئیدی زەمینەیەك هەبوو بەڵام هێشتا خاوەنی گۆڤارێك نەبوو، بیرت نەچێت نوسەرانی نەوەی ئێمەش لەنێو وڵات، یەكێكی وەكو ئازیزم رێبین هەردی و شێرزاد حەسەن بەشێكی دیكەی ئەو بازنەیە بوون، ئەمانە هەمووی پشتە وێنەو زەوی شێداری ئەو نەوەیەیە كەوردەوردە وەك قارچك لەزەوی هەڵدەتۆقین، گۆڤاری (رەهەند) و دەستەی نوسەرانی ئەو گۆڤارە، توانینان هەموو ئەو توانا رۆشنبیرییە جدیانە لەخۆیان كۆبكەنەوە، رۆڵی بەختیارو مەریوان بەتایبەت، زۆر بەرچاوە، بەتایبەت هەردووكیان لەرووی كۆمەڵایەتییەوە كەسانی خۆشەویستن، ئەمە جگە لەتوانا فیكریەكانینان، هەموو ئەو نوسەرە بەرێزانەی لەرەهەندا دەیانوسی كەسانێكن دوور بوون لەئەخلاقیاتی سەلەفی، تێكستێك چەندەها جار دەهێنراو دەبراو قسەی لەسەر دەكراو نامەی لەسەر دەگۆڕدرایەوە، ئەوسا دادەبەزی، (بەتایبەت ئەو كاتە ئینتەرنێت و ئیمێل ئاوەها بەردەست و بڵاونەبوو )، مامەڵەیەكی باڵا لەگەڵ تێكست و حورمەت گرتنی تێكست بوو

بەتەقلید لەو گۆڤارە، کە لەئەخلاقیاتی رۆژنامەنوسی ئێمەدا شتێکی باو نەبوو. ئەمە زۆری هاندا کەتێکست بۆ رەهەند بنێرن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

بەدیوێکی دیکەدا، گۆڤاری رەهەند یەکەم گۆڤار بوو کە لەسەر گیرفانی حیزب دەرنەدەچوو، بەڵکو گیرفانی دەستەی نوسەرانی ئەو گۆڤارە خۆی، ناوەرۆکی فیکری گۆڤارەکەو پەلاماردنی کێشە قەیراناوییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی لەزەمەنێکدا کە شەڕی براکوژی هەموو تروسکایەکی رۆشنبیری لەو دەڤەرەدا کوژاندبۆوە، بوونی رەهەند ئەو پەنجەرەیە بوو رۆشناییەکی دەدا بە رۆڵی نوسین، ئیدی نوسین لەجوغزی گۆڤارە تەریکەکانەوە بوو بەنوسینێك کەبیرورا دروستدەکات، دروستکردنی ئیدیاو بیرورا لەڕێگەی تێزەکانەوە دەنگێکی رۆشنی رۆشنبیر بوو، لەدەڤەرێکی پێ تاریکی و خوێندا. دەتوانین بڵێین رەهەند ئەو هێزە رۆشنبیرییە جدیانەی کۆمەڵگەی کوردی هێنایە ئاستی گفتوگۆ، هەر وەك ئەوەی یەکێك پاڵت پێوەبنێت، رەهەند هەموو رۆشنبیرێکی جیدی پاڵ دەنا بۆ شەڕی فیکرو ئایدیاو دروستکردنی بیروڕاو رەخنەی فیکری، ئەمانە هەمووی بەشێکی کەمن لەو پێچە گرنگە مێژووییەی رەهەند پێداتێپەڕی، رەهەند توانی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، هەیبەت بگەڕێنێتەوە بۆ کەلتوورو رۆشنبیریی لەبەرامبەر سیاسەتێکی خێڵەکی.

***ئایا ئەزموونی رەهەند، ئەزموونێکی دابڕان بوو؟ بەو مانایەی دابڕانێکی مەعریفی و ئەپستیمی و فەرهەنگی بوو لە کۆی سیستمی عەقڵی تاکی کورد. لەگەڵ عەقڵی زەمەنی پێش خۆی. واتە گۆڕانێک بوو لە دنیابینی و تێڕوانین و راڤەکردندا؟**

ئیسماعیل حەمەئەمین: وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، رەهەند بەتەنێ نەیدەتوانی ئەو جوڵەیە بەرپابکات، ئەگەر هاتوو زەمینەیەکی رۆشنبیری بەپیت بوونی نەبووبێت، هەروەکو گووتم، پرۆژەی رەهەند تەنها پرۆژەی گۆڤارێکی فیکری نەبوو، بەڵکو لەگۆڤارێکەوە بووە هۆی بەخشینی رووبەرێکی ئازادانە بۆ نوسین کە نوسەران لەگۆڤارو رۆژنامەکانی دیکەدا بۆیان نەرەخسابوو، نێوەندێکی بیروڕاو رەخنەگرتن بوو لەدەسەلات بەشێوەیەکی گونجاو و کولتوریانە، رەخنەیەك وردەوردە نێوەندێکی دیکەی دەهاروژاند کەتاوەکو ئەو زەمەنە بەنێوەندی ئەدەبی کوردی ئاشنا نەبوو. چەندەها تەوەرەی گفتوگۆی فیکری لەمەڕ کۆمەڵگەی کوردی هاروژاند کەلەوەو پێش نوسەران تەفسیرکردنی

سیاسەتیان هەڵگرتبوو بۆ سیاسییەکانی نێو دەسەڵاتی حیزب. ڕەهەند وێنەی ڕۆشنبیری لەکەسێکی گۆشەگیر گۆڕی بەکەسێکی چالاك بێئەوەی خۆی لەهیچ قاوغێکی سیاسیدا ببینێتەوە، بەمانای، ئەگەر لەوەو پێش ڕۆشنبیر لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەك یان پارتێکی دیاریکراوەوە چالاکی خۆی هەڵسوڕانبێت، ئەوا ڕەهەند پڕۆژەی ڕۆشنبیر بوو وەك خۆی، وەك ئیندڤیدوالێکی ڕۆشنبیری بەرامبەر جیهان و کۆمەڵگە. ئەمە گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لە وێنەی ڕۆشنبیردا، لەیەکێکەوە گۆشەگیر یان ڕەدوکەوتووی دەستەیەکی سیاسی، بۆ تاکڕەوێك تەنها پشت بەپڕۆژی خۆی ببەستێت، بوونی گۆڤاری ڕەهەندیش ئەو ئیمکانیەتەی بەرجەستە دەکرد. هەرچەندە دەسەڵاتی حزبی لەسەرەتادا دەیویست لەژێر ناوی (ڕەهەندییەکان ) هەموو پڕۆژەکە مێگەلخوازی بکات، بەڵام بەردەوامی هەموو نوسەرانی بەشداری دوور و نزیك لەبەرهەمهێنانی تێکستی ڕەخنەیی و تیژی فیکری و ئەدەبی و جیاوازی قوڵ لەنێوان بیروڕاکانیناندا لەمەڕ کێشە گرنکە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی، نەیتوانی ئەو پڕۆژەیە دەستەگەربکات، یاوەکو وەك دەستەگەرێکی تایبەت نیشانی بدات. بەڵکو جیاوازی دەنگ و بیروڕاو تەفسیر جوانترین خەسڵەتی پڕۆژەی ڕەهەند بوو، من خۆم گوتارم ناردبوو بووە هۆی کێشە و گفتوگۆی لەنێوانماندا، ئەمە کارێکی سروشتی بوو، ئەو جیاوازیانە لەچوارچێوەی پەیوەندیەکی ڕۆشنبیرانەی هەمەڕەنگ و دەنگدا هەڵدەسوڕا، بەبێئەوەی وەکو ئەوەی پێشوو ئەو جیاوازیانە ببن بە کێشەی کەسی، ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو کە لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا لەوەو پێش بوونی نەبوو، کەجیاوازی و ڕەخنەکان نەبنە کێشەی کەسی و پریڤات. جیاوازیکردن لەنێوان کەسی و ڕۆشنبیری، سیفەتێکی گشتی هەموو ئەو نوسەرە جدیانە بوو، بەشداربوون لەپڕۆژەی ڕەهەند، بۆنمونە من و هاورێی ئازیزم هیوا قادر زۆر جار لەسەر تێکستێك ڕەخنەی بێبەزیمان لەیەکتری گرتووە، بەبێئەوەی ببێتە کێشەی کەسی، کەسیشمان موجامەلەی یەکتر ناکەین لەسەر حسابی ڕۆشنبیریی، نمونەی کێشەی فیکری نێوان فاروق ڕەفیق و بەختیارعەلی، نمونەیەکی باڵای گفتوگۆی دوو نوسەر بوون کە هەریەکەو بەرگری لەتێزێکی تایبەتی خۆی دەکرد، ئەمە چەندەها تێکستی فیکری جوانی لێوەبەرهات، بەبێئەوەی لەچوارچێوەی ڕۆشنبیریی تێپەربکات بۆ گرفتی کەسی، لەو شێوەیەی لەنێو سەلەفیەتی نێوەندەکەدا تاوەکو ئێستا باوە ! . ئەمە نموونەیەکی

دیکەی ئەخلاقیاتی رۆشنبیرە کەتاوەکو ئێستاش لەم نێوەندەی ئێمەدا ونە .. رەهەند توانی هەموو ئەم وێنانە قلّپ بکاتەوەو وێنەیەکی دیکەو ئەخلاقیاتێکی دیکە و پرنسیبی نوێ بدات بەمامەڵەی رۆشنبیریی و رۆشنبیر، هەروەکو وتم تەواوی کارە جدی و کەسە جدیەکان بهاروژێنێت، پاڵیان پێوە بنێت بۆ کاری بەردەوام و جیرە درێژی رۆشنبیریی ...ئەمانە هەمووی ئەو دابڕانە دیارو گرنگانە بوون لەم پڕۆژەیەدا.

***ئەزموونی رەهەند، ئەزموونێک بوو پڕ لەداهێنان؟ لە کاتێکدا بەرهەمگەلێکی بەئێمە ئاشناکرد لە کایە جیاوازەکاندا کە دەکرێت لەسەری بوەستین، یاخود کارکردن بوو لەپەراوێزی دونیای گرفت و ئیشکالە مەعریفییە-کەلتورییە پەراوێزەکاندا، بەتایبەتی گرفتی کەلتوری ناو گۆڕەپانی عەرەبی و فارسی؟**

ئیسماعیل حەمەئەمین: من لەوەڵامەکانی دیکەمدا، پێشت کەوتم و گووتم ، رەهەند زیاتر پرۆژەی رۆشنبیری نێو مەنفا بوو، بەمانای پرۆژەیەك بوو لەدرەوەی کوردستانەوە بۆ ناوەوە پەلی هاویشت، بەحوکمی ئەوەی زۆربەی دەستەی گۆڤارەکە، جگە لەرێبین هەردی نەبێت، ئەوانی دیکە لەڕۆژئاوا دەژیان، لەتاراوگە، سەرچاوەکان ئۆرژینالّتربوون، نزیکبوون لەتەوەرە فیکریی و کێشە هەنوکییەکانی دنیای وەك ئەمەریکانیزم و تیرۆر و پۆستمۆدێرنەو میدیاو چەندەها تەوەرو سەرچاوەی دیدکە ، ئەو کەرەستە نێزیکانە بوون کەخوێنەری کوردی لێ بێبەش بوون، لەپرۆژەی رەهەندو نوسەرەکانیدا ئەو زانیاری وتێزانە ئەمجارەیان لەرێگەی لێکۆڵەرەوەو بیرمەندی عەرەبی و فارسییەوە بەئێمە نەدەگەیشت، بەڵکو راستەوخۆ لەزمانی خۆیەوە سوودی لێوەردەگیرا، ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لەدوورکەوتنەوە لەوەرگرتن لەزمانی عەرەبی و فارسی، هەرچەندە گرنگی ئەو دوو زمانەو خزمەتکردنینان بەڕۆشنبیریی کوردی نکوڵی ناکرێت، مادامەکی لەزەمەنێکدا تاکە زمان بوو کە کەلتوری ئێمەی دەوڵەمەندکردووە، کێ هەیە لەئێمە بنەماگەرایی لەڕێگەی تێزەکانی مەتاع سەفەدی و فەلسەفەی لەڕێگەی عەبدوڕەحمان بەدەوی و فرۆیدی لەڕێگەی وەرگێڕانەکانی جۆرج تەرابشیەوە نەناسیبێت! ، بەتایبەت زمانی عەرەبی بۆ ئێمە گرنگیەکی تەوەرەیی هەبوو لەپێکهێنانی رۆشنبیریماندا، بەڵام زمانە ئەوروپاییەکانی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و

هۆڵەندی وسویدی و ئەوانی دیکە بۆ ئێمە گرنگ بوو، ئەم دەوڵەمەندییە لەخوێندنەوەی سەرچاوەکان لەزمانی زکماکەوە بەتەواوەتی لەنوسەرانی رەهەندو نەوەی جەنگی نێو تاراوگە دیاریداوە، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بۆ سەر ئەوەی رۆشنبیری کوردی لەقۆرخی ئەو دووزمانە رۆژهەڵاتییە دەرچێت بۆ زمانەکانی رۆژئاوا، تێزەکان تەنها ئیشکالیەتی زمانی عەرەبی و فارسی و رۆژهەڵاتیان لەخۆنەگرتبوو، بەقەد ئەوەندەی کێشەبەندی هەنووکەیی نوێی ئەم زمان و تێزانەی هێنایە نێو تەورەکانی گفتوگۆ لەمەڕ رۆشنبیری کوردی. لێرەوە تەنانەت بزوتنەوەی وەرگێڕانیش لەلایەن ئەم پڕۆژەیەوە هاندەدرا، ئیدی تێکست و تێزی هەنوکەیی دنیا لەڕەهەندا بەگەرمی بەردەست خوێنەری کورد دەکەوت، بەهەمان ئاستیش گرفتە کەلتوریە هاوچەرخەکانیش لەو تێزانەدا رەنگی دەدایەوە، جوانترین دیاردەی رۆشنبیری لەڕەهەندو نوسەرەکانیدا ئەوەبوو، کەسانی تاراوگەکرابوون کەلەنێو ئیشکالیاتی هەردوو کولتورەکەدا ژیاون و پرس و گومان و دوودڵی فیکریان لەهەردوو کەلتوور لەتێزەکانیاندا رەنگیدەدایەوە، ئەمە رۆشنبیرەیەکی رەخنەیی ئاوس بەتێزی نوێ و ئیشکالیاتی فیکری نوێی پێشکەش بەخوێنەری کورد کرد، ئێستاش هەموو ئەو نوسەرانەی مەنفا بەردەوامن لەهێنانە ناوەوەی کێشەبەندییە فیکری و ئەدەبیەکانی جیهانی نوێ بەبێ بوونی تەتەرێکی بێگانە بۆ نێو بازنەکانی رۆشنبیری کوردی! ، ئیشکالیەتی گەورە کەتاوەکو ئێستا لەنێو نەوەی جەنگدا دیارە ئەوەیە، ئەوان چەندە لەپڕۆژە رۆشنبیریەکاندا بەشداربن، خۆیان وەك نوسەر لەگومانێکی گەورەدا دەژین بەرامبەر کێشەکانی ژیان و کۆمەڵگە، هیچ شتێك نییە بەجێگیری و قاڵبی ئایدۆلۆژی بمێنتەوە، ئەوەی کەهەیە لەبەردەمی هەمووان لەم نێوەندە کەلتوریەدا، کارێکی لەسەرخۆو چیرەدرێژ و پڕ ئیشکالیەتی ئەدەبی و فیکرییە ...



**ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی کۆن**

حەمە کەریم عارف

**جۆرەکانی ئەدەبیات**

زەینەب یوسفی



# وەرگێڕان

**بەشی یەکەم**

# ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی کۆن

نووسینی: بوکنەتراویك

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: حەمە کەریم عارف

## ئەدەبیاتی میسری و ئاشووری- بابلیی

کۆنترین ئەدەبیاتی جیهان دەدرێتە پاڵ خەڵکانێك کە لەدەڤەری بەپیت و بەرەکەتی کەنارەکانی نیل و دیجلەو فورات ئاکنجی بوون. میسرییەکان، ئاشوورییەکان، بابلییەکان و ئێرانییەکان، هەر هەموویان لەئەدەبیاتی سەردەمی کۆندا بەشداریی بایەخداریان هەبووە.

**ئەلف:**

## ئەدەبیاتی میسری

## پێشینەیەکی مێژوویی

رەگی مەدەنییەت و شارستانییەتی میسری دەچێتەوەسەر رۆژگارانی کۆن، هەندێك کەس پێیانوایە ئەم شارستانییەتە کۆنترین شارستانییەتی جیهانە[1]، هەزارساڵ پێش زایین لەقۆناغێکی پێشکەوتوودا بووە.

بەپێی دۆزینەوەکانی ئارکولۆژی و سەدان بەردەنووس ئەوە دەردەکەوێت کە میسرییانی کۆن، تەرلاسازیی، پەیکەرسازیی، نیگارکێشی، بیرکاری، ئایین، حکومەت و هونەری نووسەرایەتییان گەیاندبووە پلەیەکی بەرزی پێشکەوتن.

**روانینێکی گشتی:**

دۆزینەوەی بەردەنووسی رۆزیتا[2] لەساڵی ١٧٩٩و پاشان کەشفکردنی رەمزی ئەو بەردەنووسە لەلایەن (جان شامپولیون[3])ەوە، رێگەی بۆ ناسینی ئەدەبیاتی چوارهەزار ساڵەی میسری خۆشکرد کە بەر لەوە جیهان لێی غافڵ بوو، زۆربەی بەرهەمێن ئەدەبی میسری لەبەین چووە، بەڵام چەند نموونەیەکی گرنگی لەچەپۆکی رووداوەکانی رۆژگار رزگاربووەو ماوەتەوە. گۆڕستانەکان، هەرەمەکان، ستونەکان، بەردەنووسەکان و گەلێك

نووسراوی دیکە، سێ جۆر خەتی (هیرۆگلیف[٤]) و (هیراتیك[٥]) و (دیموتیك[٦])یان لەقاڵب و شێوەی بەرهەمی ئەدەبیدا لەخۆدا پاراستووە.



یەکەمین نووسین لەدەوروبەری ساڵی (٦٠٠٠) پێش زایندا لەسەر بەرد نەخێشێنراوە، بەڵام ئەوەی لەبەردەستدایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٣٧٠٠-٢٠٠٠) پێش زایین. زۆربەی ئەو نووسراوە میسریانەی کە دەتوانرێت بەبەرهەمی ئەدەبی بژمێردرێت، بەسەر پێنج گروپ یان جۆردا دابەشدەکرێت، ئەدەبیاتی پەند، ئەدەبیاتی مەزەبی، چیرۆك و حیکایەتەکان، غەزەلیاتی ئەڤینی و شیعرێن حەماسی (رەزمی).

### ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری:

(ئامۆژگارییەکانی پتاح حوتپ *): ئەمە لەسەر تۆمارێکی پاپیرۆسی (بەردیی) کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٢٥٠٠) ساڵی پێش زایین ماوەتەوە، ئەم بەرهەمە کە بە (کۆنترین کتێبی جیهان) دەزانرێت، بریتییە لەکۆمەڵێك بیرو ئەندێشەی رۆشنبیرانەو بێ پێچوپەنا دەربارەی ژیان و بوونیادی ژیان و باسی مەسەلە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، وەکو تەڵاق و پەیوەندیی عەمەلی، شێوەو شێوازی کتێبەکە قورسەو تێگەیشتنی بۆ خوێنەری ئاسایی دژوارو ئەستەمە.

### ئەدەبیاتی مەزەبی:

میسرییانی کۆن کە یەکجار مەزەبی و سەوداسەری جاویدان و نەمریی بوون (ئەم سەوداو خولیایەی خۆیان لەرێگەی دروستکردنی هەرەم و گۆڕستانان و مۆمیاکردنی جەستەکانەوە نیشاندەدا) رەنگە یەکەمین خەڵکانێك بووبن کە باوەڕی نەمریی بنیادەمیان دەربڕیبێت، خواوەندی سەرەکییان ئۆزیریس[٧]، خواوەندی نیل بوو

(کەهەندێکجار لەگەڵ رەع[٨]ـی خوای خۆردا، بەیەك دادەنرێت). ئۆزیریس، چونکە لـەنێو مردووانەوە رابیوو، بۆیـە بەنموونـەی نـەمری و خواوەنـدی ژیـانی پـاش مـەرگ و دادوەری جیهانی ژێرین دەژمێردرا.

کتـێبی مردووەکـان (مردوونامـە) بەیـەکێك لـەگرنگترین دەقـی میـسرییانی کـۆن دێتـە ژماردن و لەسەرنزیکەی دووهەزار تۆماری پاپیرۆسی هاتۆتـە نووسـین و تۆمـارکردن، ئـەم کتێبــە ســەدو شەســت و شــەش بەشــەو لەســەردەمی جیــاوازدا، لەنزیکــەی ســاڵانی (٤٢٦٦)ەوە تا (٢٠٠٠)ی پێش زایین هاتۆتە نووسـین. ئـەم قەواڵەنامەیـە بریتییـە لـەدوعاو وێردو سروودی پاڕانەوەو ئیعتیرافنامەو ئەمجۆرە بابەتانـە. نـاوەڕۆکی سـەرەکی کتێبەکـە بریتییە لـەدەربڕینی چـۆنیەتی گەیـشتنی مـرۆڤ بـەژیانی هەتاهـەتایی و نـەمری. (سـروودی رەع) و (بەیاننامەی بێ گوناهی) لەجوملەی بەشە بەناوبانگەکانی کتێبی نێو براون.

**بەرهەمی هەمەجۆری مەزەبی:**

جگە لـەکتێبی مردووەکـان (مردوونامـە) زۆر سـرودی ئـاییني و وێـردو گـۆڕانی لـەپاش میـسرییانی کـۆن ماوەتـەوە کـە مەشـهورترینیان بـریتین لـە: (فیـستیڤاڵی ئـەنتیف) (کـە لەدەوروبەری ساڵی دوو هەزارو پێنج سەدی پێش زایین نووسراوە، لـەتۆمارێکی پـاپیرۆس (لەبان) دەوروبەری سـاڵی هـەزارو پێـنج سـەدی پـێش زایـین تۆمـارکراوە). ناوەڕۆکەکـەی بریتییە لەوەی کە هەر گاڤ و دەمێکی ژیـان غەنیمـەت و دەسـتکەوتە و هـەروەها (گـۆرانی بۆ نیفیرهوتیپ) کە لەدەوروبەری ساڵی هەزارو شـەش سـەدی پـێش زایـین نووسـراوە لـەو گۆرانییەدا داوای بەرەکەت لە رەع دەکرێت.

(سـروودێك بـۆ یوزرتـسانی سـێیەم) کـە لەدەوروبـەری سـاڵی سـێ هـەزار پـێش زایـین نووسراوەو بریتییە لەستایشی یەکێك لەفیرعەونەکان (کەنوێنەری خواوەندانە).

**چیرۆک و حیکایەتان:**

میسرییانی کۆن یەکەمین حیکایەتی میللیـان لـەپاش خـۆ بـۆ بەجێیهێـشتووین، لەوانـە چـیرۆکێن رووحـان و ئەفـسانەێن جـادوو و حیکایـەتی پـڕ شەڕوشـۆڕ و ئاشـقێتی و نـەقڵ، هەندێك لەو چیرۆك و حیکایەتانە بـریتین لـە: (گـرتنی یافـا، شـازادەی مـەحکوم، چـیرۆکی جادوو گەران، ئاغاو کۆیلەو دوورخستنەوەی سینۆهە (حیکایەتی دووبرا) یان ئـانبو و باتـا

ئەم حیكایەتە لەدەوروبەری ساڵی سێ هەزارو دووسەدی پێش زایین نووسراوەو لەتۆماری نزیكەی ساڵی هەزارو سێ سەدی پێش زایین تۆماركراوە.

ڕەنگە كۆنترین حیكایەت بێت لەڕووی ناوەڕۆكی (هاوسەری فوتیفار)ەوە. ئەم چیرۆكە ئاوێتەیەكە لەجادوو و دۆنایدۆن و ركابەری، دوو ژنی جەفاكار دەبنە مایەی بەدبەختی مێردەكانیان، بەڵام لەئەنجامدا بەسزای كاروكردەوەی خۆیان دەگەن و مێردەكانیان شاد دەبن (كەشتیوانی كەشتی شكاو) دەگەڕێتەوە بۆ نزیكەی ساڵی دوو هەزارو پێنج سەدی پێش زایین، لەم حیكایەتەدا كەشتیوانێك كە تەنیا خۆی ڕزگاری بووە دەگاتە (دورگەی نیعمەتان). ماری‌كی قسەوێژ پێشبینی ڕزگاری ئەو دەكات، پێشبینییەكە تەواو دەردەچێت و كابرای كەشتیوان بەدەست و دیاریی سەیرەوە بۆ دەرباری فیرعەون دەگەڕێتەوە.

(چیرۆكی ستنا) لەدەورووبەری ساڵی هەزارو سێ سەدی پێش زایین نووسراوەو لەنوسخەی دەورووبەری ساڵی چوار سەدی پێش زایین تۆماركراوە، ئەم چیرۆكە باسی دزینی كتێبێكی جادوویی دەكات كە قوتابییەك لەگۆڕێكدا دەیدزێت و پاشان ژێوان دەبێتەوەو كتێبەكە دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆی و تۆبە دەكات.

شیعرێن ئاقشانە (غەزەلیات):

میسرییانی كۆن ژمارەیەكی زۆری شیعری ئاشقانەیان لەسەردەمانی جیاوازدا گوتووە، ناوەڕۆكی زۆر بەیان باسی سەربووردەی ئاشقێنی خوشكان و برایانە (كە لەو ڕۆژگارەدا زەوجینی خوشك و برا باو بووە) ناسكی و زەریفی و جۆش و خرۆش، خەسڵەتی هەرە باوی ئەو شیعرانەیە.

### شیعرێن مەلحەمی:

لەو بەیتە حەماسیانەی كە پرمانای وشە حەماسین تەنیا یەك پارچە ماوەتەوە، ئەویش حەماسەی (پەنتا–ئور)ەو دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی هەزارو سێ سەدو بیست و چواری پێش زایین. كە بابەتەكەی بریتییە لەسەركەوتنی رامسیس[٩]ی دووەم بەسەر حیتییەكاندا[١٠].

**پەراوێز:**

(١) هەندێك لەئاركولوژیستەكان پێیانوایە كە شارستانییەتی چینی كۆنترە.

(٢) بەردەنووسی رۆزیتا: تابلۆیەکە بەسێ زمانی هیرۆگلوفی و یونانی و دیموتیک، کە لەشاری روزیتا (رەشید)ی نزیکی رێژگەی رەشیدی رووباری نیل دۆزراوەتەوە.

(٣) جان شامپولیون ١٧٩٠–١٨٣٢ میسرناسێکی فەرەنسی کە لەئەنجامی کۆشش و هەوڵێکی بیست ساڵەدا توانی رەمزەکانی تابلۆی رۆزیتا کەشفبکات و چەمکی وشە هیرۆگلیفییەکان ئاشکرا بکات.

- پتاح حوتیپ: لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزارو شەش سەدو پەنجای پێش زایین ژیاوە، بەڵام ناوبانگی (ئامۆژگارییەکانی) پتاح حوتیپ بۆ زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە، لەوەیە بۆ ساڵی سێ هەزارو هەشت سەدی پێش زایین بگەڕێتەوە.

(٤) هیرۆگلیف: خەتی میسرییە کە یۆنانییەکان هیرۆگیلفی پێدەڵێن، ئەم خەتە لەخەتە وێنەییە سادەکانی سەدە سەرەتاییەکانەوە وەرگیراوەو لەئەسڵدا حەوت سەد عەلامەت (حەرف) بووە.

(٥) هیراتیک: ئەم خەتە شێوەیەکی سادەتری خەتی هیروگلیفی–یە بۆ خێرانووسین لەبارترە.

(٦) دیموتیک: خەتی دیموتیک لەئەنجامی گۆڕینی شێوەی خەتی هیراتیکەوە، لەسەردەی هەشتەمی پێش زایین هاتۆتە ئاراوە.

(٧) Osiris

(٨) Ra

(٩) Ramses یەکێکە لە لەفیرعەونە کۆنەکانی میسر، کە لەهەزارو دووسەدو نەوەدو دووەوە تا هەزارو دووسەدو بیست و پێنجی پێش زایین حوکمڕانی کردووە.

(١٠) حیتییەکان: قەومێکی کۆنە کە لەهەزارەی دووەمی پێش زایین فەرمانڕەوانیی ئاسیای بچووک و سوریایان کردووە.

## ئەدەبیاتی ئاشووری- بابلیی
## پێشینەیەكی مێژوویی




گومان لەوەدا نییـە كـە دانیـشتووانی كـەناره بـەپیت و بەرەكەتـەكانی نێـوان دیجلـەو فورات تا نزیكەی ساڵی دووهـەزار پـێش زایـین، لـەبارەی پێـشكەوتنی هزریـی و مادییـەوە گەییبوونە لوتكەی شكۆو ناوبـانگ، تـیره جۆراوجۆرەكـانی سـۆمەری، ئەكـەدی، عیلامـی، كلدانی و كاسی رۆڵی خۆیان لەبوونیادی مەدەنیەت و شارستانییەتی دەڤەرەكەدا گێـڕاوە، ئاشوورییەكان لەنێوان ساڵانی هەزارو دووسەد تاشەش سەدو هەشتی پـێش زایـین قـەومی حـوكمڕان بـوون و پاشـان بابلییـەكان تـا نزیكـەی هـەفتا سـاڵ دەسـەڵاتییان گرتووەتـە دەست، ناودارترین رابەرانیان بریتیبوون لە: (سینا خریب) كە لەسـاڵانی ٧٠٥-٦٨١ پـێش زایـین حـوكمڕانی كـردووە (ئاشـور بـانی پـاڵ) ٦٦٩-٦٢٤ پـێش زایـین فـەرمانی رانیـوە. (نەبوكەد نەسر) كە لەساڵانی ٦٠٥-٥٦٢ پێش زایین حوكمڕانی كردووە.

### نۆڕینێكی گشتی:

قۆناغی زێڕینی ئەدەبیاتی ئاشووری-بابلیی دەكەوێتە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەوتـەمی پێش زایین ئاشووری بانیپـال زانـست پـەروەرێكی گـەورە بـووەو كتێبخانەیـەكی گـەورەی (بەشێوەی بەردەنووس بەخەتی بزماری) بونیادناوە كە ئەمڕۆ بەسەرچـاوەی هـەر هـەموو بەرهـەمی ئـەدەبی كـۆنی ئـەو دەڤـەرە دێتـە ژمـاردن، ئـەم كتێبخانەیـە جگـە لەهـەواڵ و قەواڵەێن رەسمی و فەرمی، ئەفسانە، حیكایەت و نەقڵ، سـرودی ئـایینی، گـۆرانی، وێـرد، پەندو ئەفسانەی عامیانەو مێـژووی جەنگـەكانی لـەخۆگرتبوو، بـەلای كەمـەوە نموونەیـەك

لەهەر یەکێك لەم بەرهەمانە ماوە، لەشیعردا شێوەی هاوسەنگی و کێش و قافیە باو بووە، واتە هەمان ئەو شێوەو شێوازانەی کە لەشیعری عیبریشدا باو بووە، (داستانی گیلگامێش) کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری سالّی دووهەزار پێش زایین، هەڵبەتە بەگەورەترین نووسراوی ئاشووری-بابلیی کۆن دەزانرێت، گێڕانەوەی کۆنی ئەم بەیتە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین و بریتیی بووە لە ٣٤٥٠ بەیت کە لەدوانزە تابلۆی گەورەدا لەکتێبخانەکەی ئاشوور پانیپالّ-دا لەنەینەوا پارێزراوە، ئەو داستانە ئەمڕۆکە تەنیا نزیکەی هەزارو پێنج سەد بەیتی بەتەواوی یان بەنوقستانی لێماوەتەوە، کە لە سێ هەزار تابلۆی جیاوازی ساغ یان شکاودا ماوەتەوەو کە هەندێکی بەسۆمەرییە، هەندێکی بەبابلیی کۆنەو تەنانەت چەند ژمارەیەکیشی بەئەکەدییە.

ئەمڕۆکە واباوە کە داستانی گیلگامێش بریتییە لەکۆمەڵە بابەتێك بەمەبەستی دانانی بەرهەمێکی بەشکۆو کەم دابێژێك وەزن و کێشداو، لەکۆمەڵێك سەرچاوەی جیاوازو دوور لەیەکدییەوە کۆکراوتەوە، هەندێك کەس رایان وایە کە هەندێك مەتنی کۆنتر هەبووەو بەچەند سەد ساڵێك بەر لەم بەیتە (منظومة) نووسراوە.

هەرچەندە کە زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم داستانە ئەفسانەییە، بەلام هەوڵدراوە تاقارەمانی داستانەکە لەگەڵ میرێکی یەکەمین خانەدانی پاشایەتی شاری ئوروك[1]دا بگونجێنن، ئەو میرەی کە دەیان ئەفسانەو حیکایەتی بەمێژوو و رەگ و ریشەی جۆراوجۆرەوە (بەتایبەتی سامی و سۆمەری) دەربارەی کۆکراوەتەوە.

ئەم پاڵەوانامەیە، بریتییە لەباس و شرۆڤەی سەرکەوتنە گەورەکانی گیلگامێش، گیلگامێش قارەمانێکی نیمچە خوایە، فەرزەنی خواوەندێکە بەناوی نینسون[2] و بوونەوەرێکی فانی کە کاهینێکی خەڵکی شاری ئوروکە.

ئیدی زوڵم و زۆری قارەمانی لاوو خۆپەسند، خەڵکی ئوروك ناچار دەکات کە لەپێناوی رزگاریدا، دەستی پاڕانەوە بۆ دەرگای خواوەند ئارورو[3] درێژبکەن. و ئەویش ئینکید[4] و وەکو هەڤرکێکی گیلگامێش، دەنێرێتە یارمەتییان، ئینکیدۆ بوونەوەرێکی بەتوانایە، بەلام دڕندەخووە، و کینایەیە لە مرۆڤی سەرەتایی، ئەم دووە، لەئەنجامی شەڕێکی سەختدا کە بەسەرکەوتنی گیلگامێش کۆتایی دێت، دەبن بە دوو دۆستی گیانی بەگیانی (لەتابلۆی ١ و ٢)دا تۆمار کراوە، دەربارەی سەفەری ئەم دوو دۆستەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی خوم

بابا[٥]ی پاسەوانی ئەو بێشەیەی کە ئیرنینا[٦]ی تێدا دەژی، خۆم بابا دەشکێ و دەکوژرێت، تابلۆی شەشەم باسی حەزکردنی عیشتارە لەگیلگامێش، بەلام کاتێ گیلگامێش رووی ناداتێ، توورە دەبێت و کارێکی وەها دەکات کە (ئانو[٧]) باوکی کەڵەگایەك بۆ لەناوبردنی گیلگامێش بنێرێت، بەلام گیلگامێش و ئینکیدو کەڵەگاکە لەناودەبات، و ئەم رووداوە وەکو ئوستوورەو ئەفسانەی تەبیعەت لێکدەدرێتەوە، گیلگامێش، نیشانەی خوای لاوی هەتاوی وەرزی بەهاران و عیشتار خواوەندی عیشق و بەرهەمهێنانە، لەتابلۆکانی (٧ و ٨)دا ئینکیدۆ تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێت و دەمرێت. جا گیلگامێش بۆئەوەی دووچاری هەمان چارەنووسی دۆستەکەی نەبێت، رێگەی دۆزینەوەی ئوتوناپیشتم[٨] دەگرێتەبەر، ئوتوناپیشتم ئادەمیزادێکە کە چۆنییەتی خەلەسین لەمەرگ فێربووە، لەئەنجامی گەرانی زۆرو رووداوی هەمەجۆرەوە دەیدۆزێتەوە (ئەمە لەتابلۆی ٩ و ١٠ تۆمارکراوە) ئوتوناپیشتم چیرۆکە بەناوبانگەکەی تۆفانی بابلیی بۆ دەگێرێتەوە (تابلۆی ١١) کە ئەمە تەواو لەسەربووری تۆفانەکەی نوح دەچێت، وەکو چۆن لەتەوراتدا باسکراوە، ئوتوناپیشتم حەزدەکات یارمەتیی گیلگامێش بدات و نیشانەی ئەو گیا سەیرەی دەداتێ کە بەخواردنی مرۆڤ گەنج دەکاتەوەو گیاکە لەبنکی دەریادایە. هەرچەندە گیلگامێش گیاکە بەدەست دێنێ، بەلام مارێکی لێپەیدا دەبێت و گیاکەی لێدەفرێنێت و دەیخوات، لەدوا تابلۆدا گیلگامێش سێبەرەکەی ئینکیدۆ دەبینێت و ئینکیدۆ لەچارەنووسی بێزەوەری مردووان ئاگاداری دەکاتەوە.

هەڵبەت بەیتی گیلگامێش تەنیا پاڵەواننامەیەکی (حماسە) سەرنجراکێش نییە دەربارەی پاڵەوانییەکی کۆن، بەڵکو بایەخێکی رەمزی و ئیستیعاری زۆری هەیە، لەم بەیتەدا باسی تەقەلای مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان و بێهودەیی هەوڵی راکردن لەمەرگ دەکرێت، ئەنجامگیری فەلسەفی بەیتی نێوبراو ئەمەیە کە مادامێکی مەرگ هیچ چارێکی نییەو ژیانی پاش مەرگیش خەمناك دێتەبەرچاوی خەیاڵ، بۆیە مرۆڤ دەبێت لەخەمی لەزەتدا بێت و ئەوپەڕی سوود لەژیانی دنیایی خۆی وەربگرێت.

(ئەفسانەی تیامەت) کە مێژووەکەی دیار نییەو بەم شێوەو فۆرمەی ئێستای، بۆ دەورووبەری (ساڵی شەش سەدی) پێش زایین دەگەرێتەوە. بریتییە لەزنجیرە شیعرێك دەربارەی دروستکردنی جیهان، دەربارەی تیامەت—ی یەکەمین دایکی جیهان و

ئاپسو[٩]ی یەکەمین باوکی گێتی، کە پێکەوە یەکەمین زنجیرەی خواوەندانیان پێکهێنا. ئەم ئەفسانەیە باسی جەنگەکانی نێوان خواوەندان دەکات. مەردوك[١٠]ی خواوەندی هەورەتریشقە بەسەر تیامەتدا سەردەکەوێت و دەیکوژێت. هەوالێن پەیدا بوونی خواوەندان و جەنگی خواوندان، لەو هەوالانە دەچێت کە لەسیفری پەیدابوون و لەئەفسانەکانی یونان و ئەسکەندیناوەدا باسکراون.

(ئاداپاو بای باشوور) کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری سالی هەزارو پێنج سەدی پێش زایین، ئەفسانەیەکی عامیانەیە دەربارەی ماسیگرێك کە لەحالی تورەییدا بالی بای باشوور دەشکێنێت، بۆ بارەگای خوای مەزن ئانۆ بانگ دەکرێ و سەرکەوتووانە دەکەوێتە داکۆکی و بەرەڤانی لەخۆی. (سرودو وێردێن بابلیی) (لەسەردەمێن جیاوازدا تۆمارکراون). ئەم بەرهەمانە لەباری فۆرم و بابەتەوە لەمزمارەکانی عیبری دەچن و بەشێوەیەکی گشتیی نزا، شیعرێن حەسرەتبارو سرودی ستایش لەخۆدەگرن. لەنێو ئەم بەرهەمانەدا ئەم شیعرانە شایانی باسن:

(رەحم لەمن بکە)، (جگە لەتۆ هیچ خوایەك نییە تارێگەی راست نیشان بدات)، (نورێك لەبەهەشتەوە).

**پەراوێز:**

(١) ئوروك uruk: شارێكی كۆنی سۆمەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دوو هەزارو سێسەدی پێش زایین. كە باشووری بابل بووە، بەگوێرەی تەورات ئوروك شارێكی مەملەكەتی نەمرود بووە، لەوڵاتی شنعار.

(٢) نینسون، Ninsun: دایكی گیلگامێشە، خواوەندێكە لەئوروكدا ئاكانجی بووەو بەئاوەزوو زانایی بەناوبانگ بووە.

(٣) ئاروروAruru: خواوەندی ئەفراندن و خوڵقێنەری ئینكیدو بووە.

(٤) ئینكیدو Enkidu: گوورِاوێك بوو لەگڵ و گیانی یەزدانان كە تەبیعەتی مرۆڤانی هەبوو.

(٥) خوم بابا Khumbaba: بەباوەڕی خەڵكی عیلام خواوەندێك بووە، ئیدی یا ئانا تولی بووە یاسوریە.

(٦) ئیرنینا Irnina: ناوە سومەرییەكەی ئیشتار بووە كە خواوەندی ئاسمان و پاسەوانی ئوروك بووە.

(٧) ئانو Anu: خواوەندی سۆمەری بووە، بابی خواوەندان و خوای ترۆپكی ئاسمانان بووە.

(٨) ئوتوناپیشتم utnapishtim: شای داناو كاهینی گەورەی وڵاتی شورووپاك بووە، ئەو تاقە ئادەمیزادێك بووە كە لەسەر رووی زەوی ژیانی جاویدانی هەبووە.

(٩) ئاپسو Apsu: واتە ئۆقیانووس كە لەسەرەتادا بابی هەموو شتەكان بووە.

(١٠) مەردوك Marduk: خواوەندی شاری بابل بووەو پاش دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی كۆنی بابل، بووە بەسەرگەورەی هەموو خواوەندەكان.

# ئەدەبیاتی هیندی

## پێشینەیەکی مێژوویی



وێنەیەکی مەهەبەهاراتا

لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزاری پێش زایینـدا، دەسـتەیەك لەقـەومانی ئاریـایی، واتـە لقێك لەنـەژادی سـپی، لـەباکووری خۆرئـاواوە هێـرش دەبەنەسـەر هینـد هەڵبەتـە تـا بـەر لەسەرکەوتنی داریـوش لەسـاڵی پێـنج سـەدو دوازدەی پـێش زایینـدا، زانیارییـەکی ئـەوتۆ لەمـەڕ واریقـات و سـەربهوردی وان لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام وێـڕای ئەمـەش، دیـارە کـە لەسەردەمانی پێش مێـژوودا، شارسـتانییەتێکی زۆر کۆنیـان هـەبووە، پێدەچێت ئـایین و فەلـسەفەو ئـەخلاقیات و ئـەدەبیاتیان زۆر پێـشکەوتوو بووبێـت، گاوتمـە (گوتامـا) بـودا (٥٦٣–٤٨٣ پێش زایین) گۆڕانێکی قووڵی بەسەر باوەڕی ئایینی و دەسـتووری عیبـادەتی ئەوانـدا هێنـاوەو پاشـان ئامۆژگارییـەکانی ئـەو بـووە بەبناغـەی یـەکێك لـەپێنج ئایینـە سەرەکییەکەی جیهان.

## نۆڕینێکی گشتی:

بەشی هەرە سەرەکی و زۆربەی ئەدەبیاتی هیند بەسەنسکریتی، واتە بەکۆنترین زمانی ئاریایی نووسراوە. ژمارەیەکی کەمی شیعری لیریکی و دەقی مەزەبیش بەزمانی پراکەیت، واتە بەشێوەزاری ناوچەیی سەنسکریتی نووسراوە، مێژووی ئەدەبیاتی هیندی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبێت: ١-قۆناغی ڤیدایی کە لە دەورووبەری ساڵی ١٥٠٠-٢٠٠ پێش زایین بەردەوام دەبێت و بەرهەمهێن ئەم قۆناغە بەزۆری لەشیعرێن مەزەبی و لیریك پێکدێن. ٢-قۆناغی سەنسکریتی کە لەدەورووبەری ساڵی دوو سەدی پێش زایینەوە دەستپێدەکات و تا دەگاتە سەدەکانی ناڤین و بگرە تا رۆژگاری ئەمرۆش بەردەوام دەبێت.. لەقۆناغی سەنسکریتیدا شێوەو فۆرمی جۆراوجۆری وەك شیعری حەماسی (دلاوەری) و لیریکی و پەندو ئامۆژگاری، شانۆنامە، حیکایەتی جن و پەرییان، حیکایەت و سەبووری پەند ئامێز، چیرۆکی ئەڤینداری و فەلسەفە جێگیر دەبێت، ساڵنامەو تەقویمی ئەدەبی تاوەکو پێش ساڵی پێنج سەدی پێش زایین، زیاتر لەسەر بنەمای مەزەندەو قەرساندن بووە.

### بەرهەمێن ئایینی

### شیعر:

کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی پیرۆزی هیندی لەچواربەشەکەی ڤیداکاندا (کتێبانی زانست) دەبینین:

١-ریگ ڤیدا:

ئەم کتێبە لەدەورووبەری ساڵی هەزارو چوار سەدی پێش زایین نووسراوە. ئەمە دەفتەرێکە هەزارو بیست وهەشت سرودی ئایینی سەبارەت بەستایشی خواوەندانی جۆراوجۆری تەبیعەت لەخۆگرتووەو زۆربەی ئەم سوردانە ناسنامەی دیاریان نییە. مەزەبی زاڵ لە(رێگ ڤیدا)دا ئایینی وەحدەتی وجودی هندۆسە، و بابەتی سەرەکییان پەرستنی براهمایە، واتە خواوەندی جاویدان، (سرودی ئافەرین) بەرجەستەترین شیعری دەفتەری (ریگ ڤیدا)یە.

٢-سامەڤیدا یا (کتێبی ئاهەنگان):

مێژووی تۆمارکردنی ئەم کتێبە دیار نییە، بەشێوەیەکی گشتیی بریتییە لەموناجات و ئادابی مەزەبی و بەزۆری دووبارەکردنەوەی سروودەکانی ریگ ڤیدایە.

٣-یەجورڤیدا یا (کتێبی ستایشان):

مێژووی ئەم کتێبەش دیار نییە. ئەم کتێبەش بریتییە لەموناجات و ئادابی مەزەبی و دووبارەکرنەوەی رێگ ڤیدا، بەڵام زۆر سیاق و مەتنی پەخشانیشی لەخۆ گرتووە.

٤-ئاتەرڤاڤیدا یا (کتێبی جادوو):

مێژووی ئەم کتێبە دیار نییە، بەڵام لەسێ ڤیداکەی دی تازەترە.

زۆر سرودی ئاینی، جادوو تەلیسم، وێردو تیۆریانی دەربارەی گرتنی جنۆکان و جادووگەری لەخۆ گرتووە.

**پەخشان:**

براهماناس، (مێژووەکەی دیار نییە، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی هەزاری پێش زایین) ئەم بەرهەمە بریتییە لەشرۆڤەی سرودە ئایینییە ڤیداییەکان و سرووتە مەزەبییەکان کە رەنگە کۆنترین دەقی بەپەخشان نووسراوی هیندۆ ئەوروپایی بێت.

ئوپانیشاد: (مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵانی ٨٠٠-٥٠٠ پێش زایین ئەم بەرهەمە بریتییە لەسەدو هەشت نامە دەربارەی ئاینی براهمەن. وێڕای ئەوەی کە ئوپانیشاد سیستەمێکی کۆکی هزری فەلسەفییە، زانیارییەکی زۆریشی لەمەڕ مایا (جیهانی وەهم) و نیرڤانا (فەنابوون لەرۆحی جیهان)دا لەخۆگرتووە، ئوپانیشاد کاری کردووەتەسەر ئەمرسون و شوپنهاوەر.

سوتراکان: (دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵانی ٥٠٠-٢٠٠ پێش زایین) بریتییە لەکۆمەڵێك پەیڤی یەجگار کورت، کە زیاتر شرۆڤەی نامەفهومن دەربارەی یاساو ئەحکامی ئایینی.

**بەرهەمی نائایینی**

**بەیتە مەلحەمییەکان:**

هەرچەندە ئەم بەیتانە، بەبەرهەمی نائایینی دێنە ژماردن، بەڵام ئەم دوو بەرهەمە مەلحەمییە زۆر بابەتی ئەفسانەیی و ئایینی هیندیان لەخۆگرتووە.

مەهابهاراتا: (دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی پێنج ±سەدەی پێش زایین).

ئەم بەرهەمە درێژترین داستان (مەلحەمە)ی جیهانەو نزیکەی دووسەد هەزار بەیتە، نزیکەی هەشت ئەوەندەی هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەیە، و بریتییە لەهەژدە کتێب، هەوێنی رەمزی ئەم بەیتە (کە نزیکەی هەشتا هەزار بەیتە) دەربارەی جەنگی نێوان (کورو)وەکان و (کەنمایندەی هێزی خراپەن) و (پاندو) وەکانە، کە نمایندەی هێزی چاکەن. هەندێ بەشی دیکەی ئەم بەیتە بۆ ئەفسانان، شەرح و شرۆڤەی پەیڤان، و کۆمەڵێك نامەی ئایینی و فەلسەفەو بابەتی جەنگی و سوارچاکی تەرخان کراون، دیارە ئەم بەیتە دەسکاری زۆر کراوەو زۆر شتی بۆ زیادکراوەو ئەمەش وایکردووە کە هەندێجارتێگەیشتنی زۆرئەستەمو زەحمەت بێت هەڵبەتە دوو نموونەی زیادکراوی ئاشکرا بریتین لە:

١–بهاگاڤادگیتا: (سرودی خوایی) ئەمە شیعرێکی دیرێژو پەند ئامێزە، کە لەو شیعرەدا کریشنا (کە دەکاتە نوێنەری مرۆڤانی، ویشنو کە یەکێکە لەخواوەندە مەزنەکانی هیند) لەگەڵ ئارجوانادا (کەنمایندەی هێزی چاکەیە) دەکەوێتە باسی فەلسەفەو ژیان.

٢–نالاو دامایانتی: ئەمە چیرۆکێکی دلڕفێنە دەربارەی سەبرو وەفاداری لەزەوجیندا، ئەمرسونی نووسەری ئەمریکایی دڵبەندی بهاگاڤادگیتا بووە.

رامایانا: (لەدەوروبەری ساڵی پێنج سەدەی پێش زایین دەستی پێکراوەو لەدەوروبەری ساڵی دووسەدی پێش زایین تەواو کراوە). ئەم داستانە (مەلحەمە) نزیکەی نەوەدو شەش هەزار بەیتەو بریتییە لەحەوت کتێب یان بەش.

ئەم بەیتە بریتییە لەسەربهوردی ژیانی راماو (نموونەیەکی مرۆڤانی ویشنووە) سیتای هاوسەری سەرگەردانی راما وەفاداری سیتا لەهەنبەر وەسوەسەی راڤانا (روحی شەڕانی) و سەرەنجام تۆپینی راڤانا بەدەستی راما ئەم بەیتە زۆر لەمەهابهاراتا کورتترو خۆشترە بۆ خوێندنەوە.

**نمایشنامان**

زانیاری زۆر کەم لەمەڕ سەرچاوەو زێدی نمایشنامەی هێندی لەبەردەستدایە، مێژوونووسانی ئەدەبی دەربارەی رادەی کاریگەری یۆنانییەکان لەسەر شانۆی هیندی

هاوڕەئی نین، واتە رای جیاوازیان لەو بارەیەوە هەیە. ئەوەی لەراستییەوە نزیکە ئەمەیە کە دەبێت لەخودی هیندا بۆ سەرچاوەی نمایشنامەو شانۆی هیندی بگەڕێی، چونکە یەکەمین شانۆی واقیعی لەڕێوڕەسمی پەرستنی ویشنو-کریشناوە وەرگیراوەو هەڵهێنجراوە. هەڵبەتە شانۆ بەماناو چەمکی تەواوەتی شانۆ نەبووە، بەڵکو چیرۆکەکانی نمایشی و مەسەلەو شانۆیی لەتەلاری میوانداری و یا تەلاری سەمای کۆشکی فەرمانڕەوایاندا جێبەجێدەکران، لەبارەی سەرنجی مێژووییشەوە رەوتی کاروانی شانۆنامە روون نییە، ئەوەی دیارە ئەو شەست و چەند شانۆنامەیەی کە گوایە لەنێوان سالانی سەدی پێش زایین و شەش سەدی زاییندا نووسراوە، زۆربەیان هی سالانی پاش چوار سەدی زایینین. شانۆنامەی هیندی ئاوێتەیەکە لەشادی و خەم، لێ هەموو شانۆنامەکان کۆتاییەکی خۆشیان هەیە، هەر شانۆنامەیەك بەپێشەکییەك دەستپێدەکات و بەسەر چەند دیمەن و پەردەیەکدا (یەك تا دە) دابەش دەبێت، زۆربەی شانۆنامەکان لەرووی بابەت و ناوەرۆکەوە هەندێ ئالۆزن و کاراکتەرەکانیان واقیعییە، دیالۆگیان ئاوێتەیەکە لەپەخشان و شیعری غەزەلی، ئەوەی بوە باعیسی لەناوبردنی شانۆی هیندی و لاوازکردنی، بەکارهێنانی هەردوو زمانی سەنسکریتی (بۆ چینە بالاکانی کۆمەڵگە) و زمانی پراکریت (بۆ چینە مىللییەکانی کۆمەڵگە) بوو لەشانۆنامەکاندا.

(عەرەبانەی گڵ) گوایە دەگەڕێتەوە بۆ سالی سەدەمی پێش زایین، بەلام بەم فۆرم و شێوەیەی ئێستا دەگەڕێتەوەبۆ دەوروبەری سالی چوارسەدو پەنجای زایینی) ئەم شانۆنامەیە دراوەتە پاڵ (شاسوودراکا) و بریتییە لە دە پەردە، قارەمانی ئەم شانۆنامەیە ژنێکی سۆزانییە کە ژیانی بازرگانێك لەبەر میهرەبانی و دلاوایی رابردووی بازرگانەکە رزگار دەکات، لەم شانۆنامەیەدا هەستە واقیعییە مرۆڤانییەکان بەباشی وەسفکراون.

(شەکونتەلا، یا ئەڵقەی تەقدیر) دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سالی پێنج سەدی زایینی) شانۆنامەیەکی شیعرییە و داروەتە پاڵ (کالیداسا) کە بەشکسپیری هندوان ناسراوە، لەغیابی پاشایەکدا بەناوی دووشیانتا، حەکیمێکی براهمانی نەفرەت لەشەکونتەلای هاوسەری دەکات، لەئەنجامی ئەم تووك و نەفرینە، کاتێ پاشاو هاوسەرەکەی دەگەنە یەکدی، دووشیانتا شەکونتەلا ناناسێتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە شەکونتەلا ئەو ئەڵقەیەی کە دوشیانتا پێیدابوو، ونکردووە، شەکونتەلای نائومێد

بەئاسمانانـدا دەفرێـت، ڕۆژێ ماسـیگرێك ئەنگوسـتیلە کـە (ئەڵقەیـەك) دەدۆزێتـەوەو بـۆ پاشای دەباتەوە ئیدی نەفرەینەکە بەتاڵ دەبێتەوەو دوشیانتا دووبـارە شـەکونتەلای بـیر دەکەوێتـەوە، پاشـای خـەمگین سـالآنێکی زۆر عـەودالّی شـەکونتەلا دەبێـت و هـەموو شوێنێکی بەدوودا دەگەڕێت تاسەرەنجام لـەکێوێکی پـیرۆزدا دەیدۆزێتـەوەو ئیـدی هـەموو شتێ بەخێرو خۆشیی دەگەڕێت، ئەم شانۆنامەیە فۆرم و قالّبێکی بتەوی هەیە، لەوەسـفی کاراکتەرەکاندا، بەتایبەتی شەکونتەلا، یەجگار سەرکەوتووە.

## حیکایەت و چیرۆکان

هیندوانی کۆن لەحیکایەتخوانیـدا بـەتواناو بـەهرەدار بوونـە، سەرچـاوەی زۆربـەی ئـەو حیکاتە میللیانەی کە لەسەرانسەری جیهانـدا بەشـێوەو قـالّبی جۆراوجـۆر بلآوبوونەتـەوە، حیکایەت و چیرۆکی هیندییـە، هەنـدێك نموونـە لـەم چـیرۆکانە، کـە زۆربـەیان بەمەبەسـتی ئامۆژگاری یان ئایینی نووسراون، بریتین لە:

(جاتاکا-jataka) (دەگەڕێتەوەبۆ دەورووبەری سالّی سێ سەدی پـێش زایـین). ئـەم بەرهەمە بریتییە لەپێنج سەدو پەنجا حیکایەتی خەیالّی کە تایبـەتن بەلـەدایکبوونی بـوداو سـەرەتای ژیـانی بـوودا کـە لەگینـە خـۆی ئـەو بەسـەرهاتانەی گێڕابێتـەوە، گـەلێك لـەم حیکایەتانە چیرۆکی گیاندارانە (فابیل) و زۆربەشیان چیرۆکی میللی پەندو ئامۆژگارین.

(پەنچەتەنترە) یان (پێنج کتێب) ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری سالّی سـێ سەدی پێش زایین. ئەمـە کۆمەڵـە حیکایەتێکـە بـەزمانی سەنسـکریتی، کـە لەوەیـە وەکـو کتێبێك بەمەبەسـتی فێرکردنـی شـازادان دانرابێـت. هـەموو حیکایەتـەکان لەیـەك چەشـنە فۆرم و قالّبـدا هاتوونەتـە گێڕانـەوە: حـەکیمێکی براهمـانی بەمەبەسـتی فێرکردنـی شـەش شازادەی لاو، ئەم حیکایەتە پەندئامێزانە دەگێڕێتەوە.

ئەم کتێبە پێنج بابی هەیە: ١-دابڕانی دۆستان. ٢-گرتنی دۆستان. ٣-شـەڕی کونـدو قـەلان. ٤-لەدەسـتدانی خـەوی وەرگـیراوە. ٥-ئەنجامـدەری کـاری خۆسـەری، حیکایەتەکانی ئـەم کتێبـە لـەزمانی گیانلەبەرانـەوە دەگێڕدرێنـەوەو بەسەرچـاوەی گـەلێك لەحیکایەتەکانی سەدەکانی ناڤین دەژمێردرێن.

(هیتو پاشا) یا (کتێبی پەندێن چاك) (مێژووی دانانی ئەم بەرهەمە نادیـارە، دەکەوێتـە دوای پەنجـە تەنتـەرە) ئـەم بەرهەمـە بریتییـە لەچـوار کتێـب کـە چـل و سـێ حیکایـەتی

لـــەخۆگرتووەو بیـــست و پێـــنج حیکایـــەتی لـــەکتێبی پەنجەتەنتـــەرەوە وەرگـــیراوە، حیکایەتەکانی ئەم کتێبە لەچاو حیکایەتە کۆنترەکانەوە، کورتترو بەناوەرۆکترن.

(شوکاساپتاتی) یا (هەفتا چیرۆکی توتی) (مێژووی دانانەکەی نادیـارە) ئەمـە بریتییـە لەکۆمەڵێك حیکایەتی پەرییان.

## هۆزانێن لیریکی

جگە لەبەرهەمی ئـایینی و سـرودێن ستایـشی ئـایینی، زۆربـەی شـاعیرانی هنـدی کـۆن لەسەدەی یەکەمی پـێش زایـین بـەملاوە، زۆر شـیعری لیریکیـان گوتـووەو لەزۆربـەی ئـەم شیعرانەدا جوانی و جۆش و خرۆش شەپۆل دەدات.

دیارە هەندێك لەڕابەرانی ئەم لیریکا بێژانە بریتیین لە:

١.کالیداسا (٣٥٠–٥٠٠ زایین) کە بەشیعری ناسك و پڕ سۆز و گوداز بەناوبانگە، لەوانـە شیعری (مگادوتا) و (پەیکی هەور).

٢.جایادیڤا (لەدەورووبـەری ١٢٠٠ زاییـنـدا ژیـاوە) کـە گـرنگترین بەرهـەمی بریتییـە لـە: (گیتا گوڤیندا) و (ئاوازی گاگەل) کە شیعرێکی لیرێکی مەیلـەو درامییـە لـەبواری ئاشـقینی کریشنادا.

# ئەدەبیاتی چینی
## پێشینەی مێژوویی



رەگ و ریشەی نەژادو شارستانییەتی چینی بەتەواوەتی نەزانراوە. توێژینەوەکانی ئەم دواییانە ئەوە نیشاندەدەن کە لەگینە نزیکەی بیست هەزار ساڵێك پێش زایین شارستانییەتێك لەمەغولستاندا هەبوبێت، لە حیکایەت و ئەفساناندا باسی حوکمڕانی و کاری کشتوکاڵی و بەرکاهێنانی عەرەبانەی پێچکەدار لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزارو هەشت سەدی زایینیدا کراوە، بەڵام بەدڵنییایەوە لەو سەردەمانەدا کە ئەوروپا لەحاڵی نیمچە وەحشییەتدا بووە، شارستانییەتی چین لەقۆناغێکی پێشکەوتووی پرشنگداردابووە، دەربارەی مێژووی چین، تاوەکو سەدەی هەشتەمی پێش زایین قەواڵەیەکی ئیحتوباردار، لەبەردەستدا نییە، لەوەش بەدواوە تاسەرەتای خانەدانی تانگ (دەورووبەری ساڵی شەش سەدی زایین) مێژووی چین بەشێوەیەکی گشتیی مێژوویەکی پڕ ئاژاوەو بێ سەروبەرو مێژووی تالان و بڕۆو وردە شەڕان بووە، دەتوانرێت ئەم سەردەمە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشبکرێت:

١.قۆناغی فیودالی (٧٠٠–٢٠٠ پێش زایین).

٢.قۆناغی خانەدانی هان (٢٠٠ پێش زایین–٢٠٠زایین).

٣.قۆناغی خانەدانانی بچووك (٢٠٠–٦٠٠ زایین).

### نۆڕینێکی گشتی:

مـەودای ئـەدەبیاتی چـینی کـۆن یـەجگار فراوانـەو هـەموو فۆرمـە ئەدەبییـە زانـراوو باوەکـان لـەخۆ دەگرێـت، واتـا مێـژوو، فەلـسەفە، لیریکـا، چـیرۆك، شـانۆنامەو نامـە، لـەخۆدەگرێت، زۆربـەی ئـەدەبیاتی کـۆنی چـینی پەیوەسـتە بەسـێ ئـایین لەچـوار ئایینـە سـەرەکییەکەی ئـەو وڵاتـە–ئـایینی کۆنفوسـیوس، ئـایینی تـاوو، ئـایینی بـودا، و (ئـایینی مەسـیحیەت کـە دواتـر بـۆ چـین دزەی کـردوو چـوارەمین ئایینـە)، ئێمـە ئێـستاکێ نـاوو بەرهەمی زۆر لەفەیلەسـوفان، شـرۆڤەکاران، شـاعیران، مێژوونووسـان، فەرهەنگنووسـان و پەیامبەرانی سەردەمانی کۆنی چینمان لەلایە.

**فەلسەفە:**

لایۆتزو (٦٠٠–٥٣١ پێش زایین) زاناو حەکیمێکی گەورەی چینییە، بەرهەمی تـایو–د–جینگ واتە شێوە یا ڕێگەی ژیان دەدرێتە پاڵ ئەو (لەوەشە ئەمە هەڵەبێ)، ئـەم بەرهەمـە بونیادی تاویزم واتە ئاینی ئایدیالیستی چینییەکان پێکدێنێت.

کونفوسیۆس: یا کونگ فـو–تـزو (٥٥١–١٧٩ پـێش زایـین) فەیلەسـوف، سیاسـەتوان، مامۆستاو دامەزرێنەری ئەدەبیاتی چینییە، هەرچەندە بەگـەورەترین رابـەری ئـایینی چـین دەژمێردرێت، بەڵام بەخۆی پـتر شـەیداو سـەودا سـەری بنـەمای کۆمەڵایـەتی، ئـەخلاقی و سیاسی بوو تا بابەتێن ئایینی، لـەواری پراکتیکیـدا شـتێکی ئـەوتوێ دەربـارەی ماهیـەتی خوا یا ژیانی پاش مەرگ، نەدەگوت و زیاتر دڵبەندی چۆنیەتی کار بوو لـەزەمانی حـازردا، یەجگار تامەزرۆی فێربوون بوو، هێندە مکوڕ بوو لەسەر فێربوونی زانستان، تا سـەرەنجام بوو بەزاناترین زانایانی زەمان و ڕۆژگاری خـۆی، پاراسـتن و بڵاوکردنـەوەی دابوونـەریت و یاســاو ڕێــسایانی بــەئارمانجی هــەرە دیــاری خــۆی دەزانــی، بناغــەی زانیــاری و ئامۆژگارییــەکانی ئـەو بـریتی بـوو لەگەڕانــەوە بـۆ پەنـدی پێـشینان و پــەیرەوکردنی زانستەکانی ئەوان.

(پێنج کتێبی کلاسیك) (لەدەورووبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زایـین نووسـراوە) ئـەم بەرهەمــە بــە(پێــنج کتــێبی کلاســیك) بەناوبانگــە لەلایــەن خــودی کونفوســیۆس–ەوە لەدەورووبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زایین کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە.

**کتێبی گۆڕانکاری (یی کینگ):**

ئەم کتێبە دەدرێتە پاڵ وەنگ (دەورووبەری ساڵی ١١٤٠ پێش زایین) ئەم بەرهەمە لەپێکهاتەی ئەندازەیی شەش خەت پێکهاتووە، لەگەڵ شەست و چوار گوتاردا کە بریتین لەکۆمەڵێك روونکردنەوە دەبارەی پێکهاتەی کتێبی ناوبراو، چینییەکان ئەم کتێبەیان بۆ پێشبینی و غەیبیێژی بەکاردەهێناو هەندێکیان پێیان وابوو کە فەلسەفەیەکی نهێنی و قوڵی تێدایە، بەڵام کەس پەی بەو رازو نهێنیانە نەبردووە.

### ئادابنامە (لی کی):

ئەمە کتێبێکی چەند بەرگییە دەربارەی ئاداب و نەریتی تێکەڵبوون و معاشەرەت کە لەلایەن دوو ئامۆزای تایی-یەوە (لەدەورووبەری ساڵی سەدی پێش زایین) دووبارە نووسراوەتەوە، بنەماو هەوێنی کارەکەی ئەو جووتە ئامۆزایە کۆمەڵە بەڵگەنامەو قەواڵەیەك بووە کە تەسەور دەکرێت لەلایەن کونفوسیوسەوە نووسرابن، بەرهەمێکی کلاسیکی شەشەم بەناوی دەستووری خانەدانی چوو، هەیە کە لەسەردەم و رۆژگارانێکدا بەهاوتای ئادابنامە دانراوە.

### کتێبی مێژوو (شوکینگ):

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٤٠٠-٧٥٠ پێش زایین، لەو کتێبەدا باسی یاساکانی ئارمانجی سیاسی و پرەنسیپی حکومەتی دڵخواز دەکرێت.

کتێبی چامەکان (شی کینگ):

ئەم کتێبە بریتییە لە ٣٠٥ شیعری هەڵبژاردە (واباوە کە ئەم شیعرانە لەدیوانێکی سێ هەزار شیعرییەوە کە لەسەدەکانی کۆندا نووسراوەتەوە، وەرگیراون).

کتێبی چامەکان رەنگدانەوەی پشکوتنی خەیاڵ و هەستی پێشینانە، شیعرەکانی ئەم کتێبە بریتین لەو شیعرە لیریکی و چامانەی کە لەشوێن و بۆنەی جۆراوجۆردا گوتراون، هەڵبەتە کتێبی چامەکان لەو رووەوە کە رەنگدانەوەیەکی روونی ئاداب و رسوماتنامەی چینیانی کۆنە، بایەخێکی یەکجار فرەیی هەیە.

### ساڵنامەی بەهارو خەزان (چون چی یو):

شەیدایانی ئەم بەرهەمە کلاسیکییە بۆیە ناویان ناوە ساڵنامەی بەهارو خەزان، چونکە ستایشەکانی وەکو بەهار دڵگیرو تەڕو تازەیەو رەخنەکانی وەکو خەزان ساردو خەمینە،

لەم کتێبەدا بابەتی فەلسەفی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، بەڵام لەبارەی نیشاندانی مێژووی زێدی کونفوسیوسەوە لەساڵانی ٧٢٢-٤٨٤ پێش زایین، زۆر بایەخدارە.

## گوتارو گفتوگۆکان (لون یو):

ئەم بەرهەمە لەدەورووبەری ساڵانی ٤٥٠-٢٧٥ پێش زایین دانراوە. ئەم کتێبە لەبیست و چوار فەسڵ پێکهاتووەو بریتییە لەگوتەکانی کونفوسیوس، کە موریدەکان کۆیانکردووەتەوەو بەباشترین سەرچاوەی ناسینی کونفوسیوس دەژمێردرێت.

## مینسیوس یا مینگ تزو (٣٧٢-٢٨٨ پێش زایین):

سیاسەتوان و ±فەیلسوف و مامۆستا بووەو حەوت کتێبی فەلسەفی لەسەرە بنەمای ئامۆژگارییەکانی کونفوسیوس داناوە، مینسیوس کە پایەیەکی ئەخلاقی کەمتری لەمامۆستاکەی هەبووە، زیاتر رموودەی ئابووریی سیاسی بووە.

## چوانگ-تزو (لەدەورووبەری ساڵی ٣٥٠ پێش زایین ژیاوە):

خاوەنی کتێبێکی گەورەی ئەفسانەو نەقڵ و حیکایەتان بووە، کە هەندێ بەشی فەوتاوە.. ئەم پیاوە هێرش دەکاتە سەر ئایینی کونفوسیوس و بەرەڤانی لەئایینی تاو دەکات، خاوەنی شێوازێکی دڵگیرو تەنزو توانجی زیرەکانە بووە.

## هۆزان

لەپاش مەرگی کونفوسیوس، قوتابخانەیەکی شیعری نۆباو هاتە ئاراوە کە لەرووی دەربڕینی زیندوو، کێشی ئازادو رەمزو ئیستیعارەوە مایەی سەرنجە، هۆزانێن کۆنی چینی قافیەدار بووە (بەر لەساڵی شەش سەدەی زایینی))، درێژی بەیتەکان جیاواز بووە، بەڵام بەزۆری چوار یان پێنج هیجایی بووە، لەپاش ساڵی شەش سەدەی زاینییەوە ئیدی بەیتی حەوت هیجایی باوی سەندوە، (بڕوانە کتێبی چامەکان، کونفوسیوس).

## چویوان (لەدەورووبەری ساڵی ٣٥٠ پێش زایین ژیاوە):

شاعیرو سیاسەتوان بووە، شیعرێکی درێژی هەیە بەناوی (گرفتاری و دەردیسەری) کە باسی ژیان و بەسەرهاتە سەیرەکانی خۆی دەکات، ئەم شیعرە پڕە لەڕووداوانی خەیاڵ ئەنگێزی وەکو سەفەر بەگالیسکەی ئەژدیهاو سەردانی کاکێشان.

## می شنگ (لەساڵی ١٤٠ پێش زایین مردووە):

لەڕووی فۆرم و قاڵبی شیعرەوە لە (چویوان) کۆنەپارێزتر بووە، مـی شـنگ کـە لەبـەر شـیعرە پێـنج هیجاییـەکانی و غەزەلـە ئاشـقانەکانی بـەنێو بانگـە، بەتـەواوەتی لـەژێر کاریگەری کتێبی چامەکانی کونفوسیوسدا بووە.

### وانگ تسان (١٧٧-٢١٧ زایین):

شاعیرێکی هزرڤان بوو، کتێبێکی دەربارەی شیعر هەیەو گەلێك شـیعری حەسـرەتباری دەربارەی سەرگەردانی خۆی نووسیوە.

### لیولینگ (لەدەورووبەری ساڵانی ٢٥٠ زایین ژیاوە):

شـاعیرو یـەکێك لەحـەوت حـەکیمانی (قوتابخانـەی شـاعیرانی بـادەنۆش) بـووە، نـاوو شۆرەتی بۆ ئە وشیعرانە دەگەڕێتەوە کە لەستایشی شەراب و ئایینی تاودا نووسیونی.

### تایو چی ین یا تایویوان مینگ (٣٦٥-٤٢٧ زایین):

لەشاعیریدا وەستا بوو، زیاتر بەوە شۆرەتی پەیداکرد کە دەستی لەپۆسـتێکی گرنگـی دەزگایەکی حکومەتی کێشابووەوە، چونکە نەیدەتوانی (لـەپێناوی پێـنج پەیمانـە برنجـدا هـەموو ڕۆژێـك سـەر بـۆ ئـەم و ئـەو دابنـەوێنێت). شـیعرەکانی زیـاتر ڕەمـزی، سیاسـی، فێرکاری و وەسفییەو هەندێکیانی ڕاستەوخۆ لەبەر گوتووە، گەلێك لەسروودو شیعرەکانی بەڵگەی هەستی قوڵ و ڕاستگۆیی و جۆش و خرۆش کارامەیی ئەون لەواری شاعیریدا.

وانگ چی (لەدەورووبەری ساڵی ٦٠٠ پێش زایین ژیاوە):

گـەلێك بەرهـەمی جـوانی بەشـیعرو بەپەخـشان نووسـیوەو جوانترینیـان (چـیرۆکی سەردانی سەرزەمینی مەستان)ە.

### مێژوو

### سو-ما چی ین (١٤٥-٨٧ پێش زایین).

باوکی مێژووی چینە، بەرهەمێکی زۆر گەورەی هەیە بەناوی بیرەوەریی مێژوویی (شـی چی) کە مێژووی چینی لەساڵانی ٢٦٩٧ ەوە تا ساڵی ١٠٠ پـێش زایـین لـەخۆگرتووە، ئـەم کتێبە کە بریتییـە لـە ١٣٠ فەسـڵ، پێـنج بـابی هەیـە: ١.سـاڵنامەی خاقانـەکان. ٢.خـشتە زەمەنییەکان. ٣.سرووت، مۆسیقا، ئەستێرەناسـی، قوربانیـان، ئـاوو ئـاوەڕۆ، سیاسـەتی ئابووری. ٤.ساڵنامەی نەجیب زادانی تیولدارو. ٥.ژیاننامەی پیاوانی ناودار.

### پان پیایو، پان کو، پان چایوی خوشکیان (دەورووبەری ساڵی ٥٠ زایین).

ئـەم سـيانە كتێبێكـى مێـژووييان هەيـە دەربـارەى خانـەدانى هـان، ئـەم كتێبـە ڕووداوەكانى ساڵانى (١٠٠ پێش زايين –١ زايين)ى لـەخۆگرتووەو بەرهـەمێكى مـەزنى ١٢٠ بەرگييە.

**سەفەرنامە**

**فاهسى ين يان فا-هى ين (لەساڵانى نێوان ٣٩٩-٤١٤ زايين ژياوە):**

ئەم گەڕيدە حيكايەتخوانە لەساڵى (٤١٤) زاييـنى سـەرفەرنامەى هنـدى نووسـيوە، كـە هەواڵى سەفەرى زەمـينى خۆيـەتى لەجەرگـەى چينەوە تـا وڵاتـى هينـدو ئـەوجا درێـژەى سـەفەرەكەيەتى بەكەشـتى بـۆ سـيلان و جـاوەو گەڕانـەوەى بـۆ شـانتونگ، شـێوازى پەخـشانەكەى كـورت و دژوارە، بـەڵام زانيارييـەكانى دەربـارەى چـينى كـۆن و هينـد، و ئاييـنى بودا، بۆ توێژەران يەجگار بەنرخە.

# جۆرەکانی ئەدەبیات
# یان ئەدەبیات و چەشنەکانی

## بەشی دووەم

و. لەفارسیەوە: زەینەب یوسفی

### بەشی دووەم: ئەدەبی عاملاندن یان (تعلیمی)
### Didactic literature

بەشێکی دیکە لە جۆرەکانی ئەدەبیات، ئەدەبی عاملاندن یان تەعلیمیە. عاملاندن لە ئەدەبی فارسیدا، واتا رێگانیشاندان، رێگای راست نیشاندان، رێگای حەقیقەت نیشاندان و بەرەو حەقیقەت رێنوێنیکردنەو لەتیۆریدا، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە ناوەرۆك و ئامانجەکەی، نیشاندانی رێگای حەقیقەتی گرتبێتەئەستۆ، لەژانری ئەدەبیاتی عاملاندندا، جێگیردەبێت.

جێگەی باسە، ئەدەبی عاملاندن چەشنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، وەکو ئاکارو رەوشت و رەفتارەکان، رەخنەکۆمەلآیەتی و رامیارییەکان و فێرکردنی پیشەو ئیشە جۆراوجۆرەکان، لەخۆدا چڕدەکاتەوە.

لەئەدەبیاتی فارسیدا، شیعر بەربلاوییەکی زۆرتری دەستکەوتووەو یەکێکە لەبەرفراوانترین و بەرینترین بەشەکانی شیعر لەئەدەبی فارسیدا، شیعری تەعلیمی یان ئیرشادی و یان بەواتایەکیتر ئەدەبی عاملاندنە.

شاعیرەکان، کێشەرەفتاری و دەروونناسی و کۆمەلآیەتییەکان بەشێوەی دوور لەشانۆکاریەوە، دەگێڕنەوەو بەم بۆنەیەوە ئەدەبی تەعلیمی فارسی لەئەدەبی رۆژئاواییەکان بەربلاوترە.

یەکەمین بەرهەمی هۆنراوەی سەربەستی فارسی لەبارەی ئاکارییەوە (پەندنامەی ئەنۆشیروان)ە، وا بە (دایمیبەلخی)، هاوچەرخی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، لە چوارچێوەی (موتەقاربدا) وتوویەتی.

بەڵام تایبەتمەندییە رەفتاری و رەوشتییەکەی ئەدەبی فارسی بەتایبەت لە بەرهەمەکانی شاعیرانی زانا و سۆفیدازۆرتر دیارە و بەکارهێنراوە و هەست پێدەکرێت. ئەتوانین لەم بارەوە شیعرەکانی، سەنایی، عەتار، مەولەوی، نیزامی و سەعدی و بەرهەم و نووسینەکانی عەبدوڵلا ئەنساری، (تەزکەرە تۆلاولیای)، عەتتار و(اسرارالتوحید)، حیکایەتەکانی (گوڵستان) بەتایبەت بەشی دووەمەکەی کە سەبارەت بە ئاکاری دەروێشەکانەو (بووستان)ی سەعدی و (جامی جەم)ی تەوحیدی و قەسیدەکانی ناسر خوسرەو، ناوببەین. بۆ وێنە:

**بترسە دژوار، لە دژواری، کاتی ئیش ئاسان کرا**

**وا رۆژگار خێرا دژوار ئەکات ئیشە ئاسانەکان**

**فرێی ئەدا، کاتی توورە ئەبێت، سەردەم و زەمەن**

**لە کۆشکی پاشاو لە سەر خوانی خۆ، پاشاو ئاغاکان**

ناسر خوسرەو

سەعدیش لە بارەی ئەرکی قورسی سەرشانی پاشاکان و بەڕێوبەرانی حکوومەت، لە زمانی خوسرەو بۆشیرووبە بەمجۆرە دەدوێت:

**لەسەر ئەم بڕیارە بە، تا هەر بیرو باوەڕێکت هەبێ**

**تەنیا لەبۆ چاکی و رەحەتی ژێردەستەکەت ببی**

**ئەی کوڕی من لەعەدل و داد دوورەوە مەبە**

**کە خەڵک لێت تێکنەدا شکۆو جەلال و دەبدەبە**

**خراپی و زیانت لێ ئەدا، شمشێر بەدەستی دوژمن**

**بەڵام نەک بەئەندازەی دووکەڵی دڵی سووتاوی پیرەژن**

لەبواری کێشەی رامیاری و رەخنەکاندا، دیسان سەعدی هونراوەی هەیە. بۆ وێنە:

**حاکمی زاڵم بەهۆی پێنووسەوە**

**بی تیروکەوان، خەڵک ئەڕوتێنێتەوە**

**ئێمە قەت گلەیی لە گورگ ناکەینەوە**

**ئەم هەموو بێدادە وا شوان لێمانی ئەکاتەوە**

لەسەردەمەکانی دواتریش، هەروەها شیعرەکانی مۆحتەشەمی کاشانی و مەلەکولشوعەرای بەهارو پەروینی ئیعتیسامی بەبۆنەی بیروڕای کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانیانەوە، لەبەشی ئەدەبی تەعلیمیەوە جێگیردەبن.

بەشێکیش لەخودی ئەدەبی تەعلیمی، ئەو نووسین و شیعرانەن کە باسی فێرکردنی پیشەو هونەر دەکەن. لەوێنەی ئەمجۆر شیعرانە، دەتوانین (خەزانیە)ی مەنووچەهری (نساب السبیان)ی ئەبوو نەسری فەراهی (٦١٨ھ) و زانستنامەی میسری، ناوببەین. خەزانیە لەبارەی پرۆسەو چۆنییەتی دروستکردنی شەراب لەترێوە قسەدەکات.

نساب السبیان لەبارەی ڕێنوێنی دروستکردنی وشەو رستەوە دەدوێت و زانستنامەی میسری سەبارەت بەدەرمانناسی و پزیشکییەوە قسەدەکات.

لەئەدەبی رۆژئاوادا، یەکەم بەرهەمی تەعلیمی، پەیوەندی بەیۆنانییەکانەوە هەیە. (هێسوید) دوو مەنزوومەی تەعلیمی هەیە یەکێکیان (ئیشەکان و رۆژەکان)ە و ئەویتریان (تەئوگونی) ناوە. هێسوید لەیەکەمیاندا، فێرکردنی ئیشی کشتوکاڵ، لەگەڵ روانینێکی ئاکاریی تێکەڵاو دەکات، دووەمیشی تایبەت بەخواکان و خولقاندنی دونیایە.

بەڵام شیعری تەعلیمی بەواتای بچووکی خۆی لەئەدەبی رۆژئاوادا، جۆرە شیعرێکە کە لایەنگیرییەکی تایبەتییەو پیشەیەك فێری خەڵك دەکات. وەکو شیعرە گوندییەکانی (ویرژیل)، شاعیری رۆمی کە لەبارەی یاسای پاراستنی مەزراکانەو کتێبی (هونەری شاعیری) هۆراس کە چۆنییەتی رەخنەگرتن لەشیعر فێری خەڵك دەکات.

دوایی شیعرە لادێییەکان، ببوو بەسەرچاوەی زۆرێك لەبەرهەمە تەعلیمییەکان، تایبەت بەپاراستن و ئاگاداریی لەمێگەل و ئیشەکانیتر. لەبواری کێشەی ئاکاری و رەفتارییەوە ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر دەوڵەمەندەو بەرچاوەو لەم سەردەمەدا، بەبۆنەی زاڵبوونی بیروباوەڕی ئایین و ئەداو ئاکاری کەنیسەکانەوە، بەرهەمە ئەدەبییەکان بەزۆری، رەنگ و بۆنی ئەداو ئاکارو ئایینیان پێوەبووە.

لەئەدەبی بەریتانیدا لەدایکبوونی شانۆ ئاکارییەکان کە بەشێوەی نوکتەو تەمسیلەوە، دروستدەکران و باسی ئاکارو رەفتاریان دەکرد، وەکو شانۆی (خەڵك) بەبۆنەی ئەم شێوە روانینە ئایینیانەوە بووە.

لەم شانۆیەدا، پاڵەوانی سەرەکی، نوێنەری مرۆڤە بەگشتی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ، وەکو بیرورِا خراپەکان و گوناهەکان و پێویست و هەوڵدان بۆ سرِینەوەی گوناهەکان و بەخشش و دژایەتی لەگەڵ مەرگدا، بەشێوەیەکی تەمسیلی نیشاندراوە. تایبەتمەندیی مرۆڤایەتییەکان و ناوەرۆکە ماناداەرکان وەکو، پارێزگاری، پاراستن، ناپاکی، مەرگ، چاکی و تەماحکاری، هەرکامەیان بە رواڵەتی مرۆڤ دەدرێن و دەردەکەون.

دیوانی شیعرە ئاکارییەکان، تایبەت بەچاخی دوازدەو (رێنوێنییەکانی ئاڵفرد) لەچاخی سیانزەدا، دیسان لەوێنەکانی ئەدەبی ئاکارییە، لەئەدەبی بەریتانیدا.

پاش لەچاخەکانی ناوەراست بیرو فکری رێنوێنی و ئاکاری هەروا، دیسان زاڵبوو بەسەر ئەدەبیاتدا، بۆ وێنە مەنزومەی (بەهەشتی ون/ جان میلتون)، بەبۆنەی بۆن و رەنگی ئایین و فێرکردنی ئایینەوە، بەبەرهەمێکی تەعلیمی یان رێنوێنی، دەناسرێت.

لەچاخی هەژدەدا، لەگەڵ گەشەسەندنی (مەکتەبی کلاسیکی نوێ) لەبەریتانیادا، فێرکردن و رێنوێنیکردن ببوو بەیەکێك لەتایبەتمەندییە بنەرِەتییەکانی ئەدەب.

ئەلکساندر پوپ زۆرتری شیعرەکانی خۆی لەسەر شێوەی رێنوێنیکردن داناوە، بۆ وێنە لەمەنزوومەی (وتارێك لەسەر رەخنەگرتن) سەرەرِای رەخنەی شیعر، شێوەگەلی فێری رەخنەگرو شاعیریش دەکات و بەرِۆشنی خەریکی رێنوێنی و فێرکردن دەبێت.

But you who seek to give and merit fame and justly bear a critics hoble name, Besure yourself and your own rench to know, How for your genius, taste and learninggi, launch not be yond your depth, but be discreet, And mark that point wheresense and duhness meet. (LI ٤-٥١)

لەوێیەوە کە نووسەرەکانی سەردەمی کلاسیکی نوێ، چاکترین چوارچێوەی نووسینیان بەشێوەی تانەو تەشەرو نوکتە نووسینەوە زانی، بۆ دەربرِینی رێنوێنی و فێرکردنی باوەرِە ئاکارییەکانیان، لەم شێوەیە کەڵکیان وەرگرت و ئەم شێوەیە لەو سەردەمەدا زۆر پەرەی سەند.

هەروەها لەم سەردەمەدا، شیعرە تەعلیمیەکانی تر بەرەوتی لادێییەکانی ویرزیل خولقاو هەرچەند خەڵك زۆربەرەو پیری ئەوانە نەڕۆیشتن، بەڵام ناونەری درێژەی ژیانی رێنوێنی و فێرکردنە، لەئەدەبی ئەوسەردەمەدا.

لەم شیعرانەدا دەتوانین ئاماژەبکەین بۆ (مەنزوومەی باخی گیاناسی) ئەراسموس داروین.

ئەم مەنزوومەیە کە بەچەشنی مەنزوومەکانی ئەلکساندر پوپ لەچوارچێوەی (حەماسی)دا وێژراوە، بریتیە لەدووبەش، بەشی یەکەم لەسەر بارودۆخی ئابووریی گیاکان و بەشی دووەم بۆ عەشقی گیاکان تەرخانکراوە.

## بەشی سێیەم (ئەدەبیاتی نەخۆش ئاسا)
## Dystopia literature

دەستەواژەی dystopla بەمانای (شوێنی خراپ)ە و لەئەدەبدا بەوجۆرە بەرهەمانە ئەگوترێت کە لەئەواندا، تایبەتمەندییە چاك و باشەکانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی دواکەوتووانەو ئاوەژوو دێنەئاراوە.

لەمجۆرە چیرۆکانە، نووسەر لایەنە هەرەشەیی و کاولکەرو مەترسیدارە شاراوەکانی، بواری رامیاری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیاییەکان، کە تەنیا لەم رووەوە چاك و سالم دێنەبەرچاو، خودی نووسەرەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەحەقیقەتدا، بەدەنگێکی رەخنەگرانەوە دێتە مەیدانەوە.

بەڵکو کارکردی کاولکەرانەی ئەمجۆرە رووداوە رامیاریانە، کە خەڵکی پێ تەفرە دەدرێت بۆ مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە بەڕۆشنی نیشانبدات. لەمجۆرە چیرۆکە نەخۆش ئاسایانە، دەتوانین رۆمانەکانی (دونیای بەختەوەر) ئالدووس هاکسلی و کتێبی (١٩٨٤) لە نووسینەکانی جۆرج ئۆروێل ناوببەین.

لەکتێبی ١٩٨٤، جۆرج ئۆروێل بەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی ئاماژە دەکرێت کە ژیانی مرۆڤ لەهەموو بارێکەوە، لە شەبەکەیەکی رامیاری ماشێنیدا، چڕ دەکرێت و ویستی لێدەبرێت و جوانترین تایبەتمەندییە مرۆڤایەتییەکان وەکو ئەشقی دایك و منداڵ، دەکەوێتە ژێر چەپۆکی ئەم حکوومەتە دژبەمرۆڤەو بەشێوەیەکی بۆگەن و دواکەوتوو دەیانخاتە بەردەستی خوێنەر.

لەئـەدەبی فارسـیدا، چـیرۆکەکانی خـولاّم حـسێنی سـاعیدی، زۆرتـر لـەم بارۆدۆخـەدا نووسراون، هەندێك لەچیرۆکەکانی بارامی سادقی-ش وەکو: مەلـەکووت و خـەونی خـوێن، لەبواری ئەدەبی نەخۆش ئاسادا جێگیر دەبن.

* * *

## ئەدەبی ئیعترافی یان دەربڕین
## Confessional literature

لقێکـە لەئـەدەب و زۆرتـر ژیاننامـەکانی نووسـەرەکان لـەخۆدا چـڕدەکاتەوە. کـۆنترین دەبڕینەکان، هی (سـنت ئاگۆسـتین) پیـاوێکی رۆحانییـە کـە لەچـاخی چـوارەمی میلادیـدا ژیـاوە، وێنـەکانی دیکـە تایبـەت بەچـاخی هەژدەیـە کـە دەتـوانین ئامـاژە بکـەین بـۆ (دەربڕینەکان)ی رۆسۆو (دەبڕینەکانی بەریتانیایەکی تلیاك خۆر) لەنووسـینەکانی (دووکو نیسمی)ەوە.

لقێك لەلقەکانی ئەدەبی دەربڕین، رۆمانی دەربڕینە واتا پەنجاسالّی رابردوو، لەئـەدەبی رۆژئـاوادا، بـاو بـووەو لەوێنـە گرنگـەکانی دەتـوانین لـەرۆمانی Lachuteـی ئالبرکـامۆ، ناوبەرین.

لەکۆمـەڵێك لەرۆمانـە دەربڕینـەکان کـە زۆرتـر بـە Frame store دەناسـرێن، نووسەرەکە هاوکات لەگەڵ ئەوچیرۆکە کـە خـەریکی نووسـینیەتی، خوێنەرەکـە دەخاتـە نێوان رووداوەکانی رومانەکەوە بەگشتی.

ئـەم شـێوەیە بەنووسـینەکانی (ئاندرەژیـد)ی فەرەنـسییەوە (١٨٩١) بـاوبوو، هاتـە مەیدانی ئەدەبی چیرۆکەوە.

ئەدەبی دەربڕین جگە لەرۆمان، سفریش دەخاتە بازنـەی تایبەتمەندییـەکانی خۆیـەوە. شیعرە غینائییەکان بەتایبەت، چونکە زۆربەی زۆریان تایبەتن بەژیانی خودی شـاعیرەکەو لەدونیای شاراوەی ئەوەوە دەدوێن، دەتوانن بەشێك لەم ئەدەبە، تایبەت بەخۆیان بـزانن. بـەلاّم شـیعری دەربـڕین لـە ئـەدەبی بەریتانیـدا تایبەتـە بەشـیعرەکانی کۆمـەڵێك لەشاعیرەکانی پەنجاکان و شەستەکانی بـەریتانی و ئـەمریکا وەکـو کۆمەڵـە بەرهەمـەکانی رابـرت لاول بـەناوی Life studies، و.د.اسـنودگراس بـە نـاوی Hert's Needle و

شیعرەکانی ئانسکستون لەچوار جەڵددا بەناوی To Bedlam and part way Back و شیعرەکانی سیلویا پلاس.

لەئەدەبی کلاسیکی فارسیدا، رەنگە بتوانین کتێبی (غەزالی لەگەڵ ئێوەدا دەدوێت)ی ئیمام موحەممەد غەزالی، جۆرێك لەجۆرەکانی ئەدەبی دەربڕیندا ئەژمار بکەین.

لەئەدەبی داستانی، رۆمانەکانی (داکەوتن)ی ئالبێرکامۆو (وتن و نەوتن)ی مەحموودی کیانووش، دەکەونە ژانری رومانە دەربڕینەکانەوە.

## بەشی چوارەم (ئەدەبی پووچەڵ ئاسا)
## Literature of the Absurd

ئەم ناونیشانە تایبەت بەو بەرهەمە داستانی و شانۆییانەیە کە بەجۆرێك باسی پووچەڵی و بێقازانجی و بێمانایی و بێئامانجی ژیانی مرۆڤ دەکەن و لەسەریشیان سوورن.

لەمجۆرە چیرۆکانەدا، نووسەرەکە وەسفی پووچەڵی ژیان ناکات بەڵکو بەجۆرێك پووچەڵیەکە دەخاتە توێی لایەنەکانی ژیانەوەو دەرنجامی ئیشەکە بەشێوەیەك پووچەڵ و بێئامانج دەنوێنێت و ئەم بیروڕایە دەگوازێتەوە زەینی خوێنەرەکەشیەوە.

هۆی دروستبوونی پووچەڵی لەئەدەبدا، سەرەتا بەبیانووی رەخنەگرتن و خەباتی دژ بەبایەخە کۆنەکان و یاسا داسەپاوەکانی پێشووی کۆمەڵگا بو و خودی ئەم خەباتەش دەرەنجامی ئەو ئاڵوگۆرە مەزنانە بوو کە لەئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفییەکانی رۆژئاوادا درەوشایەوە.

یەکێك لەو بایەخە نوێیانە کە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین ئەمەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەزو هزرەو لەجیهانێکی ئاوەزداردا دەژی و ئەویش بەشێکە لەو سیستمە رێکوپێکە کۆمەڵایەتییەو هێزی ئەوەشی پێیە کە تەنانەت لەکاتی شکستهێناندا، بگاتە پلەکانی گەورەیی و پاڵەوانی، بەڵام بەدروستبوونی فەلسەفەی ئێکستینتالیزم (Existentialism)، ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە جێگای خۆی لەگەڵ بیرێکی جیاوازدا، گۆڕایەوە. بناغەی فکری دواکەوتوانی ئەم مەکتەبە فەلسەفییە کە زۆرتر لەبیروڕاکانی ژان پولسارترو ئالبرکامۆوە، لایەنی ئەدەبی گرتەخۆیەوەو خۆی خستە بازنەی ئەدەبەوە، لەسەر ئەم بیروڕایە سوورەکە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیایەو بەشێوەیەکی سووك و بێقەدرەوە لەجیهانێکی بیانی و تەنیا، وێڵکراوە، دونیای ژیان، دوورە لەهەرجۆرە

بایـەخێك و حەقیقـەتێك و مانایـەكی مرۆڤایـەتی، ژیـانی مـرۆڤ بازاڕێکـە کـە لەهیـچەوە دەسـتپێدەکات و بـە هیـچیش ئاکـامی دێـت. مـرۆڤ بوونـەوەرێکی خـەمگین و بێئامانجـە.

ئالبرکامۆ، لە (ئەفسانەی سیزیف)ەوە بەمجۆرە بیر لەو واتایە دەکاتەوەو دەڵێت:

(مرۆڤ، لەجیهانێك کە بەیەکجاریی لەتـەفرەو هیـوا، خـاڵی بووەتـەوە، خـۆی بـە بیـانی هەسـتپێدەکات، ژیـانی ئـەو ژیـانێکی تاراوگـەیی و ئیختیـارە هیـچی پێنییـە. ئـەم دابڕانـە لـەنێوان مـرۆڤ و ژیـان یـان لـەنێوان پاڵـەوانی شـانۆ و سـەکۆی شـانۆکە)، بووەتـە هـۆی دروستبوونی هەستی پووچەڵی لەدەروونی مرۆڤدا.

ئـۆژن یونـسکۆ، شانۆنووسـی پووچـەڵگەرا، لەدەقێکـدا سـەبارەت بـە (کافکـا) ئـەم بیروباوەڕە بەمجۆرە شیدەکاتەوە:

(مرۆڤێك کە لەهەموو رەگ و ریشەی ئایینی و مانەوەییەوە دابڕاوە).

بێگومان لەدەستـچوونی بیروبـڕوای ئـاوا مـرۆڤێکیش بەدڵنیاییـەوە بێمانـاو بێئامـانج و بێقازانجە) .

ئەم بیروباوەڕە لەئەدەبدا، سـەرەتا لەبەرهەمـەکانی نووسـەرە ئێکسپرسیۆنیـستەکان و سووریالیـستەکان و بەرهەمـــەکانی فـــرانتس کافکـــا و جیمـــز جویـــسەوە هاتـــە مەیـــدانی ئەدەبەوە بوو بەهۆی خولقاندنی لقێکی سەربەخۆ لەئەدەب و شانۆنامە نووسیندا.

چەسپاندنی ناوی پووچەڵی بەمجۆرە بەرهەمانەوە هەندێکی بەبۆنەی جـۆری پەیامێکـە کـە بـڵاوی دەکەنـەوەو هەنـدێکی تریـشی بەبۆنـەی بـارۆدۆخی بێئامـانجی و بێمانـایی و بێوێنەیە لەڕوواڵەتدا.

لقی گرنگی ئەدەبی پووچەڵی شانۆی پووچەڵییە.

## بەشی پێنجەم: ئەدەبی داستانی Fiction و ئەدەبی عامیانە یان گشتی Folk litera ture

ئەم دەستەواژەیە سەرجەم بـەوجۆرە بەرهەمانـە دەوترێـت کـە لایەنـە داهێنەرەکـەیان زاڵـە بەسـەر لایەنـە واقعییەکانیانـەوەو بـریتین لـە راز، کورتـە چـیرۆکی درێـژو رۆمـان و کورتـەرۆمان، جێگـەی باسـە سەرەنجراکێـشەکانی ئـەدەبی داسـتانی زۆرتـر خەیاڵییـەو خولقـاوی زەینێکـی خولقێنـەرەو لـەژیانی حـەقیقی و حەقیقەتـە مێژووییەکانـەوەنادوێت، بـەڵام ئەگەرچـی نـاوەرۆکی چوارچـێوەیەکی ئـەدەبی، لەحەقیقەتـە مێژووییـەکان یـان

واقعییەتـــەکانی دیکـــە دەوەشـــێتەوە، بـــەڵام زۆرتـــر بەناونیـــشانی چـــیرۆکی مێـــژووییان ژیاننامەی داستانی و ناونیشانی لەم چەشنانە، دیاری دەکرێن.

## ئەدەبی گشتی یان عامیانە
## Folk literature

بەکۆمـەڵێك لـەو گـۆرانی و حیکایەتـە ئوسـتوورەیی و مەتەڵانـە دەوترێـت کـە لـەنێوان خەڵکی نەتەوە یان ناوچەیەکدا، باون و بەشێوەی دەماودەم لەنەوەیەکەوە بـۆ نەوەیـەکی تر دەگوازرێنەوەو جێگە باسەکانیشیان لەفەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەکە هەڵـدەگیرێت، ئەدەبی عامیانە زۆرتر لەنێوان خەڵکی کۆمەڵگایەکدا بـاوە کـە خـەڵکەکـەی نەخوێنـەوارن و خوێندن و نووسین فێرنەبوون.

لەناو هەرنەتەوەیەکدا، ئەدەبی نووسین، هەندێك لـەم بەشـە وەردەگرێـت و دیـسانەوە بەچەشنێکیتر دەیخولقێنێتەوەو زیندووی دەکاتەوە، بۆ وێنـە لەئـەدەبی فارسـدا، زۆرتـری حیکایەتـەکان و چـیرۆکەکانی کـۆن و نووسـراو دەسـتمایەی خۆیـان لـەناو ئـەم چـیرۆکە عامیانەوە وەرگرتـووە لەئـەدەبی بەریتانیـشدا، هـەروەها بـۆ وێنـە لـەم بـارەوە دەتـوانین لەشیعری Eve ofst.Ay besی جـان کیتـز، یـاد بکـەین، جێگـەی باسـە ئـەم شـیعرە لـەدەوری بازنـەی بڕواکـۆن و خەیاڵییەکانـەوە دەسـوورێت کـە بـەبڕوای خـەڵك سـەبارەت بەخەونی کچە نابالّخەکانەوە پەیوەندی هەیە.

سەرچاوە:

فەرهەنگی دەستەواژە ئەدەبییەکان

سیماداد



**دیدار لەگەڵ هونەرمەند کەریمۆک**

*کەریمی مەلا*

**گەلەری ئارام تابلۆیەک بە فیگەری دەنگەکانی رووناکبیری**

*دالیا جەزا*

**ئەرسەلان دەرویش ئەم تەجروبەیە قەرزاری شانۆی کوردییە**

*رێبواری ئازادی*



# هونەر



# دیدار لەگەڵ هونەرمەند کەریمۆک



ئا: کەریمی مەلا

**بەر لەوەی بچم بۆ کۆلێژی سینەما شتێکم سەبارەت بەسیناریۆو فیلمسازی دەزانی کە  چوومە ئەوێ تووشی شۆک بووم!**

هونەرمەنـد کـەریم غـەفور، ناسـراو بـە(کـەریمۆك)، کـە سـاڵانێکی زۆرە سـەرقاڵی فیلمـسازییەو ئێـستاش لـەقۆناغی دووەمـی بەشـی سـینەمای کۆلێـژی هونەرەجوانەکانـە، لەهەولێر دەخوێنێت و تـا ئێـستاش چـەندین کـارو بەرهـەمی لـەبوواری شـانۆ و سـینەمادا هەبووەو ماوەیەکی زۆریش لەبوواری نووسـینی چـیرۆك و نوانـدنی کـاری شـانۆیی و کـاری رۆژنامەنووسـیدا کـاریکردووە، لەزۆربـەی ڤێـستیڤاڵە ناوخۆییـەکانی کوردسـتان بەشـداری کردووە.

لەسـەردانێکدا بـۆ هـەولێر دیمانەیـەکمان لەگەڵیـدا سـازکردوو، سـەبارەت بەسـینەماو ڤێستیڤاڵەکان و کێشەو گرفتەکانی سینەما بۆمان دووا:

***دیـارە تـۆ ئـەزمونێکت لـەبوواری (فیلمـسازی)دا هـەبووە ئەگەر چـی ئەزمونوکەت کورتیش بێت، بەڵام وەک بەشدار بوویەک و هونەرمەندێک ئامادەبیت هەبووە لەڤێستیڤاڵەکاندا. ڤێستیڤاڵەکان لەسلێمانی و هـەولێر چـۆن هەڵدەسـەنگێنیت؟ قـۆرخکردنی ڤێـستیڤاڵەکان یـان بردنـەوەی**

**لەلایەن کوردان و هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) هۆکاری بردنی ئەو خەڵاتانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ راوبۆچونی خۆشت لەسەر کاری فیلمسازی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەکوردستان دەربڕیت.. ؟**

–(کەریمۆك): بابەتەکە چەند تەوەرێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەبری قوڵبوونەوە، بەکورتی قسەیان لەسەر دەکەم، دیارە من تەنها لەدووکاری کورتە فیلمدا کاری دەرهێنانم کردووەو وەك فیلمسازیش بەشداریم لە (٢) ڤێستیڤاڵی کورتە فیلمدا هەبووە، ڤێستیڤاڵەکانی تر وەك ئەکتەرو بەشداربوون بووە، دیارە رێکخستنی ئەم ڤێستیڤاڵانەش، رۆڵێکی باشیان بینی لەهاندانی گەنجان بۆ کارکردن لەو بواری فیلمسازیدا بەتایبەتی ئەو گەنجانەی خەونی دروستکردنی فیلمیان هەیەو حەز دەکەن لەبووارەدا کاربکەن، ڤێستیڤاڵ رەوشێك دەخولقێنێت گروتینێکی باش دەدات بەگەنجان بۆ دروستکردنی فیلم، چونکە هونەری سینەما لەلای ئێمە تازەیە، بۆیە بەڕێوەبردنی ڤێستیڤاڵیش تازەیەو تەژیە لەکەم و کوڕی، بەتایبەتی لەکۆتایی ڤێستیڤاڵ و رۆژانی خەڵات بەخشین جۆرێك لەنائارامی دروست دەبێت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان زاڵ دەبێت بەسەر بارودۆخەکەو یەکسانی لەدابەشکردنی خەڵاتدا، کە ئەمەش دەبێتە مایەی دڵتەنگی و بێزاریی بەشداربووان ئەوەی دەبینین هونەرمەندانی کوردستانی رۆژهەڵات یان (ئێران) لەو ڤێستیڤاڵانە بەشی شێریان بەردەکەوێت. زۆربەی خەڵاتەکان ئەوان دەیبەن، لەڕاستیدا ئەوان لەسەر خانێکەوە هاتوون، خاوەنی درێژترین تەمەنی سینەمان بەبەراورد لەگەڵ ئێمە، بەڵام ئێمە لەکوردستان خاوەنی هیچ بنەماو مێژوویەکی سینەمانین، خاوەنی ژێرخانێکی هونەری سینەمانین، بەڵکو تازە دەستمان داوەتە کاری فیلمسازی، بۆیە ناکرێت توانای خۆمان بەتوانای ئەوان لەکاری سینەما بەراوردبکەین، بەلای منیشەوە ئاساییە گەر ئەوان خەڵاتەکان بەرن، سەیرکە (جەعفەر پەناهی) هەیە (مەجید مەجیدی) هەیە، (کیا رۆستەمی) (بەهمەنی قوبادی) زۆرن لەو دەرهێنەرو ناودارانە، بەدەر لەسیستمی سیاسی مێژووی سینەمای (ئێران) دەوڵەمەندە.

***کاتێک هەوڵی دروستکردنی فیلم دەدەیت؟ گرێچنی سیناریۆکە بەلای تۆوە چییە؟ کە چیرۆکێک دەکەیت بەفیلم ئیشکالییەتەکە لەچیدا دەبینیتەوە؟**

–بەر لەوەی بچم بۆ کۆلێژی سینەما، شتێکم سەبارەت بەسیناریۆو فیلمسازی دەزانی، بەڵام کاتێك چووم بۆ ئەو کۆلێژە، تووشی شۆك بووم! هەستمکرد گەورەترین گرفتی ئێمە نەزانینی سیناریۆ نووسینە، سیناریۆ وەك ئەدەب نییە، شاعیرێك بۆی هەیە شیعر بنوسێت گەر زانیاری وردیشی سەبارەت بەڕێبازەکانی ئەدەبی نەبێت، سینەما خۆی زانستە، بازرگانییە، پیسەشازییە، بەڵام ئێستا ناتوانم کامێرا بەئاسانی بەکاربهێنم، ئەگەر دنیایەك زانیاری و باگراوەندی لەپشتەوە نەبێت، ئێستا ناتوانم روناکی بەکاربهێنم کە پێشتر روناکی لەلام ئەهمیەتی کەمتر بوو، ئێستا ناتوانم ئیفێکتی دەنگی و مۆسیقاو دەنگ بەئاسانی بەکاربهێنم، ناتوانم گرنگی بەدیالۆگ لۆکەیشن نەدەم، کە ئەمانە هەموو رۆڵی گرنگیان لەسینەمادا هەیە. بەکورتی بەشی سینەما منی تووشی هەڵوێستەکرد لەئاست هەموو پێکهاتەکانی فیلم، کاتێك کە فیلمێك دروستدەکەم، دەبێت رەچاوی هەموو ئەم خاڵانە بکەم.

***تۆ کێشەکە لەوە دەبینیتەوە، کە وردبینی و زانیاریی دروست لەسەر سینەما، هۆکاری پێشنەکەوتنی سینەما بێت لای ئێمە، لە(ئێران)یش لەکوێ هەموو ئەم شتانە دەوڵەمەندن؟**

–بەڵێ .. لەهەموو ئەو شتانە ئەوان دەوڵەمەندن، لایەنێکی تر بیرمان نەچێت زمانی فارسی یان فارس لەڕووی مەعریفەو ژیارییەوە زۆر پێشکەوتوون، سینەماش لە(ئێران) قولاییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەیە و ناتوانێت خۆی لەرۆڵی سینەما بدزێتەوە، ساڵانە خەڵاتی سینەمایی گەورە بەدەست دێنن و سینەمایان سیمایەکی پەروەردەیی و بەمۆرکی تایبەتی دەناسرێتەوە.

***ئایا هونەری سیناریۆ بەلای تۆوە چیە؟ یان روونتر بڵێین چۆن بیرۆکەیەکی سادە بۆ سیناریۆ بگوازینەوە؟ چونکە زۆرجار لەبیرۆکەیەکی سادە و ساکار، سیناریۆی زۆر جوان و سەرکەوتوو دەخوڵقێت، کۆمەڵگەی کوردی پڕە لەم بابەتانە..!! بەڵام زۆرجار ئێوەش باس لەنەبوونی سیناریۆی سەرکەوتوو دەکەن؟**

–لە کوردستان کێشەی بابەتمان نیە، وڵاتەکەمان هەر هەمووی بابەتە بۆ سیناریی فیلم، هەموو ژیانمان بابەتە؟ ئێمە کێشەمان لەوەدانیە، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە چۆن ئەو بابەتە گرنگانە بگوازینەوە بۆ سیناریۆ! پیاسەیەك بکە بەناو گەڕەکی باداوە لەهەولێر، یان پیاسەیەك بکە بەناو گەڕەکی شارەوانی و قالاوە لە(سلێمانی) دەیان بابەتی جوانت

لەلا دروست دەبێت، بەڵام چۆن ئەو بیرۆکانە دەکرێنە سیناریۆو فیلم، ئێمە لەوەدا هەژار و کەم دەرامەتین!.

***رایەک هەیە، یان دەوترێ (کەریمۆک) لەکاری فیلمسازیدا وەک دەرهێنەر سەرکەوتوو نەبووە، تۆ دەڵێیت چی؟**

–من لەو چاوپێکەوتنەدا کەمێك رەشبینم، جارێ هەر شەرم دەکەم بەخۆم بڵێم هونەرمەند!! ئەگەرچی چەند ساڵێکە لەم بووارەدا سەرقاڵم، ئەزمونێکە مایەی قسە لەسەر کردن نیە، کە قسەش لەسینەما دەکەین، مەبەستم ئایندەی سینەمایە..!! نەك ئەزمونی خۆم لەم بوارەدا، من ئومێدم بەئاینده هەیە شتی جوان بکەین، وەك دەرهێنانی فیلم تەنها دوو کورتە فیلمم دروست کردووە، کە هەردووکیان وەك سەرەتایەك بوون، بەڵام ئومێد دەکەم لەداهاتوودا کاری جوان بکەم.

***واتا تۆ بڕوات بەوە هەیە لەئایندەدا کاری باش ئەنجام بدەیت؟**

–بەڵێ بەتەئکید بڕوام بەخۆم هەیە، کاری باش ئەنجام بدەم.

***کاریگەری فیلمی سەرکەوتوو خاوەن خەڵاتی گەورە تۆی هەژاندوە بۆ کاری فیلم؟ یان ئەو فیلمانە چ کاریگەرییەکی لەلا دروست کردویت؟**

–بمانەوێت و نەمانەوێت، ئێران کاریگەری زۆری لەلامان دروستکردووە، تەنانەت رەنگدانەوەی هونەرمەندانی کوردستانی ئێران بەسەر ئێمەشەوە هەیە، کەسانێکی وەك (ئەشکان ئەحمەدی) وەك (رەحیم زەبیحی) یان (هیوا ئەمین نەژاد) ئەوەی ئێمە لەوان جیادەکاتەوە، بەڕاستی ئەوان زۆر سەرمەستانە، عاشقانە بەدوای کارەکانی خۆیان دەکەون لەلای ئێمە کەمتر ئەو جیدییەتە هەیە، ئەوان تەنها بەبووارێکەوە سەرقاڵن، بەڵام ئێمە پەرت و بڵاوین. ئەگەر چی ماوەیەکە عیشقێکی گەورە بۆ دروستبوونی سینەمای کوردی هەیە، گەنجانێکی زۆر لەم بووارەدا سەرقاڵن، بەڵام سینەمای کوردی بەوە لەدایك نابێت، چەند فیلمێك هەبێت، منیش وەك گەنجێك هەر ئەوەندەم لەدەست دێت چەند فیلمێك دروست بکەم، ئەمەش چارەسەری کێشەی ئێمە ناکات.



***ئایا بەئایندەی سینەما لەکوردستان گەش بینی یان رەش بینیت؟**

–رەش بینم، بەوەی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتی کوردی پارەیەکی زۆر بۆ بوواری فیلم و سینەما تەرخان دەکات، بەڵام لەهونەری سینەما تێنەگەیشتووە، بڕۆ دیدارەکانی وەزیری رۆشنبیری بخوێنەرەوە، کە دەڵێت پشکی شێر بەسینەما دەبەخشین، پارەیەکی زۆر بەو بووارە دەدرێت، بەڵام بێ بنەما، بێ بەرنامە تەنها بەخشینی پارە بەدەرهێنەرە سینەماییەکان بنەما نیە بۆ دروستکردنی سینەما، سینەمای کوردی دەبێت لەئەکادیمیاو کۆلیژەکانی سینەماوە دەست پێبکات بوونی ئەم بەشەی ئێمە بنەمایەکی گرنگە بۆ ئایندەی سینەما لەکوردستان، لەئایندەدا دەردەکەوێت کە چەند گرنگە، بەڵام دەبوو چەندین کۆمپانیا و ئەکادیمیا و پەیمانگای تر لەکوردستان دامەزرابان، دەبوو ئەو پارانەی بۆ فیلمێك تەرخان دەکرێت، بەهەمان شێوە بۆ کادر و ئامێر و ئەکادیمیای سینەماش تەرخان کرابان.

***بە بوونی ئەو ژمارە کەمەی کۆلێژی سینەما لەهەولێر و تاکە مامۆستایەکی وەک (د. سەلمان) دەتوانن لەئایندەدا کاری باش بکەن؟**

-نەخێر، ئێمە خوێندكارێكین، هەركەسە و بەخەونی جیاجیاوە هاتووین، زانكۆ یان كۆلیژێك تۆ ناكات بەهونەرمەند و دەرهێنەر، بەڵام بنەمایەكی باشی دەبێت. بەڵام مەرجە دەسەڵات پشتیوانیمان بكات، رەوش و بارودۆخمان بۆ بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی كەرتی تایبەت دروست بێت، لەبیرت نەچێت گەنجێكی وەك (جەمیلی رۆستەمی) كە خەڵكی سنەیە و لێرە هەوڵدەدات گەر دەسەڵات هاوكاری نەكات، ناتوانێت بەردەوام بێت و فیلمێكی وەك (ژانی گەل) دروست بكات. بەڵام چۆن قەناعەت بەسەرمایەداری كورد دێنیت هاوكاریت بكات و فیلمەكە بفرۆشێتەوە و پارە پەیدا بكات.

***پەیوەندیت بەو ڤێستیڤاڵە سینەماییانەی كە لەدەرەوە دەكرێن چۆنە و تا چەند بەشداریت كردووە؟**

-ئەوانە زیاتر شتێكی ریكلامین، لەو ڤێستیڤاڵەی (لەندەن) بەكورتە فیلمێك بەشداریم كرد، بەڵام ئێمە قسە لەسەر دروستكردنی پێگە دەكەین، بەوە دروست نابێت.

***تۆ مەبەستت لەهەوڵی دەستەجەمعیە، هەوڵی تاكە كەس نییە؟**

-بەدڵنیاییەوە، هەوڵی تاكە كەس وەك مانگێك هەڵدێت و ئاوا دەبێت، سینەما قوڵترە، پەیوەندی بەدامەزراوەوە هەیە.

***لەو باوەڕەدایت، هەوڵێك هەموو هونەرمەندان كۆبكاتەوە و بەیەكەوە هەوڵی جیدی لەو بووارە بدەن؟**

-بەڵێ، حكومەت دەتوانێت ئەم كارە بكات، بۆ نمونە وەزارەتی ئەوقاف هەوڵێكی زۆر جوانی رەخساندوە بۆ دروستكردنی مزگەوت لەهەموو لادێكان و شارەكاندا وەكو ئەركێكی ئاینی خۆی، ماڤی خۆیەتی، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری نەیتوانیوە تاكە هۆڵێكی شانۆ یان سینەما دروست بكات، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر نەیتوانیوە ئامێرو تەكنیكی سینەمایی بێنێتە كوردستان، پێویستیمان بەو ئامێرانەو كادری پرۆڤیشناڵ هەیە. تا ئێستا گۆڤارێك، بڵاوكراوەیەك تایبەت بەسینەما نییە، ماوەیەك بەنیازبووم گۆڤارێكی تایبەت بەسینەما دەربكەم، بەڵام كەس هاوكاریی نەكردم و منیش نەمتوانی بەتەنیا بچمە ژێر ئەو ئەركە قورسە، بۆیە وازم لەو خەونە هێنا.. هەر بەو ئومێدەم لەئایندەدا گۆڤارێكی تایبەت بەسینەما هەبێت.

***بەڕێز (كەریمۆك) ئێمە هیچمان نەماوە ئەگەر تۆ شتێكت مابێت..**

-منیش زۆر سوپاستان دەكەم.. زۆر سوپاس بۆ ئەو دیدارەش.

# گەلەری ئارام

# تابلۆیەک بە فیگەری دەنگەکانی رووناکبیری

ئا: دالیا جەزا



کاتێك بەبەردەمیدا رەتدەبیت جگە لەتابلۆ نووسراوەکەی سەر دەرگاکەی هیچی دی بەڵگەی ئەوە نییە لەودیو ئەو دەرگا بچووکەوە هۆڵێك یان ڕاڕەوێك هەبێت کە مەڵبەندو شوێنی کۆبوونەوەی نوخبە خەڵکێك بێت، لەبەرئەوەی ئەو دەرگایە بەدیواری حەوشەی ماڵێکەوەیە لەگەڕەکی شۆڕشی شاری سلێمانی، ئەگەر رەنگ جیاوازیش لەدەرگای گەراجی ماڵەکە نەبێت پێتوایە دەرگای دووەمی ئەو ماڵەیە کەکاك ئارام عەلی شێوەکارو خاوەنی گەلەرییەکەی تێدا دەژی، ئەو گەلەرییەی ساڵی ٢٠٠٤ کرایەوە، لەو ساڵەدا لەمیانی ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێك سەبارەت بەگەلەرییە شێوەکارییەکانی شاری سلێمانی، چوومە سەردانی گەلەرییە نوێیەکەش، ئەوکاتە کاك ئارامی خاوەنی پێی ڕاگەیاندم کە

بەهاوكاریی وەزارەتی رۆشنبیری و وەزیری ئەوسا كاك فەتاح زاخۆیی، ژێرزەمینی ماڵەكەی خۆی كردووەتە گەلەرییەك و سێ بەشی ئەركی نوێكردنەوەو ئامادەكردنی بیناكە بۆ گەلەری، لەئەستۆی وەزارەت بووەو ئەوی تریش كەوتووەتە ئەستۆی ئارام خۆی.

لەبەراییدا ژێر زەمینەكە تەنیا وەك هۆڵی گەلەرییەكی هونەری شێوەكاری ئامادەكرابوو، نەدەزانرا داخۆ ئەو رووبەرە بچووكە (١٢×١٠م٢) شوێنی چالاكی تری تێدا دەبێتەوە، كەچی ئەمڕۆ ئارام جگە لەئەركی یەكەمی بۆ خزمەتی هونەری شێوەكاری، ناوەندێكیشە بۆ كۆكردنەوەی رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و رووناكبیران لەمیانی سازدانی كۆڕە فیكری و ئەدەبییەكان تێیدا، ئەوانە جگە لەدانیشتن و كۆبوونەوەكانی تری شێوەكاران و قسەكردن و لێدوانەكانیان سەبارەت بەلایەنە هونەرییەكانی رۆژ.

بەرفراوانبوونی مەبەستەكانی بەگەڕخستنی گەلەری ئارام، كێشیكردین بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە بزانین دوای دوو ساڵ و نیو لەدامەزراندنی، چی وایكرد لەشاری سلێمانیدا ئارام تەنیا گەلەری بێت بەو ئەندازە زۆرە كۆڕو كۆبوونەوەو چالاكی تێدا ئەنجامبدرێت؟

لەدەرگای دەرەوە چووینە ژوورەوە، بەڕاڕەوێكی سێ مەتریدا بەرەو ئەو پلیكانانەی بۆچوونە خوارەوەت دەبات رۆیشتین، لەهەردوو دیواری ئەم سەرو ئەوسەری راڕەوەكەدا زیاتر لەشەست وێنەی فۆتۆگرافی لەچوارچێوە گیراو هەڵواسرابوون گوزارشتییان لەبەشێكی زۆر لەو كۆڕو كۆبوونەوانەدا دەكرد كە لەگەلەرییەكەدا سازكرابوون، هەندێكیشیان وێنەی ساتەكانی كاركردنی چەند هونەرمەندێك لەوانە بوو كە كارەكانیان لەم گەلەرییەدا نمایشكردووە.

دوای نیوسەعات لەسەردانی ئێمە بۆ گەلەری ئارام كاتی نمایشكردنی فیلمی (هیوا) بوو، كە لەسەر ئەركی وەزارەتی وەرزش و لاوان بەرهەمهێنراوە، پێش نمایشی فیلمەكە كاك ئارام بەدەم وەڵامەكانی ئێمەوە یەك بەیەك بەخێرهاتنی ئەو میوانانەی دەكرد كە لەپلیكانەكانەوە بۆ نێو گەلەرییەكە دەهاتنە خوارەوەو لەچین و توێژو تەمەنی جیاوازبوون، لەو میانەدا سەبارەت بەو چالاكییانەی تائێستا لەئارام ئەنجامدراون بۆمان

دواو وتی: یەکەم چالاکی نێو گەلەرییەکە خولی (سەروەت سەوز) بوو، ئەو ناوەمان لەخولەکە نا، لەبەرئەوەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو خۆی رانەگەیشت ئەو خولە بەدیبکات، دوای ئەوە پێشانگا شێوەکاری و فۆتۆگرافییە تایبەتەکانی کرانەوە تا ئەمڕۆ ژمارەیان گەیشتووەتە (١٠) پێشانگا، دواتر بیرمان لەوە کردەوە کە دەکرێت ئەم جێگایە بۆ لایەنە رووناکبیرییەکانی تریش بەکاربێت، بۆیە کۆڕەفکری و رۆشنبیرییەکانیش لەلامان دەستپێکردو تائێستا زیاتر لەهەشتاو پێنج کۆڕی فکری و ئەدەبی تێدا گێراوە، جگە لەسازدانی سێ کۆڕی شیعری بۆ شاعیران (شێرکۆ بێکەس، مەریوان وریا قانیع، هیوا قادر). زیاتر لە (٣٠) فیلمی جیاواز لەئارام نمایشکراوە، فیلمەکانیش سەبارەت بەژیانی هونەرمەندە شێوەکارەکان و فیلمی دیکۆمێنتی و چەند فیلمێك بوون لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لەڕۆژانی ١٨/٣–١٥/٤/٢٠٠٥ بەهەوڵی هونەرمەندان (کامەران شەوقی و هۆرێن غەریب) وەرزێکی تایبەت بۆ نیشاندانی فیلمەکانی دەرهێنەری جیهانی کۆچکردوو تارکۆفیسکی رێکخرا.

دوایین پرۆژەی گەلەرییەکەش پرۆژەی سینەمایی شەوە کە دیسان لەلایەن (هۆرێن غەریب و کامەران شەوقی) بەڕێوەدەبرێن و وابڕیارە مانگانە لەسەعات هەشتی شەودا بەئامێری سینەماڤیژن فیلمێکی جیهانی لەهۆڵی گەلەری نمایشبکرێت، تائێستاش دووان لەو فیلمانە نیشاندراون.

*بیرۆکەی سازدانی ئەم کۆڕو سیمینارانە بۆ کام ئامانج بوو؟

–تەنیا بەمەبەستی برەودان بەبوارە روناکبیرییەکان پێمباشبوو لەم گەلەرییەدا ئەو چالاکییانە هەبێت، ئەنجامیش لەنێوەندی هونەری و روناکبیریدا پێشوازییەکی زۆر لەبیرۆکەکە کرا، سازدانی چالاکییەکانیش شاهێدی ئەوە دەدەن.

*داوای سازدانی کۆڕ یان پرۆژەیەك لەئێوەوەیە یان خاوەن پرۆژە ئەو داوایە ئاراستەی گەلەری ئارام دەکات؟

–هەندێکجار ئەو داوایە لەمنەوەیە، هەندێکجاریش خاوەن پرۆژەکان دێن و داوادەکەن چالاکییەك لەنێو گەلەلاییەکەدا ئەنجامبدەن.

*بۆ لەئامێزگرتنی هەر چالاکییەك هیچ مەرجێك هەیە؟

-لەهەرکام لەبوارە هونەری و رووناکبیرییەکاندا بێت، تەنیا مەرجمان ئەوەیە کارەکەی ئاستێکی بەرزی هەبێت و لەگەڵ ئاستی ئەمڕۆی ژیانی کۆمەڵ و ناوچەکەماندا گونجاو بێت و لەپرەنسیپە مەدەنییەکانی دیالۆگ و گفتوگۆو نمایش دەرنەچووبێت.

دوای تەواوبوونی قسەکانمان لەگەڵ ئارام نمایشی فیلمی هیوا دەستیپێکردو زیاتر لەچل کەس ئامادەی بینینی بوون، دوای تەواوبوونی ئەو نمایشەش، سەبارەت بەهۆکاری بەرفراوانبوونی چالاکییەکانی ئارام، پرسیارمان ئاراستەی چەند میوانێکی بەردەوامی گەلەرییەکە کرد، لەوانەش خاتوونێك کەپێیباشبوو ناوی خۆی نەڵێت، بەڵام ئاماژە بەوە بدات کە بوونی هەر ناوەندێکی لەم جۆرەو کۆبوونەوەی رۆشنبیران تێیدا خاڵە ئیجابییەکانی زۆرتر دەبێت، لەبەرئەوەش کە گەلەری ئارام شوێنێکی بیلایەنەو وخۆی بەئایدیایەکی دیاریکراوەوە گرێنەداوە، بۆیە پێیوابوو سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لەو چالاکییانەی تێیدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها کاری نمایشی فیلمی بەکارێکی باش دایە قەڵەم و دەیوت: (لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سینەما لەوڵاتی ئێمەدا نییە، زۆر جوانە ئەگەر جێگایەکی وەك ئەم گەلەرییە هەنگاوی ئەوەی هەبێت فیلمی گونجاو نیشانی خەڵکانی رۆشنبیرو ئارەزوومەندی سینەما بدات).

عەبدوڵڵا ئەحمەدی رووناکبیریش وتی: (بوونی جموجۆڵی رووناکبیری و هونەری لەنێو گەلەرییەکی شێوەکاریدا کارێکی ئیجابییە، بەڵام سازدانی کۆڕی شیعری تێیدا پێویست نییە لەبەرئەوەی بۆ شیعر خوێندنەوە هۆڵی تایبەت هەیەو باشتروایە ئارام زیاتر تایبەتمەندی هونەری شێوەکاری بپارێزێت).

هەروەها وتی: (لەهەموو بارێکدا گەلەری ئارام شوێنی کۆبوونەوەی نوخبەیەو توانیویەتی کوالێتی خۆی بپارێزێت و پێگەیەکی دیار بۆخی دیاری بکات).

شێوەکارێك کە دیسان پێی باشبوو ناوی نەبرێت، هۆکاری زیادبوونی چالاکییەکانی گەلەری ئارامی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە کاك ئارام خۆی چالاکەو حەز بەچالاکی دەکات، هەروەها دەیوت (باشتروایە پرۆژەکانی بەرنامە بۆ دارێژراو بێت و لەسەر دەرگاکەی کاتەکانی کراوەیی گەلەرییەکە دیاریکراو بێت، باشتریش وایە تێیدا دوو ئیش لەیەك کاتدا نمایش نەکرێت وەك بوونی پێشانگای شێوەکاری و نمایشی فیلم بەیەکەوە، دەشێت ماوەی پێشانگاکان زۆر درێژە نەکێشن.

# ئەرسەلان دەروێش،
# ئەم تەجروبەیە قەرزاری شانۆی کوردییە

دیداری: ڕێبواری ئازادی



هونەرمەندی بەتواناو لێهاتوو (ئەرسەلان دەروێش) ناوێکی دیاری هونەری نواندن و دەرهێنەرێکی زۆر باشی شانۆییەو خاوەن بەرهەمێکی زۆرە کە وەك دەرهێنەرو ئەکتەر بەشداری تێیاندا کردووەو هەمیشە لەگەڵ تیپی شانۆی سالاریشدا بەخششی هونەری بووە، ئێستا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شانۆیە لەهەولێر، سەبارەت بەچەند پرسێکی شانۆیی لەشاری هەولێر چاومان پێی کەوت و ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازکرد.

***مەرجەکانی سەرکەوتنی فیستیڤاڵی شانۆی سالار چی بوون و تا چ ئاستێک ئەو فیستیڤاڵە بەسەرکەوتوو لەقەڵەمدرا؟**

-پێموایە ئەمە جاری یەکەمە کە بەو شێوە پڕ بایەخە ڕێز لەشانۆکارێکی کورد دەگیرێ کە خۆی لەخۆیدا ڕێزگرتن لەشانۆکارانی کوردو ناوەندە شانۆییەکەمان و مێژووی شانۆی کوردی مامۆستا سالار بۆخۆی رابەرێکی دیاری شانۆی کوردییەو کەسێکی بەخشندراوو خۆشەویستە لەلایەن جەماوەرەوە پێش دەسەڵاتی کوردو کەسێکیشە توانیوویەتی کە ساڵانی تەمەنی لەخزمەت پرسی نەتەوەکەی لەخزمەتی رۆشنبیری کوردیدا هونەری کوریدا بتوێنێتەوە ئەڵبەتە تەمەن درێژی بۆ مامۆستا سالار ئەخوازین

بۆیـە لەدەسـت پێـشخەرییەکی لـەم شـێوەیەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران و شەخـسیی سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و بـەپیرەوەهاتنی ناوەنـدی شـانۆی کوردستان لەهەموو شارو دەڤەرەکانی کوردستاندا دەبوو ئەو مەرجانـە بەڕاسـتی بێتـەدی کە ئـەو فیـستیڤاڵەی سەرخـست، خۆشبـەختانە کردیـە پێگەیـەك و سـەرەتایەك بـۆ کـاری جـددی لەشـانۆی کوردیـداو واشـیکرد، پێموایـە بۆیەکـەمجار شـانۆکاران لەشـارەکانی کوردسـتان لـەدوای راپـەڕین بـەئامێزی پـڕ لەخۆشـی باوەشـیان کـرد بەیەکـدا سـەبارەت بەتەنگ و چەڵمەکانی شانۆی کوردی دوو سـیمیناری رێکوپێـك سـەبارەت بەدامەزرانـدنی مەڵبەندی شانۆی کوردی و دامەزراندنی تیپی شانۆی نەتەوەیی کورد قـسەو باسـی لێکـرا. بێگومـان ئامـادەبوونی جـەماوەرێکی زۆر لـەرۆژانی فیـستیڤاڵ لەهـەموو نمایـشەکانی شـارەکانی تـر میـوان لەشـاری سـلێمانی مایـەی خۆشـحاڵیی ئامـادەبووان و مایـەی سەرخـستنی فیـستیڤاڵەکە بـوو ئەڵبەتـە مـن بەدەرفەتیـشی دەزانم لـەوەڵامی پرسـیاری جەنابتا سوپاسێکی گەرمی راگەیاندن و میدای کوردی بکەم کە بەپـەرۆش و بەبایـەخێکی زۆرەوە هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو فیستیڤاڵەیان رۆشنایی خستەسەر، دواتریش ئـەڵێم کـە خودی نمایشەکان بۆ خۆیان گوزارشت بوون لەو وەزعە شانۆییەی کە لەکوردستان هەیـە و قسەو باسی ئەوتۆی لەسەرکرا کـە دووبـارە گفتوگـۆو ئاخـاوتنی لـە سـەر رەوتـی شـانۆی کوردی بزواندەوە.

***زۆر کـات دەوترێـت شـانۆ لەقەیراندایـە لەگرفتایـە بـۆ شـانۆ لەقەیراندایە کە ئەو هەموو شانۆکارە زۆرەو باشەشمان هەیە؟**

—لەڕاسـتیدا ئـەو واژەیـە قـەیران تەمـەخوزی لەسـەرە مـن بۆخـۆم ئەیخەمـە نـاو دوو کەوانە، بەڵام رەوتی شانۆی کوری لەدوای راپەڕین بەڕاستی بەبارێکی یان بـەئاقارێکی پـڕ لەکۆسـت و تەگـەرەدا تێپـەڕیووە بۆیـە ئـەتوانم بڵـێم ئاسـتی داهێنـان لەشـانۆی کـوردی پاشەکشێی کردووەو بەبەراوردکردن لەگەڵ شـانۆ لـەپێش راپـەڕین ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵێك هۆکار هۆکارەکان بەڕەئی من لەم خاڵانەیە ئەتوانم کورتی بکەمـەوە ئەگـەر ئێمـە دیقەت بدەین ئەبینین کە بەدەیان پرۆژەی گرنگ و گـەورە لـەبوارە جیاجیاکـانی رۆژانـەی ژیانی خەڵك و لەبوژانەوەی ژێرخـانی ئـابووریی کوردسـتان و لەبووژانـەوەی بەگەڕخـستنی کـەرتی بازرگـانیی لەکوردسـتان ئاوەدانکردنـەوە لـەزۆر لایـەنی تـر ئـەبینین چـالاکی و برەوێکـی تـەواو هەیـە بۆئـەو بوارانـە، بـەڵام شـانۆی کـوردی لـەماوەی پـانزە سـاڵی دامەزراندنی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان و تائـەمڕۆ یـەك هـۆڵی شـانۆیی لەکوردسـتاندا

دروست نەکردووە واتا ئەمە بۆخۆی پێوانەیەکە کەتۆ بزانی ئایا بەکردەوە چەند نەخشەو پلان هەیە بۆ بووژانەوەو پێشخستنی شانۆی کوردی لەکۆمەڵگای کوردیدا کە هەموولایەك دەزانن پێش خەڵك دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری و ناوەندەکە خۆی دەزانن کە شانۆ سیمایەکی شارستانییەو بۆخی پێوانەیەکی مەدەنییە لەهەر کۆمەڵگایەك بێ نەخشەیی و بێپلانی هەروەها رۆتین، رۆتینێکی یەکجار سەخت هەیە لەبەڕێوەبەردنی کاری شانۆیی، بۆیە لێرەوە بەڕاستی حەزدەکەم دەستخۆشیو سوپاسی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بکەم وەزیری رۆشنبیری کوردستان کە لەماوەی دەستبەکاربوونیدا لەساڵی نوێشدا بەتایبەتی لە ٢٠٠٧دا بەڕاستی بەو بایەخدانو تێگەیشتنەی خۆی لەوەزعی شانۆی کوردی زۆر لەداواکارییەکانمان پشتیوانی لێدەکات و ئەو رۆتینە دەشکێنێت لامەرکەزێتییەکی تەواوی داوە بەبواری شانۆ، خۆی دەزانێت بوارێکی داهێنانەیەو پێویستی بەبارودۆخێك و پشتیوانیی تایبەتی هەیە واتا تۆ کاتێك لەحاڵی خۆتدا منداڵت هەیە کە ئەبینی یەکێکیان ناساغە، نەخۆشە باری تەواو نییە ریعایەتێکی تایبەتی ئەکەیت وەکو منداڵەکانی ترت تەماشای ناکەی، حاڵی ئێستای شانۆ دەتوانم بەوە بشوبهێنم، شانۆ لەپاشەکشەیەکی رۆژ لەدوای رۆژدایە بەهۆی ئەوەی کە ژێرخانی شانۆ هیچی بۆ نەکراوە، ئەتوانم بڵێم پشتیوانیی تەواو لەتیپە شانۆییەکان ناکرێت هیچ تیپێکی شانۆیی نییە لەکوردستان بتوانێت نموونە لەساڵێکا دوو یان سێ نمایشی شانۆیی بکات، ئەی باشە ئەمانە تیپی مۆڵەت پێدراویشن، باسی فیستیڤاڵمان کرد لەماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵیش دەبێ فیستیڤاڵێکی سەرتاسەری بۆ شانۆکارانی کوردستان یان تیپە شانۆییەکان لەهەرێمی کوردستان ساز نەدراوە شانۆکاری کورد بێبەشە بەختی ئەوەی هەبێت نمایشەکانی یان کارەکانی ببرێتە دەرەوەی وڵات شانۆکاری کورد بێ بەشە لەوەی کەزەمالاتی خوێندی بۆ بگەڕێتەوە شانۆکاری کورد بێ بەشە لەوەی کە دەرماڵەیەکی تایبەتی پێ بدرێت بەتایبەتی ئەوانەی کە فەرمانبەرن ئەو دەرماڵەیە کە ئەدرێت بەهەر فەرمانبەرێکی تر لەناو حکومەتی کوردستاندا شانۆکاری گەنجی وەکو ئێستا یانەیەکی شانۆیی نییە دەزگایەکی تایبەتی نییە کە پشتوانیی لەبەرهەمەکانی بکات لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ هەوڵمداوە پشتیوانی زۆربەی شانۆکارانی کوردستان بکەین ئەوانەی کە (بەرهەمەکانیان ئاراستەی ئێمە دەکەن)و لەساڵی ٢٠٠٦دا لەکۆتاییدا ١٤ بەرهەمی رەزامەندی لەسەردراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ١٠ بەرهەمی هی گەنجانە واتە ئێمە دەتوانین ناوەکانیان بێنین، بەرهەمەکانیان

دیاری بکەین ١٠ بەرهەم هی گەنجانە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و شوێنی تـر تەنانەت ئەو وۆرك شۆپانەی کە کراوەتەوە لەلایەن د.فازل جاف و هونەرمەند دانا رەئـوف لەشاری رانیە و هەولێرو هەر شوێنێکی تر بۆ گەنجان بووە، ئێمە کاتێك کـە ئەمانـەوێ بـۆ نموونە ئێستا لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ ژمارەیـەك لەشـانۆ گەرەنـدەکان هـەر نـەبێ بەگرێبەست دابمەزرێنین، هەست دەکـەین گرێبەسـت کۆسـپ هەیـە لـەرێگامان رەزامەنـدی نادرێ لەسـەر دامەزرانـدنی لەکاتێکدا کـە ئەوانـە خـوێنی گـەرم و قابیلیـاتی زۆر باشـن و ئاسۆی ئایندەی شانۆی کوردین هەروەها ئێمە هەوڵمانداوە ئێستا پردێك دروسـت بکـەین لەنێوان شـانۆی کـوردی و شـانۆکارانی کـورد لـەدەرەوەی وڵات خۆشـبەختین بـەوەی کـە ئێستا لەئـەوروپا گروپـی شـانۆیی کـوردی هەیـە کـە مۆڵـەت پێـدراوە لەلایـەن بـۆ نموونـە حکومـەتێکی وەکـو هۆڵەنـداوە کـار ئـەکات بـەناوی وەزارەتـی رۆشـنبیریی کوردسـتان بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بۆ نموونە ئەوە نمایشی دەرگـا لەشـاری بـەرلین لـە ٢-٣ی شوبات پێشکەش دەکرێ و لەهانۆڤەر لە ١٠-١١ و لەوڵاتەکانی سویدو بـەریتانیاش بڕیـارە نمایش بکرێت ئەم نمایشە کە کۆمەڵێك شانۆکاری گەورەی کورد تێیایدا بەشـداری دەکـات کامـەران رەووف، شـەماڵ عبـەڕەش، شـادان فـواد، سـیروان جـەمال، سـۆران ئیـسماعیل، شـایی شـەماڵ، کۆمـەڵێ شـانۆکاری بیـانیش بەشـدارە لەگەڵیانـدا ئـەم نمایـشە بـەناوی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانەوەیە ئێـستا ئـیتر ئـەوە وایـە کـە نمایشێکی خـاتوو میـدیا رەئوف وەك نۆبەرەی ئـەو تیپـەی کـە دایمەزرانـدوە لـەدانیمارك بـەناوی (ئەنـەنا) و تیپـی شانۆی ئەنەنا دوای ئەوەی کە بەسەرکەوتوویی لـەو وڵاتـە پێـشکەشی کـردو ئێـستا ئـەوە لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری داوامانکردووە کە بگەڕێتەوە ئەم نمایشە لەکوردسـتان بکات وەکو باسمکرد لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ هونەرمەند دانا رەئـوف لەسـویدەوە گەڕایـەوە وۆرك شـۆپێکی بـۆ کردینـەوە پەیوەندییـەکی زۆر بـاش هەیـەو داوادەکـەین ئـەم دیـدارەو شانۆکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات رووبکەنە وەزارەتی رۆشـنبیری و داواکارییـەکانیان بـۆ بەرهەمی هاوبەش پێشکەش بکەن.

***باسی دەرەوەتان کرد شانۆکارانی کوردستان یان بەڕێوەبەرێتییەکانی شانۆ پەیوەندییـەکانیان لـەچ ئاستێکدایە لەگـەڵ شانۆکارانی دەرەوە تا چەند بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوردستان ئاگاداریی کارو چالاکی ئەوانن؟**

-سەبارەت بەبەڕێوەبەرایەتی شانۆ لەوەزارەتی رۆشـنبیری کـەمن کـاری تێـدا دەکـەم وەکـو باسـم کـرد، ئێمـە پەیوەنـدیمان توندوتۆڵـە لەگـەڵ بەشـێکی زۆر لـەو شـانۆکارانە

پەیوەندیش بۆخۆی لەمیانی پرۆژەو کاری شانۆی توندوتۆڵتر دەبێت واتا من داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەوەزارەتی دارایی کە ئەوانیش پشتیوانیمان بکەن بۆ ئەم لایەنە واتا کاتێ کە ئەمانەوێت هاوسەنگییەك هەبێ لەنێوان ئەو گروپ و لایەنە هونەریانەی کە هەیە لەکوردستان بۆ نموونە لەواری مۆسیقاو گۆرانی کوردی سالانە ئەبینین کە بەدەیان هونەرمەندی بەتوانای کورد کە ئەگەڕێنەوە بۆ ولاتی خۆیان خەرجییەکی باشیان بۆ ئەکرێ، میواندارییەکی باشیان بۆ ئەکرێ کە هەقی خۆیانە ئێمە پێمانخۆشە، بەلام لەبەرامبەردا هەق وایە ئەو شانۆکارانەش کە شانۆکاری ناسراوی دیاری کوردن و بەرهەمیان هەیە بەرهەمەکانی ئەوانیش بەو شێوەیە میوانداری بکرێت هەروەکو چۆن شانۆکارەکانی دەرەوەو کوردستان پێشانگەی خۆیان پێشکەش بەکەن تەنها بۆ لایەنێت یادوو لایەن نەبێت.

لەبەرچاوی هەموو لایەك گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەشی شێری وەرگرتووەو نەك هەر بەشی شێری وەرگرتووە بەشەکانی ئێمەیشی وەرگرتووە دەتوانین بلێین لەمیوانداری و لە مەسرەفی باش کە دەکرێت بۆ برەودان بەهونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی، بەلام من ئەوەندە دەلێم بەو لایەنانەی کە پشتیوانی ئەکەن لەم لایەنە گرنگە لەهونەری کوردیدا هونەری کوردی بەتەنیا گۆرانی و مۆسیقا نییە، بەڵکو هونەری شانۆ هونەرێکی گرنگە ئەم تەجروبەیە قەرزاری شانۆی کوردیە هەموومان ئەزانین شانۆی کوردی ئەو لایەنە گرنگە بوو کە سەنگەری داکۆکیکردنی لەناسنامەی میللەتی ئێمە لەپرسی نەتەوەمان پێکهێنا لەرۆژانی شوم و تاریکی ژێردەسەلاتی حکومەتی لەناوچووی سەدام حسێن-دا بۆیە ئەبێت ئەمرۆ ئاوڕدانەوەیەکی بەوەفاو پڕمیهر هەبێ سەبارەت بەشانۆی کوردی و شانۆکارانی کوردو ئەو گەنجانەش ئەمرۆ لەبواری شانۆ ئیش دەکەن دەبێت ئەوەندە رێز لەتواناکانیان بگیرێ کە بتوانن نەوەیەکی پالپشت و بەردەوام کار بۆ رەوتی شانۆی کوردی پێکبهێنن.

***باسی ئەو پەیوەندیانەتان کرد ئێوە تا چەند لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری قسەتان کردووە سەبارەت بەوەی چۆن گۆرانیبێژو تیپی مۆسیقا بانگهێشت دەکرێ بۆ کوردستان بۆ سازدانی کۆنسێرت بانگهێشتی تیپە شانۆییەکانی دەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی بێن بەرهەمی جوان پێشکەش بکەن و شانۆ ببووژێننەوەو شانۆ بەجەماوەر ئاشنا بکەنەوە ؟**

—بەڵێ وەزیری ڕۆشنبیری پشتیوانییەکی تەواو ئەکات لەمیوانداریی شانۆکارانی کوردو شانۆی کوردی بۆ کوردستان. لەڕاستیدا ئەو گروپانە و هونەرمەندانەش کە دێنەوە بۆ کوردستان هونەرمەندە مۆسیقاکارو گروپە مۆسیقی گۆرانبێژەکان دەڵێم هەموویان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە میوانداریی ناکرێن هەرچەندە زۆربەیان وەزارەتی ڕۆشنبیری بانگیان دەکات، بەڵام لەڕاستیدا هەروەکو وەزیری ڕۆشنبیری وتی زۆرجار لایەنی تریش هەیە کە ئەو بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری ناوی هێناوە لایەنی تریش هەیە کە ئەو هونەرمەندانە ئەو گروپانە بانگهێشت ئەکات بۆ کوردستان لەبوجەدەی خۆیان پارەیان بۆ سەرفدەکەن پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکەن لێپرسراوێتی وەزارەتی ڕۆشنبیری نییە بەتەنیا بەئاگاداری من، من تائێستا لەڕێگای منەوە سێ داواکاری کراوە هەرسێکی ڕەزامەندبووە، وەزیری ڕۆشنبیری ووَرك شۆپەکە کاك دانا ڕەئوف، نمایشەکەی دەرگا، ئیتر ئەوە وایە هی خاتوو میدیا ڕەئوف بێگەرد بۆ یە من لەمیانەی ئەم دیدارەوە داوام کرد لەشانۆکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات ئەم هەلە بقۆزنەوە کە ئەم هەلە لەئارادایە ئەم تێگەیشتنە سوودی لێ وەربگرن کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە بۆ بایەخی ئەم ئاڵوگۆڕە هونەرییە بەتایبەتی لەگەڵ دەستبەکاربوونی جەنابی فەلەکەدین—دا بۆئەوەی کە سوودێکی باش وەربگرین و بتوانین ئەو پردە دروست بکەین یا ئەو چالاکیانە بێنینەوە ناو کوردستان دواتر جەماوەری کوردستان دیدەگەش کەین بەبینین ئەو نمایشی و چالاکییانەی کە شانۆکارانی لەدەرەوەی وڵات ئامادەیان کردووە و پێشکەشی ئەکەن.

***لەماوەی ڕابردوودا چەند فیستیڤاڵێک کرا ئەو فیستیڤاڵانە لەڕووی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانەوە لەچ ئاستێکدا بوون بەبڕوای تۆ؟**

—لەڕاستیدا چەند فیستیڤاڵێك نییە دوو فیستیڤاڵ کراوە، فیستیڤاڵی شانۆی سالارو فیستیڤاڵی شانۆی سلێمانی بابڵێین کە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەشاری سلێمانی پێی هەڵسابوو وەزارەتی ڕۆشنبیری بێگومان سەرپەرشتی دەکرد فیستیڤاڵی یەکەم فیستیڤاڵێکی ڕێز لێگرتن بوو فیستیڤاڵێکی تایبەت بوو، نمایشەکان تێیدا بەشێوەیەکی جوان پێشکەشکران کە گوزارشت بوون لەشانۆی شارەکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی لەو تیپانەی کە بەشدارییان کرد لەئاستی ئەو تیپانە، فیستیڤاڵی دووەم کە فیستیڤاڵی شانۆی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانی بوو فیستیڤاڵێك بوو زیاتر گەنجەکان بەشدارییان تێداکردبوو و گوزارشت بوو لەئاست و تواناو داهێنانی ئەو شانۆکارە گەنجانە بەڵام

هەندێك شانۆكارانی بەتوانای شاری سلێمانی بەشداریی تێداکردبوو لەڕووی ڕێكخستنەوە لەڕووی زەمینە خۆشکردنەوە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەسلێمانی هەوڵی دابوو کە ئەو زەمینەیە لەبارو سەرکەوتوو بکات هەرواش بوو دواتر ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە ڕێگە خۆشکەرن بۆئەوەی فیستیڤاڵی گەورەتر بێتە ئاراوە بۆئەوەی کەجموجۆڵی شانۆیی زیاتر پەرەی پێبدرێت و برەوی پێبدێت ئەگەر لەهەر شارێکی کوردستان فیستیڤاڵێکی ساڵانە هەبێی بێگومان وەزعی شانۆی کوردی لەئاستێکی تر دەبێت لەپارساڵەوە ڕەزامەندی فیستیڤاڵێکمان وەرگرت لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لەوەزارەتی داراییش، بەلاّم لەئەنجومەنی وەزیران مایەوە بەڕاستی کە فیستیڤاڵێك بوو لەشاری هەولێر سازی بکەین بۆ تیپە شانۆییەکانی کوردستان لێرەوە داوا دەکەم ساڵانە فیستیڤاڵێك لەشاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی سازبدرێ.

***تیپی شانۆی سالار لەماوەی ساڵێکدا چەندین چالاکی جۆراوجۆری پێشکەش بەبزافی شانۆی کوردی و مێژووی شانۆ لەکوردستاندا کرد مایەی بایەخی هەموو لایەک بوو. دەکرێت بەڕێزتان چەند پەیڤێک لەسەر کارو چالاکییەکانتان پێشکەش بکەن؟**

—سەرەتا پشتیوانی یەکەممان بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکیانەی بەڕێزتان لێوەی دوان دەگەڕێتە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە بەبایەخێکی زۆرەوە پرۆژەکانی تیپەکەمانی هەڵسەنگاندووە هەر لەسازدانی یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سالار تاکو تەرخانکردنی بودجەی گۆڤاری شانۆ کە تەنها گۆڤکارێکی پسپۆڕی ئەم بوارەیە لەکوردستان هەروەها لەتەرخانکردنی بودجەی تیپی شانۆی سالار لەلایەن وەزارەتی دارایی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دارایی بەسوپاسەوە پێمان بەخشراوە ئەڵبەتە بەپیرەوەهاتن و هاوکاری ناوەندە شانۆکاری کوردستان نووسەران و شانۆکارانی کورد لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان و ئامێزی گەرمی جەماوەری شانۆ دۆست و هەموو خەمخۆرانی شانۆکەمان وزەی راستەقینەی پشتی ئەم بەخششانەیە لەڕاستیدا ئاسان نییە تیپێکی شانۆیی بتوانێ فیستیڤاڵێی گەورە سازبات و گۆڤارێکی شانۆیی بەزمانی کورد و عەرەبی دەربکات، زنجیرە کتێبی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربکات هەروەها پرۆژەیەکی تایبەتی سەبارەت بەپشتیوانیکردنی لەدەقی شانۆیی بەڕێوە ببات کە تائێستا دوو بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە سەرەڕای ئامادەبوونی نمایشەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام و ئەوتۆ لەڕەوتی شانۆی کوردیدا لەم دەرفەتەیشدا ئەو مژدەیەش بەناوەندە شانۆییەکەمان

دەدەین کە لەسەرداوای ئەوان و گرنگی سازدانی دیدارێکی شانۆیی کوردی سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان رەزامەند بوو بەسازدانی ئەو دیدارە کە ئێستاش ئامادەکاری بۆ دەکەین بەسەرپەرشتی تیپی شانۆی سالار کە ئەمە خۆی لەخۆیدا متمانەو بەهایەکی مەعنەویی گەورەیە بۆ ئێمە دیارە ئەم تیپە نەك هەر لەناو کوردستان لەدەرەوەی کوردستانیش گرنگی پێ ئەدرێ هەر لەمڕۆژانەدا تیپەکەمان بانگهێشت کراوە بۆ بەشدارییکردن لەفیستیڤاڵی دانشگاکان لەتاران، هەروەها بۆ نمایشکردنی شانۆگەری (پاسەوان) کە لەنووسینی هونەرمەند دڵشاد مستەفاو نواندنی ئەحمەد سالارە لەوڵاتی سوید کە بەنیازیشین ئەم ساڵ بەهەمان شانۆگەریی بەشداری فیستیڤاڵی شانۆی ئەزمونگەری بکەین لەقاهیرە، بێگومان بوونی ئەم هەموو چالاکی و بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرە دەگەرێتەوە بۆ مێژووی ئەم تیپەو رابەرەکەی مامۆستا سالارو ئەو ئەندامانەی کە لەدامەزراندن و پێش دامەزراندنی ئەم تیپەیشەوە هاوەڵی کۆششەکانی ئەحمەد سالارو هونەرمەندو هونەری شانۆی کوردی بووە.

# کتێبە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ئا: ئاریان کامل




**بەرگی دووەمی**

**(کوردو باکووری کوردستان)**

لەدوی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە

هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

لەنووسینی: محەمەد رەسوڵ هاوار

*لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، باس لەوردەکاریی رووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەکات، بەتایبەت ئەو رووداوانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بەکوردستانەوە هەیە، لێکۆڵینەوە لەشۆڕشەکانی کورد هۆکاری سەرهەڵدان و تێکشکاندنی ئەو شۆڕشانە پانتاییەکی گەورەی ئەم کتێبەی داگیرکردووە.




**دوایین گەڵا**

نووسینی: ئۆ. هێنری

ئەم کتێبە سێ زمانییەو ئەحمەد قادر سەعید لەفارسییەوە کردوویەتی بەکوردی، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە جیاوازە لەوانەی پێشوو، بێجگە لەوەی کە چەند چیرۆکێکی ناسکی لەخۆگرتووە، هاوکاریی خوێنەری کورد دەکات بۆ فێربوونی هەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی.




## ئەنفال و پارتیزانی

ئــەم کتێبــە لەبیرەوەرییــەکانی (نــوری خێڵــی حەمەیی)ە، باس لەشالاوە بەدناوەکانی (ئەنفال) دەکات بۆسـەر گەلەکـەمان و بیرەوەرییـەکانی خـۆی لـەو رۆژە رەشانەدا دەگێڕێتەوە.




## ئەو وێنانەی لەخۆیان دەدوێن

ئـەم کتێبـە زیـاد لـە (٢٠٠) وێنـەی بلاونـەکراوەی لــەخۆگرتووەو لەلایــەن عەبدولخالــد ســابیر-ەوە کۆکراونەتـەوەو سـاغکراونەتەوە، گرنگیـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە بەشـێکی تـری مێـژووی گەلەکـەمان بەوێنـە دەختـەڕوو، لـەوردەکاریی ژیـانی رابـردووی گەلەکـەمان ئاگادار دەکاتەوە.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی

شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:

www.arankurd.com
www.dengekan.com